# كـورد له سوريـا
# ١٩٢٠- ١٩٤٦

# کورد لە سوریا

# ١٩٢٠ - ١٩٤٦

## لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی، سیاسی، رۆشنبیرییە

نووسینی

عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کورد لە سوریا ١٩٢٠-١٩٤٦**

**لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی، سیاسی، رۆشنبیرییە**

- **نووسینی: عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل**
- **بابەت:** مێژوو، سیاسەت
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** رێدار جعفر – هۆزان اسماعیل
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **ژمارەی سپاردن:** ٩١٤
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠٠٩
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٤٠٠)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




## ناوەرۆك


پێشەکی ........ ٧

سەرەتا و رێخۆشکردن ........ ١٤

**بەشی یەکەم:** جوگرافیای کوردستانی سوریا و شوێنگەی کورد لە ........ ٣١

**تەوەری یەکەم:** کوردستانی رۆژئاوا و بوونی کورد لەسوریا ........ ٣٣

**تەوەری دووەم:** شار و شوێنە کوردییەکان لە سوریا ........ ٤٥

**تەوەری سێیەم:** هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان لە سوریا ........ ٥٤

**بەشی دووەم:**

مێژووی کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠) ........ ٧١

**تەوەری یەکەم:** کورد لە سوریا لەسەرەتای مێژوو تا ١٩٢٠ ........ ٧٣

**تەوەری دووەم:** کورد لە سوریا لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٥ ........ ٨٣

**تەوەری سێیەم:** کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٠) ........ ٩٤

**بەشی سێیەم:**

مێژووی کورد لەسوریا لەساڵانی (١٩٣١- ١٩٤٦) ........ ١٠٥

**تەوەری یەکەم:** کورد لەسوریا لە ١٩٣١ تاوەکو پەیماننامەی؟ ........ ١٠٧

**تەوەری دووەم:** کورد لە ١٩٣٧-١٩٣٩ ........ ١١٥

**تەوەری سێیەم:** کورد لە ١٩٣٩- ١٩٤٦ ........ ١٢٢

**بەشی چوارەم:**

**لایەنی رۆشنبیری کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٤٦)** ......... ١٣١
**تەوەری یەکەم:** بزووتنەوەیی رۆشنبیریی کوردی لە ساڵانی ................ ١٣٣
**تەوەری دووەم:** بزاڤی رۆشنبیریی کوردی سوریا (١٩٣٢-١٩٤٦) .......... ١٣٨
**تەوەری سێیەم:** سەردەستەی نووسەران و وێژەوانانی بووژانەوەی ........... ١٤٨

**ئـەنـجـــام** ............................................................ ١٦٢
لیستی سەرچاوەکان ................................................... ١٦٥

# پێشەکی

کوردستانی ڕۆژئاوا پارچەیەکی بچووکی خاکی کوردستانی گەورەیە و خراوەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سووریای عەرەبییەوە، وەکو هەموو پارچە دابەشکراوەکانی تری کوردستان خراوەتە ژێر دەستی دەوڵەتێکی بێگانە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، تاوەکو ئێستاش مافی خۆی لە لێکۆڵینەوە مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و هتد وەرنەگرتووە، ئەوەشی لە سەری نووسراوە، لە وتارێك یالێکۆڵینەوەیەك یاخود نامیلکەیەکی بچووك تێپەڕی نەکردووە، کە ئەمەش تینوویێتی خوێنەر تێرناکات هەر وەك لە لایەن نووسەر و مێژوونووس و جوگرافیازانانی کوردیش گرنگی تەواوی پێنەدراوە، بۆیە ئێمە لێرەدا وامان بەباش زانی باسەکەمان لەبارەی ئەم بەشەی کوردستانەوە، مێژووەکە یان پچرپچڕ و هەندێ کات نادیارە، ئەویش لەبەرنەبوونی زانیاری تەواو لەم بارەیەوە، هەروەکو ڕووداو و کارەساتەکانی کە بەسەر ئەم پارچەیەشدا هاتووە. زۆر جیاواز نییە لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، ئەویش بەهەمان شێوە تووشی چەوسانەوە و لە ناو بردن و ڕاگوێزان و زوڵم و زۆری و هتد... هاتووە.

بیر کردنەوە لەم بابەتە (کورد لە سووریا ١٩٢٠ ــ ١٩٤٦) دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا* کاتێ کە باسێکی بچکۆڵەی «١٥» لاپەڕەییم نووسی بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام دواتر پشت گوێم خست، بەهیوای ئەوەی گەر بۆم لوا لە دواڕۆژدا زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەربکەم و فراوانتری بکەم، ئەم بیرەم لامایەوە تاوەکو ئەم دەرفەتە هاتەپێش، بۆیە بێ دوودڵی بیرەکەم خستە قۆناغی پراکتیکی، ما هەوڵدەم بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیاری لەم بارەیەوە، ئەوەبوو لەم ماوەیەدا توانیم ژمارەیەکی باش لەسەرچاوە کۆکەمەوە، بەڵام کە سەیرم کرد بڕێکیان دووبارەن

* پێش نووسینی پێشەکی ئەم باسە.



و هەندێکیان بۆشایی مێژوویی گەورەیان تێدایە، دوای پرسیار و گەڕان لەم کێشەیە، کەچی دیارکەوت شتێکی ئاساییە، ئەمجا لە کۆتاییدا دەستم بە نووسینی ئەم باسە کرد.

سەبارەت بەم ناوەی ئێمە هەڵمان بژارد بۆ ئەم باسە کە «کورد لە سووریا»یە، ئەوا مامۆستا «ئازاد مستەفا» باس لەمە دەکات کە بەکارهێنانی دەستەواژەی «کوردی سووریا» یا «گەلی کورد لە سووریا» ئەوا نکۆڵی کردنە لە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستان[1]. بەڵام ئێمە لەم ناونیشانەدا بەهیچ شێوەیێ ئەم مەبەستەمان نییە. بەڵکو بەڕای ئێمە و بۆ ئەم باسەی ئێمە، ئەم دەستەواژەیە گونجاوترە لەهەر دەستەواژەیەکی تری وەکو «کوردستانی سووریا» یا «بەشە کوردستانی سووریا» یا «کوردستانی ڕۆژئاوا» و ... هتد. چونکە ئێمە لێرەدا هەوڵمانداوە مێژوو و جوگرافیا و لایەنی ڕۆشنبیری- بەپێی توانا هەموو کوردانی سووریا تۆماربکەین، نەوەك کوردستانەکەی بە تەنها، و لێکۆڵینەوەکەمان گشتگیرە بۆ هەر کوردێکیش کە ڕۆڵی لە مێژووی وڵاتەکەش — سووریا — بووبێ، چونکە کورد لەم وڵاتەدا لەچەندین شوێنی دەرەوەی خاکی کوردستانەکەشدا هەیە، هەر بۆیەش ئەم ناونیشانەمان بە لەبارتر و باشترزانی بۆ ئەم باسەمان.

ئەم باسەی ئێمە پێکهاتووە لە پێشەکی و سەرەتا — تمهید- و چواربەش و دەرئەنجام. سەرەتاکەی ئەم باسەمان بریتییە لە کورتە باسێکی جوگرافی و مێژوویی گشت چاخ و سەردەمەکانی وڵاتی سووری و دەسەڵاتی سیاسی خاکی سووریا هەروەکو زاراوەی — سووریاش- لێکدانەوە و شی کردنەوەیەکی کورتی بۆکراوە.

**بەشی یەکەمی:**

ئەم باسە، بۆ لایەنی جوگرافی کوردستانی ڕۆژئاوا و شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی کورد تەرخانکراوە، لە سێ تەوەرەش پێکهاتووە،

(1) بڕوانە: کورد و دوژمنەکانی، گۆڤاری «پەیڤی نوێ»، ژ «٢»، خولی دووەم، لەندەن، بەهاری ١٩٩٢، ل ١٠٣.

**تەوەرەی یەکەم:** باس لە سنوور و رووبەری ئەم بەشەی کوردستان و ژمارەی دانیشتوان و...هتد کراوە.

**تەوەرەی دووەم:** بریتییە لە باسێکی کورت و پوختی شارە کوردییەکان و ئەو شوێنانەش کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە. لە **تەوەرەی سێیەمیشدا** باس لە هۆز و عەشیرەت و یەکێتییە عەشیرەتگەرییەکان لەم بەشەی کوردستان و شوێنەکانی تری سووریا کراوە، هەر وەکو باس لە دروزەکان و پەیوەندییان بە کورد، و بەشە عەشیرەت و هۆزەکانی گەڕەکی «حی الاكرد» لە دیمەشق و بنەماڵە ناسراوەکانی ئەم گەڕەکەش کراوە.

**بەشی دووەم:**

باس لە مێژووی کورد دەکات لە سالآنی (١٩٢٠- ١٩٣٠)، و لەسێ تەوەرەش پێکهاتووە کە:

**تەوەرەی یەکەم:** باس لە مێژووی ناوچەکە- کوردستانی رۆژئاوا- دەکات لە هەمووچاخ و سەردەمەکان (کۆن و ناوەڕاست و نوێ) تاوەکو (١٩٢٠) زۆر بەکورتی، **تەوەری دووەم:** بریتییە لەمێژووی کورد لەسالآنی ١٩٢٠ تاوەکو دامەزراندنی کومەڵەی خۆیبوون، تیایدا رۆڵی کورد لە بەرگری کردن لە وڵاتەکە باسدەکا، دواتر شەڕی پیاندوری «١٩٢٣»، و بەشداری کردنی کوردی ئەم بەشە لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە (١٩٢٥)، و رۆڵی کورد لە شۆڕشی گەورەی سووری (١٩٢٥-١٩٢٧) باس کراوە. تەوەری سێیەمیش بریتییە لە باسکردنی کۆمەڵەی خۆیبوون (١٩٢٧)، و رۆڵی کوردی ئەم بەشە لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، و دواتر باس لە شۆڕشی ئاگری داغ کراوە و رۆڵی کوردانی ئەم بەشە لەم شۆڕشەدا خراوەتە روو **بەشی سێیەم:** مێژووی ئەم بەشەی سالآنی. «١٩٣١- ١٩٤٦» بەخۆ دەگرێتەوە، کە کراوەتە سێ تەوەرە، **تەوەرەی یەکەم:** باس لەمێژووی کوردی ناوچەکە دەکات لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئاگری لە کورستانی باکوور تاوەکو مۆرکردنی پەیماننامەی (سووری- تورکی). هەروەك باسی دامەزراندنی (جڤاتا ئالیکار یا بلنگازێن کورد) و



کورد و دەوڵەتی سووری و کۆچکردنی کوردی باکوور لە دوای شکانی راپەڕینی ساسۆنی (١٩٣٥) دەکات بۆ ئەم شوێنە. **تەوەری دووەم:** ماوەی نێوان سالآنی «١٩٣٧- ١٩٣٩» بە خۆ دەگرێتەوە، کە پەیوەندی کوردی ئەم بەشە بە شۆڕشی دەرسیم و شۆڕشی جەزیرەی «١٩٣٧» و کارەساتی «طوشي عامودى» دەکات.

**تەوەری سێیەم:** باس لە مێژووی کوردی ئەم بەشەیە لە سالآنی (١٩٤٠- ١٩٤٦) کە تیایدا باس لە پێکهێنانی یانەی کوردستان و بزووتنەوەی موریدین و رۆڵی کورد لە دەرکردنی فەڕەنسییەکان لە سووریا کراوە.

**بەشی چوارەم:**

بریتییە لە پێشاندان و دەرخستنی لایەنی رۆشنبیری کوردی ئەم پارچە و سووریا، هەر لە سالآنی «١٩٢٠» - بەڵکو پێشوو تریش- تاوەکو «١٩٤٦» کە کراوەتە سێ تەوەرە بەم شێوەیە:

**تەوەرەی یەکەم:** لە (١٩٢٠) و پێشووتر تا (١٩٣٢) کە دەرکردنی گۆڤاری «هاوار»ە لەلایەن میرجەلادەت بەدرخان و هەروەك لەم تەوەرە باس لە دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی کوردی لە حەلەب کە (چاپخانەی کوردستان)ە باسکراوە، دواتر هەوڵ و کۆششی رۆشنبیرانی ئەم بەشە بۆ زیاتر پێگەیاندنی نەوەی رووناکبیر و خوێندەوار، و چالاکی خۆیبوونیش باسی لێ کراوە، هەروا گەڵاڵە نامەی «١٩٢٨»یش باسدەکرێت. لەگەڵ هێنانەکایەی ئەلف و بێی لاتینی.

**تەوەرەی دووەم:** باس لە کاریگەری گۆڤاری «هاوار» دەکات لە بووژانەوەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی، هەروەکو زۆر یانە و کۆمەڵەی رۆشنبیری باسدەکرێ، ئەمجا دواتر رۆڵی گۆڤاری «روناهی»ش لەلایەنی رۆشنبیری باس دەکرێت تا وەستاندنی چالاکی رۆشنبیری کوردی.

**تەوەرەی سێ یەم و کۆتایی:** رۆڵی ئەم کەسە رۆشنبیر و نووسەرانە نەخراوەتە روو، کە بە رای لێکۆلەر رۆڵی هەرە دیار و بەرچاویان بینیووە لەم پارچەیەی کوردستان کە

تیایدا «جەلادت بەدرخان، کامەران بەدرخان، جگەرخوێن، قەدری جان، عوسمان سەبری و ڕەوشەن بەردخان و... هی تر».

دەرئەنجامی ئەم باسەش بەچەند خاڵێك دەستنیشان کراوە.

سەربارەت بە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم باسە ئەوا بەشێوەیەکی زۆر سوودمان لە کتێبەکەی «د. سەعدناجی جواد»، -کەمینەی کورد لە سووریا- «الاقلیة الکردیة في سوریا» کتێبێکی وەرگرتووە کە باش و تاڕادەیەکیش ئەکادیمییانە نووسراوە و سەرچاوەیەکی باشیشە بۆ ناساندنی کوردی سووریا بەم کەسانەی مەبەستیانە بیزانن، کتێبەکەی «آزاد دیرکی»، «المدن الکردیه»- شارە کوردییەکان -کە ئەم نووسەرە خۆی دەرچووی بەشی جوگرافیایە و ئەم کتێبەشی بۆ ناساندنی چەند شارێکی کوردی نووسیووە، کە بۆ ڕوون کردنەوە و دەست نیشان کردنی چەندین شاری کوردی سوودمان لێوەبینی، هەروا هەردوو کتێبەکەی مامۆستا «صلاح بدرالدین» کە «غرب کردستان» — ڕۆژئاوای کوردستان- و «الاکراد شعباً و قضیة» — کورد گەلێك و کێشەیەك کە خۆی یەکێکە لە ڕووناکبیرانی کوردی سووریا و سیاسەتمەدارانی، کە دەمێکی زۆرە تێکەڵ بەژیانی سیاسی ئەم پارچەیە بووە و ئێستا سەرۆکی پارتی هەڤگرتنی کوردی سووریایە، ئەم کتێبانەشی زانیاری باش و بەسوودیان تێدایە، هەروەك سوود لە هەردووکتێبەکەی «منذرالموصلي» وەرگیراوە کە «عرب واکراد رؤیة عربیة للقضیة الکردیة» — عەرەب و کورد سەیرکردنێکی عەرەبییە بۆ کێشەی کورد- و «الحیاة السیاسیة و الحزبیة في کورستان»- ژیانی ڕامیاری و پارتایەتی لە کوردستان- گەرچی نووسەری ئەم کتێبانە بۆچوونێکی ڕەگەز پەرستانەی عەرەبی هەیە، لە زۆر شوێنیشدا خوێنەر بەرەو هەڵدێر و خراپ حاڵی کردن دەبا، بەڵام هەندێ شتی واشی تیایە کە کەم سەرچاوە خۆی لێداوە، وەك ڕوون کردنەوەی هۆز و ژیانی کوردانی سووریا هەرچەند نکۆڵی لە بەشێکی کوردستانیش دەکات لەم شوێنە، هەروا کتێبی دووەمیش زۆر بەئاگاداری و لێکدانەوە سوودمان لێ وەرگرتووە، کتێبێکی تریش کە سوودی باشمان لێ بینیوە هی «نورالدین زازا»یە کە «حیاتي الکوردیة او صرخة الشعب الکوردي» — ژیانی کوردیم یا هاواری گەلی کورد کە



خاوەنەکەی هاوچەرخی ڕووداو و کارەساتەکانی گەلی کوردی ئەم بەشە بووە، و بریتییە لە باسکردنی ژیانی خۆی و مێژووی ئەم سەردەمەی کورد بە تایبەت لەم بەشەی ڕۆژئاوادا کە سەرچاوەیەکی هەرە بەسوود بوو. هەروا کتێبەکەی «د. ادیب معوض» «الاکراد فی لبنان و سوریا» — کورد لە لوبنان و سووریا کە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارە، بە شێوەیەکی باش و کاتێکی باشیش باسی دەکات کە سەردەمی چلەکانی سەدەی بیست دەکات. کە زۆر گۆڕانکاری بەسەر کورد هات ئەم سەردەم نەهاتبوو هەروەها کتێبەکەی «ادیب فرحان — تاریخ سوریا و لبنان مطول» کە سەرچاوەیەکە بۆ پرۆگرامی خوێندن دانراوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروا چەندین سەرچاوەی تر، هەروەها نزیکە «٣٠» ژمارەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە نهێنییەکانی پارتە کوردییەکانی سووریامان بەکارهێناوە کە سوودمەند بووە بۆ ئەم باسەی ئێمە هەروا چەندین سەرچاوەی تر کە لە پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکراوە.

لەکاتی گەڕان و بەدواداچوونی سەرچاوە و زانیاری بۆ ئەم باسە کۆسپ گەلێ ڕێیان پێ گرتین و هاتنە پێش، کە هەندێکیانمان بری و هەندێکیش نەمانتوانی بەسەریاندا زاڵبین ، لەسەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە سەرچاوە لەبارەی ئەم باسەی ئێمە و ئەم پارچەیەی هەڵمان بژاردووە لە چاو پارچەکانی تری کوردستان زۆر کەمتر و نادیار تریشە، هەربۆیەش مامۆستایەکی مێژوونووس و ناوداری کوردی سووریا و دانەری چەندین توێژینەوە لەسەر مێژووی کورد و کوردستان کە «عیصمەت شەریف وانلی» یە دەڵێ: «گفتوگۆ کردن لە بارەی کوردی سووریا و لوبنان زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ کوردی عیراق و تورکیا و ئێران»[2] کەچی تادوا کاتیش ئێمە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە کۆڵمان نەدا و لەکوێ زانیبێتمان سەرچاوە هەبووبێ بۆی چووین و هەوڵمان بۆی داوە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا چەندین سەرچاوەی پەیوەنداری ڕاستەوخۆ بەم باسەی ئێمەوە بەردەست نەکەوت، کە لە هەندێکیان بەهۆی سەرچاوەی ترەوە قەرەبوومان کردەوە و ناڕاستەوخۆ بەکارمان هێنا،

(2) الاکراد في سوریاو لبنان، مجلة «دراسات کردیة»، العدد ٤ «٨»، السنة التاسعة، پاریس، ١٩٩٣.

بەڵام هەندێکیانمان هەردەست نەکەوت، هەروەکو چەندین کەس دوای چەندین جار داوا و هەوڵدان هەر یارمەتییان نەداین، بەڵام بەپێچەوانەوەش هەندێکیان زۆر بە دڵ فراوانی یارمەتییان داین.

هەروا زۆر سەرچاوەمان نەبینی کە بە فەرەنسی نووسراون چونکە پەیوەندی بەمانەوە هەیە جگە لەبێ دەسەڵاتی ئێمە بۆ ئەم زمانە کەچی سەرچاوەکانیش هەر دەست ناکەون. دیسان چەندین سەرچاوەشمان هەردەست نەکەوت. جالێرەشدا ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیەکە پێویستە سوپاسێکی بێ پایانی هاورێ و مامۆستایانی بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بکەم.

کە چەندین رێنوێنی و چاککارییان لەم لێکۆڵینەوەیەدا پیشاندام. هەروەك زۆر جاریش بۆ پەیداکردنی سەرچاوەکان ماندوو بوونیشیان دەچەشت، هەروەها نابێ رۆڵی کتێبخانەکانی "ئاداب و مەڵبەندی و بەتایبەتیش گشتی" لەبیربکەم بۆ بەردەست خستنی سەرچاوەکان لەکاتی نووسینی ئەم باسەمدا، هەروا دەبێ سوپاسی هاورێم کاك «بەشدار یونس» بکەم کە بۆ بەردەست خستنی رۆژنامەکانی پارتە کوردییەکانی سووریا یارمەتی دام و لەگەڵم دا ماندوو بوو، و دەبێ سوپاسی برایان (کانبی محمد سلطە و أیاد أحمد) بکەم بۆ یارمەتی دانیان لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکان هەروا سوپاسێکی بێ پایانی هاورێی خۆشەویستم مامۆستا (سەروەر جەبار) بکەم، کەوا دوای پرێنت کردنی رەشنووسەکەش هەڵەکانی بۆ راستکردمەوە و بە سەری دا چۆوە. لەکۆتاییشدا سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم گەر بە تاکە وشەیەکیش بووبێ یارمەتییان داوم و رێنوێنییان کردووم، ئیتر بە هیوای خوای پەروەردگار و یارمەتیدەر سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم، و هیواداریشم لەم کارەمدا سەرکەوتوو بووبم.

عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل
هەولێر
شەوی هەینی ١٣/ ٤/ ٢٠٠١



# سەرەتا و رێخۆشکردن

## جوگرافیا و مێژووی سوریا:

چەمکی سوریا بەپێی قۆناغە مێژووییە یەك لەدوای یەکەکان جیاواز بووە[3]، پێش داگیر کردنی وڵاتەکە لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ساڵی ١٥١٦ لە شەڕی «مەرج دابق» و دەرکردنی مەمالیکە چەرکەسیەکان، ئەوە بریتی بوو لەسوریا و لوبنان و فەڵەستین و ئەردەن.[4] سووریا تاوەکو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی جیانەکراوەی ئەو دەوڵەتە بووە، گەرچی چەندین جاریش تووشی هێرشی بێگانە بووە، وەك هێرشی ناپلیۆن «١٧٩٩ز» و هی میسرییەکان لە «١٨٣٠ز» دا[5].

سوریا لەم کاتەی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوو دابەشکرابوو بۆ سێ ئێلیات- ویلایەت- ی گەورە کە دیمەشق و حەلەب و بەیروت بوون و لەلایەن والیە عوسمانییەکانەوە بەڕێوە دەبران، و دواتر سێ ناوچەی موتەسەریفییەش بە پایتەخت - دیمەشق — راستەوخۆ بەسترانەوە، کە موتەسەریفییەتەکانی (قودس، و دیرالزور، چیای لوبنان) بوون[6].

(3) كريم طلال مسير الركابي، العراق و الاحداث السياسية في سورية ١٩٣٩ — ١٩٤٦، رسالة ماجستير غيرمنشورة مقدمة الي جامعة بغداد، ١٩٨٨، ص ٨.

(4) عارف محمد خلف البياتي، السياسة الخارجية السورية حيال الوطن العربي للفترة ١٩٧٠- ١٩٨٨، رسالة ماجستير غيرمنشورة مقدمة الى معهد الدراسات القومية والاشتراكية، جامعة الموصل، ١٩٨٨، الهامش، ص ١٦.

(5) محمود طلوعي، فرهنگ جامع سیاسی، چاپ دوم، تهران، ١٤٧٧، ص٥٦٨.

(6) محمد رشيد عبودالراوی، التطورات السياسية في سوريا (١٩٤٩ — ١٩٥٤)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة إلى جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص ٨.

هیچ کاتێکیش سووریا هەر لە (١٥١٦- ١٩١٨) دا قەوارەیەکی یەکگرتووی لێ پێکنەهاتووە[7].

لەبارەی وشەی سووریاوە چەند رایەك هەیە، کە بریتین لە:

**یەکەم:** لەبەر بوونی سریانییەکان (ئاشوورییەکان) لەم شوێنە، و خاوەندارییەتیان بۆ ئەم خاکە ئەم ناوەی پێ وتراوە.

**دووەم:** بەهۆی گرتنە خۆی شاری «صور»ەوە، کە بەگەورەترین شار دادەنرا، و لە کۆندا بە «صوری» ناوەدەبرا، و دواتر بۆتە سووریا.

هەروا ئەم خاکە بەناوی «شام» ناوبراوە، ئەویش کاتێ عەرەبە موسڵمانەکان دەستیان بەسەر خاکەکەدا گرت، پێیان گوت «برالشأم، اوالشآم، اوالشاَم» ئەویش لەبەر یەکێ لەم هۆیانە:

یا لەبەر ئەوەی کەوتۆتە باکووری «مەککەی پیرۆز» چونکە هەردوو وشەی «الشأم، و الشام» واتەی رۆیشتن بەرەو سەروو دەگەیەنێت.

یان بەهۆی «سام کوڕی نوح»ەوەیە- علیە السلام-، چونکە ناوەکەی بە زمانی سریانی و عیبرانی «شام»ە.

یاخود لەبەر بوونی پەڵەی سپی و سوور و رەش کەوا بە -الشامات- دەچێ، کۆی وشەی «شامة» ش «شام یاشامات»ە[8] سووریا ناوی پارچە زەوییەکی پیرۆزە، دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە لە سەر لێواری دەریای ناوەڕاست ، نووسەر و لێکۆڵەران رای جیا جیایان لەبارەی دیاریکردنی سنوورەکەیەوە هەیە. بەڵام بەشی هەرە زۆریان لەسەر ئەوەن کەوا دەکەوێتە نێوان پلەی سی و یەك و سی و نۆی پانی، درێژی لە عەقەبەوە بۆ چیای تۆرۆس «٨٨٠کم»ە، بەڵام درێژییە کەنارییەکەی لە رەفح تاوەکو کەنداوی ئەسکەندەر

(7) فلاديمير لوتسكي، الحرب الوطنية التحررية السورية ١٩٢٥ — ١٩٢٧، ترجمة: د. محمد دياب، راجمه و قدم له: د. مسعود ضاهر، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢٤.

(8) اديب فرحات، سوريا و لبنان (مطول)، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٢٩، ص ٧٨.



رۆنە لە «٦٨٠کم» تێپەڕ ناکات، بەڵام پانی لەنێوان «٢٠٩ و ٢٧٠ کم» دایە، بەمەش رووبەرەکەی نزیکەی «١٨٤ هەزار کم٢» یە[9].

دەوروبەری خاکی سووریا لە رۆژئاوا دەریای ناوەڕاست و لە باشوور حیجازە بەهێڵێ کە لە گوندی رەفح کە دەکەوێتە خوارووی غەززەوە بۆ نزیك عەقەبە لەمیسر، لە باکووریشیەوە چیای تۆرۆسە کە لە ئەنادۆڵ جیای دەکاتەوە، ئەم سنوورەش هێڵێکە لە رووباری جەیحون کە دەکەوێتە باکووری کەنداوی ئەسکەندەرۆنە هەتا دەگاتە رووباری فورات لە رۆژهەڵات و بادیەی شام. و بەرزایی گردەکانی نزیکەی «٦٠٠م» لە رووی دەریاوە بەرزترە. و لە باشووری دیرەزور تا بادیەی حیجاز لە باشوور و لە لای باشووری رۆژهەڵاتیشیەوە زەوی مووسڵ و عیراقە[10]، ئەم خاکە دەگرێتەوە کە لە بیستەکانی سەدەی بیست دا دیار خرابوو، و ئێستاش کۆماری سووریایە، لە بارەی وڵاتە هاوسێکانی سووریا ئەوە لەلای رۆژهەڵاتی عیراق، و لە رۆژئاوای لوبنان و دەریای سپی ناوەڕاست -، و لە باکوورییەوە تورکیا، و لە خوارووشی ئەردەن و فەلەستینە[11]، ئەم سروشتی هەڵکەوتنی سووریای وەکو «پردێکی زەمین»ی لێ کردووە، کە هەرسێ کیشوەر* بەیەکەوە دەبەستێتەوە، و کردوویە بە رێرەوێکی گرنگ بۆ بازرگانی لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بەشداریشی لە دامەزراندنی شارستانی و ژیاری کردووە کە رۆڵی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دا هەبووە[12].

(9) نفس المصدر السابق، ص٧٨.

(10) نفس المصدر السابق، ص١.

(11) انطوان مراد، سوريا- من سلسلة قصة و تاريخ الحضارات العربية بين الامس واليوم-، بيروت، ١٩٩٩. ص٥.

* مەبەست لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەورووپایە.

(12) عارف محمد خلف البياتي. المصدر السابق، ص٩.

له رووی جوگرافیای سروشتییەوە، دەتوانرێ «سووریا» بۆ چوار ناوچە دابەش بکرێت:

**١- ناوچەی کەناری:**

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێو چیابەرزەکان کە بەتەریبی لە باکووری ولآت بۆ باشووری دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە.[13]

**٢- ناوچەی چیایی:**

لەباکووری سووریا چیاکانی تورکیایە، لە باکووری رۆژئاوا چیای نوسەیرییەیە- عەلەوی- ە، کە بە تەریبی دەریای ناوەڕاست بەرەوپێش دەڕوات و بە چیاکانی لوبنان دەگاتەوە، لە باکووری رۆژهەلآت چیای «ئەززاویە»یە، و لە باشووریش چیای ئەنتی لوبنان و کێوی هەرموونە. چیای دروزە کە شوێنی جێ نشین بوونی دورزییەکانە و کەوتۆتە باشووری رۆژهەلآت[14]

**٣- ناوچەی بیابان — بادیە-:**

ئەمەش دەشتە بیانییەکان دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەلآتی ولآت بەلای سنووری عیراق و ئەردەن[15] .

**٤- ناوچەی ناوەوە یا ناوچەی دەشتایی:-**

ئەم ناوچەیە دەشتەکانی ناوچەی دیمەشق و حەمس و حەما و حەلەب و جەزیرە و دەرعا دەگرێتەوە، و دەکەوێتە رۆژهەلآتی ناوچەی چیایی[16].

---

(13) دکتر ناصرصبح خیز — زهرافرد، سوریه، چاپ اول، تهران، ١٣٦٣، ص ١٤.

(14) همان مأخذ پیشین، ص ١٤.

(15) حسن الفكهانى، موسوعة المعارف الحديثة للدول العربية. الجزء الثالث، - قسم سوريا-، الدار العربية للموسوعات، (لا س. م)، ص ١٢.

(16) نفس المصدر السابق، ص ١٢.



سووریا ولآتێکی کشتوکاڵییە، هەندێ ناوچەی کشتوکاڵیشی دێمییە کەپشت بە ئاوی باران دەبەستێت. و هەندێ ناوچەشی پشت بە ئاودان دەبەستێ، گرنگترین بەرهەمەکانی گەنم و جۆ و نیسك و لۆکەیە. هەروا لە هەندێ ناوچەشی بێستانی درەختی میوەدار هەیە، و هەندێ پیشەسازی سووکیش لە ولآت هەستی پێ دەکرێت، بازرگانی گونجاویش لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکا و بارودۆخی ئابووریشی ئاساییە[17].

سووریا پێش سەربەخۆیی پێکهاتبوو لە نۆ پارێزگا* کە بریتی بوون لە جەزیرە کە مەڵبەندەکەی «حەسەکە» بوو، حەمس، حەما، لازقیە، دیمەشق، حۆران. حەلەب، درێرەززور، و سوەیدا[18]، خەڵکی سووریا لە سەرەتایی سەدەی بیستەم لەبارەی رەگەزەوە لە چەندین سەدەی پێشووش جیاواز نەبوون کە پێکهاتبوون لە «عەرەب» کە زۆرترینیانە و بەدووەکانیش دەگرێتەوە، «کورد» لە رووی ژمارەوە لە دوای «عەرەب»ەوە دێن، ئەرمەن کە دەکرێنە دووبەش، ئەرمەنە کۆنەکان یاپێشینەکان کە نزیکەی بە عەرەب کراون، کۆچەرە نوێیەکان کەوا دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتوون و پارێزگارییان لە رەگەز و زمانەکەی خۆیان کردووە، هەروا تورکمان، و ئاشوورییەکانیش[19].

---

(17) هادى رشيد الجاوشلى، دول العالم، بغداد، ١٩٨٦، ص ص ٢٦١ — ٢٦٢.

* ئێستا ژمارەی پارێزگاکانی سووریا «١٤» پارێزگایە. بڕوانە: عطية دخيل عباس الطائي، العراق و مشاريع الوحدة العربية من (١٩٣٢ — ١٩٥٤)، رسالة ماجستير غير منشورةمقدمة الى المعهد العالي للدراسات القومية والاشتراكية بالجامعة المستنصرية، ١٩٨٣، - الهامش -، ص ١٦.

(18) نفس المصدر السابق، ص١٦؛ هادي رشيد الجاوشلى، المصدر السابق، ص٢٦١.

(19) The new Encyclopaedia Britannica, Volum "28", fifteen Edition, printed in U.S.A., 1986, p. 337.

سووریا لە رووی ئاو و هەواوە کەوتۆتە سنووری ناوچەیەکی مام ناوەندی، بەڵام ئاو و هەوای ناوەوەی وڵات وشکە، بەپێچەوانەوە ناوچە کەنارییەکان ئاو و هەوایان شێدارە[20] هەروا بەشێوەیەکی گشتی زستانی گونجاو و هاوینیشی گەرمە.[21]

رووباری فورات کە لە تورکیا هەڵدەقولێت بە باکووری رۆژهەڵاتی سووریادا بەناو دۆڵێکی بەپیت و بەرەکەتدا رەت دەبێت[22] سووریا لە مێژووی درێژی خۆیدا زۆربەی کات لە ژێردەستی دەوڵەتانی بێگانە بووە[23]. لەبارەی مێژووی کۆنی ئەم وڵاتەوە، ئەوا لە سەدەکانی نێوان (١٩ — ١٦پ. ز) بەشێ بووە لە ئیمپراتۆرییەتی حیثییەکان*، ئەگەر چیش لەم ماوەیەدا، ماوەیەك لەلایەن میسرییە کۆنەکانەوە حوکمی کراوە[24] شارستانییەتی فینقییەکان لەم وڵاتە لە دوای ساڵانی «١٢٥٠ . پ.ز» بووە کە لە ژمارەیەك لە شارە بازرگانییە کەنارییەکانی دەریای ناوەڕاست لە گەشەداری دابووە.[25]دواتر سووریا کەوتۆتە بەر شاڵاوی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکانی ئەو سەردەمەی وەکو ئاشووری، بابلی، میسری، فارسەکان و بۆتە بەشێك لەم ئیمپراتۆرییەتانە.[26]

---

(20) دکتر ناصر صبح خیز — زهرا فرد، مأخذ پیشین، ص ١٥.

(21) بابك حقایق و بابك ریاحی پور، دایره المعارف بزرگ، چاپ نخست، تهران، ١٣٧٧، ص ٩٩١.

(22) عبدالوهاب الکیالی و کامل زهیري وآخرون، الموسوعة السیاسیة، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٤، ص ٩.

(23) محمد شفیق غربال، الموسوعه العربیه المیسره، بیروت. ١٩٨٠، ص ١٢٠٠.

* حیثییەکان لەگەلانی ئاسیای بچووکی کۆنن، پایتەختەکەیان «حتتوزا» بووە، شارستانییەتیان لە هەزارەی دووەم گەشاوەتەوە، و لە سەدەی (١٣ پ. ز) ئیمپراتۆرییەتیان دروستکردووە؛ بڕوانە: المنجد في اللغة والاعلام، بیروت، ١٩٨٠، ص ٢٢٩.

(24) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(25) نفس المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(26) محمود طلوعي، مأخذ پیشین، ص ٥٦٨.



لەساڵی (٣٣٢- ٣٣١پ. ز) سووریا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەری گەورە، دوای مردنی ئەسکەندەر و دابەش بوونی ئیمپراتۆرییەتەکەی ئەوا سووریا بەر (سلۆقسی یەکەم) کەوت.[27]

لەساڵی (٦٣ پ. ز) سووریا کەوتە ژێر دەستی رۆمەکان و لە سەدەی چوارەمی زایینیش کاتێ ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی بوو بە دووبەش*، سووریا کەوتە دەست بێزەنتییەکان و بووبە یەکێ لەمەڵبەندە گرنگەکانی ئایینی مەسیحی.[28]

سووریا لە ساڵانی «٦٣٣ — ٦٣٦ ز/ ١٢ — ١٥ ك»دا لەلایەن موسڵمانەکان لە سەردەمی خەلیفەی راشیدی «عومەری کوڕی خەتتاب — رەزای خوای لێ بێ-» فەتح کرا و زۆربەی خەڵکەکەی ئیسلام بوون،[29] دواتر دیمەشق لە ساڵانی (٦٦١ — ٧٥١ز/ ٤٠- ١٣٢ك) مەڵبەند و پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی — ئەمەوی بوو[30]. دوای هاتنی عەباسییەکان و لەناوبردنی دەوڵەتی ئەمەوی پایتەخت گواسترایەوە بۆ عیراق و دیمەشقیش وردە وردە بەرەو لاوازی چوو، لەسەردەمی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢ — ٦٥٦ك) لە پاش ئەوەی دەسەڵات کەوتە دەست تورکەکان ئەوا فەرمانڕەوایانی سووریاش بوونەتە تورك، و میرنشین و ناوچەی مەمالیکی بچووك و سەربەخۆ لەملا و لەولای ئەم خاکەدا دروستبوون. کە گرنگترینیان تۆلۆنییەکان لەمیسر و سووریا (٨٧٨ — ٩٠٥ز) ، و حەمدانییەکان لە حەلەب (٩٤٤- ١٠٠٣ز). و فاتمییەکانیش خوارووی سووریایان حوکم دەکرد[31] .

---

(27) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص١٢٠٠.

* ئەم دووبەشە بریتی بوون لە رۆمی رۆژهەڵاتی (بیزانس — بێزەنتی) و رۆمی رۆژئاوا.

(28) محمدطلوعي مأخذ پیشین. ص ٥٦٨.

(29) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص١٢٠٠.

(30) محمودطلوعي، مأخذ پیشین، ص ٥٦٨.

(31) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

لەکۆتاییەکانی سەدەی یانزەی زایینی خاچ پەرستەکان هاتن و ئەم خاکەیان داگیرکرد و چەند میرنشینێکی دەرەبەگی لە سەر شێوەی ئەورووپییان لە سووریادا دامەزراند. دواتر سەلاحەددینی ئەییوبی توانی لە ساڵی «١١٨٧ز/ ٥٨٣ك»دا لە شەڕی حەتتیندا سەرکەوێت و دواتر دیمەشق رزگار بکات[32]. و دەستی بەسەر زۆربەی شارە کەنارییەکانی فەلەستین و صەیدا و بەیروت داگرت. جگە لە صور نەبێ. دواتر «قودس» یشی رزگار کرد[33]. سووریا هەر لە ژێر دەستی میرە ئەیوبییەکان مایەوە، تەنیا کەنارەکانی سەر دەریای ناوەڕاست لە ژێر دەسەڵاتی خاچ پەرستەکان بووە[34]. پاشان سووریا کەوتە دەست مەمالیکەکان «١٢٦٠ – ١٥١٦ز)ی میسر، لە سەردەمی حاکمەکانی ئەم دەوڵەتە سووریا تووشی داگیرکاری مەغۆل بوو، بەڵام لە شەڕی «عەین جالووت لە ساڵی «١٢٦٠ز – ٦٥٨ك» بەهۆی ئازایی سوڵتان « سیف الدین قطز»* مەغۆل تووشی شکان هاتن، هەر وەکو لە حەمس و لەسەر فوراتیش شکان و لە عیراق کشانەوە، دواتر سوپای تەیمووری لەنگ (١٣٩٩ – ١٤٠٣ز) دەستی بەسەر سووریادا گرت و تالآن و بڕۆی زۆری کرد و دیمەشقی خاپوورکرد و مزگەوت و قوتابخانە و بازاڕی تێکدا[35].

(32) نفس المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(33) نفس المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(34) انطوان مراد، المصدر السابق، ص ٤٦.

* سیف الدین قطز (؟ - ٦٥٩ك) ئەتابەگی سوڵتانی مەمالیك (علی بن المنصور) بووە لە میسر، دوای ئەوەی مەغول لەساڵی (١٢٥٨ز / - صفر – ٦٥٦ك) بەغدایان داگیرکرد و خەلیفەیان کوشت. ئەویش لە «٦٥٧ك» «علي بن المنصور»ی لادا و خۆی بووبە سوڵتان، مەغۆل لە «٦٥٨ك» دا حەلەبیان گرت. و دواتر توانی لە شەڕی «عەین جالووت» لە شام بەسەریان سەرکەوێت و میسر و شام لە مەترسییان رزگار بکا و دیمەشق بگەڕێنێتەوە، دواتر لە راودا لە صالحیە لەهەمان ساڵ «١٢٦٠ز» دا کوژرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. سعید عبدالفتاح عاشور، الایوبیون و الممالیك في مصر و الشام، القاهره، ١٩٧٠، ص ص ٢١٧ – ٢٢٥.

(35) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.



سووریا بۆ ماوەی چوارسەدە هەر لە «١٥١٦ز» دا کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی[36] دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بانگەوازی بیری «عروبة»ی تیا سەری هەڵدا، و رێکخراو و یانەی تیا دروستکرا، و رۆژنامە و گۆڤارەکانیش بۆ راپەرین و وریابوونەوەی خەڵکە کە بە نووسینی نووسەرە پێشەنگە نەتەوە خوازەکان هانی عەرەبیان دەدا بۆ رزگار بوون و دەرچوون لە ژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکان[37] ئەم دەست بەسەرا گرتنە تاوەکو کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمیش هەر بەردەوام بوو، ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی ١٩١٥» دا جەمال پاشا هەتکی بە نیشتمان پەروەرەکان دەکرد- لێرەش بە جەمال خوێن رێژ (السفاح) ناسرا- کە کاروانی یەکەمی سەربەخۆیی لە «١٥ی ئابی ١٩١٥»دا کە پێکهاتبوو لە «١١» کەس لە سێدارە دران و دواتر لە «٦ی ئایاری ١٩١٦» دا کاروانی دووەمی شەهیدان کە پێکهاتبوو لە «٢١» کەس بە دارا کران و تاوانیان کارکردن بوو لە پێناوی سەربەخۆیی سووریا،[38] دواتر شۆڕشی عەرەبی لە ساڵی «١٩١٦» دا سەری هەڵدا و شافەیسەڵیش بە سوپایەکەوە هات و لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان بەشداری کرد بۆ دەرکردنی تورکەکان لە سووریا، ئەوەبوو لە «١٩١٨»دا چووە ناو دیمەشق و سووریای رزگارکرد[39]، دوای ئەوە هەر لە «تشرینی یەکەمی ١٩١٨»دا دوای تێپەڕ بوونی چەند رۆژێك بە چوونە ناو دیمەشقییەوە بە ناوی باوکی «حسەین» ی شەریفی مەککەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی عەربی سووری راگەیاند[40] بەڵام لە پێش ئەمە ئەم ناوچەیە بە نهێنی دابەشکرابوو ئەویش لە ئایاری ١٩١٦دا کە رێککەوتننامەی

(36) بابك حقایق و بابك ریاحي پور، مأخذ پیشین، ص ٩٩٢.

(37) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(38) الدکتور عبدالوهاب الکیالي، تاریخ فلسطین الحدیث، الطبعة الثانیة، بیروت، ١٩٧٣، ص ٩٠.

(39) محمد شفیق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

(40) انطوان مراد، المصدر السابق، ص ٦١.

«سایکس - بیکۆ»ی تیا بەسترابوو لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیادا ئەوە ئەم ناوچەیەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو [41]

لە «٧»ی ئازاری ١٩٢٠ کۆنگرەی سووری لە دیمەشق فەیسەڵی بە مەلیك دانا[42]. هەروەکو سەربەخۆیی سووریای بە سنووورە سروشتییەکەیەوە ڕاگەیاند[43]، لەم کاتەشدا فەڕەنسییەکان ئاگادارکردنەوەیەکیان بۆ حکوومەتی فەیسەڵ نارد و بەدوای ئەویش هێزی سوپاییان ڕەوانەکرد، ئەم سوپایەش لەگەڵ سوپای سووری بەسەرکردایەتی «یوسف العظمة»* لە شەڕی (مەیسەلۆن) بەیەك گەیشتن[44]، دوای ئەم شەڕە جەنەراڵ گۆرۆ لە «٢٤ی تەمموز ١٩٢٠» دا چووە ناو دیمەشق، و ئەمەش کۆتایی هێنان بوو بە حکوومەتی عەرەبی لە سووریا، و دواتر فەڕەنسا دەستی بەسەر

(41) د. ذوقان قرقوط، تطور الحركة الوطنية في سورية (١٩٢٠ — ١٩٣٢)، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٥، -الهامش-، ص٢٠٢.

(42) احمد الشنتاوى و ابراهيم زكي خورشيد و عبدالحميد يونس، دائرة المعارف الاسلامية، (لام. س)، ص ١٠١

(43) محمد شفيق غربال، المصدر السابق، ص ١٢٠٠.

* «يوسف العظمة» (١٨٨٤ — ١٩٢٠) ئەفسەرێکی سوورییە و لە دیمەشق لە دایك بووە، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لەگەڵ سوپای عوسمانیدا بووە و بەشداری شەڕیشی کردووە، دواتر بۆتە وەزیری جەنگ لە حکوومەتەکەی شا فەیسەڵ (١٩١٨ — ١٩٢٠)دا، و لەکاتی هاتنی فەڕەنسییەکان بۆ ناو دیمەشق ئەم پارێزگاری کردووە و پاڵەوانی شەڕی مەیسەلۆن بووە و هەر لەم شەڕەشدا شەهید بووە، و لە مەیسەلۆنیش نێژراوە.

بڕوانە: المنجد في اللغة و الاعلام، المصدر السابق ص ٤٧١. (ئەم سەرکردە شۆڕگێڕ و خۆبەختکەرە بە ڕەگەز کوردبووە، کە بەرپەرچی داگیرکارە فەڕەنسییەکانی داوەتەوە بڕوانە ئەم باسەی ئێمە کورد لە سووریا لە ساڵانی (١٩٢٠ — ١٩٢٥).

(44) كريم طلال ميسر الركابي، المصدر السابق، ص ١١.



گشت ئەم خاکە داگرت کەلە کۆنگرەی «سان ریمۆ»* بۆی دیاری کرابوو، و ماوەی سەرەتای ماندات (انتداب) کردنەکەی بەسەر سووریا دەست پێ دەکات[45].

لە ئابی ١٩٢٠ دا پەیماننامەی سیڤەر سووریای لە دەوڵەتی عوسمانی جیاکردەوە، بۆ ئەوەی «بە شێوەیەکی کاتی ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە مەرجێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری دا ئەنجوومەنێکی ماندات دەسەڵاتدار بێت تاکو کاتێ دێ بتوانێ خۆی حوکمی خۆی بکات»[46].

لەدوای ئەوەی سووریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسییەکان ئەوکاتە جەنەراڵ گۆرۆ هەڵسا بە پارچە پارچەکردنی و دامەزراندنی چەند دەوڵەتۆکەیەکی بچووك لەسەر خاکی سووریا** کە بریتی بوون لە:-

* کۆنگرەی سان ریمۆ لە ٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ بەسترا، ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانەکان لە ڕێگەی کۆمەڵەی گەلان بریاری دا کە بەریتانیامان نەداتی فەلەستین و عیراق بکات، و فەڕەنساش هی سووریا و لوبنان، ئەمەش جێ بەجێ کردنی دابەشکردنەکەی «سایکس — بیکۆ» بوو. بڕوانە: جاسم محمد حسن الحدول وآخرون، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٦، ص ١٤٦.

(45) حسن الفكهانى المحاسي، المصدر السابق، ص ١١.

(46) احمد الشنتاوى وآخرون، المصدر السابق، ص ١٠١ - ١٠٢

** م (جواد ملا) دەنووسێ: لە سەرەتادا پڕۆژەی فەڕەنسی لە سووریا بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەلەوییەکان لە پاڵ دەوڵەتی دەرووز لە خواروو و دەوڵەتێکی کوردی بەدرخان کرد بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی دەوڵەتە کوردییەکە لە ناوچە کوردییەکان لە جەزیرە و کۆپانی و عەفرین، لەم کاتەشدا ڕۆشنبیرانی کورد لە شارە گەورەکانی سووریا بوون بەتایبەتی دیمەشق، میر جەلادەت داوای لە مامۆستایانی کورد کرد کە شوێنی کاری خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچە کوردییەکان لە پێناوی هۆشیارکردنەوە و خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی دام و دەزگاکانی دەوڵەتەکە، لەو مامۆستایانەش کە شوێنی کاریان گواستەوە لە دیمەشق بۆ گوندە کوردییەکان لە جەزیرە، وەکو مامۆستایان (عزەت فلو، ڕاشد جەلعۆ، ئیبراهیم مەلا) بەڵام لە دواییدا دەسەڵاتدارانی فەڕەنسی ئەم نەخشەیەی خۆیان گۆڕی، و هەموو خاکی سووریایان کرد بە تاکە دەوڵەتێك. بڕوانە: جواد ملا،

١- دەوڵەتی لوبنانی گەورە — کۆماری لوبنانی ئەمڕۆ — کە پایتەختەکەی بەیروت بوو[47].

٢- دەوڵەتی حەلەب:-

لە ئەیلوولی ١٩٢٠ دا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەم ناوەوە دروستکرد کە سنوورەکەی ئەم دەوڵەتە نادیار و دیاری نەکراوبوو[48]، بەڵام وەك هەندێ سەرچاوە باسی لێوە دەکات پێکهاتبوو لە بەشی باکووری ئێستا و شاری حەلەب و هەردوو شاری عەینتاب و ئورفە (رەها، ئەدسا)، کە دواتر لە دەستی تورکیا مایەوە، و هەروا ناوچەی ئەسکەندەرۆنەش کە فەرەنسییەکان لە سەردەمی مانداتیان بەسەر سووریا بە تورکیایان بەخشی[49].

٣- دەوڵەتی عەلەوییەکان:-

لە «٢٣ی ئەیلوولی ١٩٢٠ دا لەلایەن مفەوەزی باڵای فەرەنسییەوە بڕیاری دروستبوونی بۆ دەرچوو لە لیوای لازقییە کە لە چەند قەزایەك پێکهاتبوو، لەگەڵ هەردوو قەزای « حصن الاکراد » و «بانیاس».[50]

٤- دەوڵەتی دیمەشق:- کە هەر مفەوەزی باڵا لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ بڕیاری لە سەردا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و حاکمێك فەرمانڕەوایی بکات[51].

٥- دەوڵەتی «چیای دروز — جبل الدروز».

---

کردستان و الکرد وطن مقسم و أمة بلا دولة. تقدیم: د.جمال نبز، طبعة الثانیة، من منشورات المؤتمر الوطني الکردستاني، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٠، ص٧٧.

(47) د. محي الدین السفر جلاني، تاریخ الثورة السوریة, دمشق، ١٩٦١، ص ٥٣.

(48) نفس المصدر السابق، ص ٥٣.

(49) فوبلیکوف و گروه دبیران، تاریخ معاصر کشورهای عربی ١٩١٧ — ١٩٧٠، ترجمه: ح. شهری، چاپ نخست، تهران، ١٣٩٠، ص ٧٥

(50) د. محي الدین السفر جلاني، المصدر السابق، ص ٥٣.

(51) نفس المصدر السابق، ص ٥٣.



دەسەڵاتی فەرەنسی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٢١دا لەسەر زمانی جەنەڕاڵ گۆرۆ حکوومەتێکی نوێی لە ژێرفەرمانڕەوایی میر «سلیم الاطرش» لە دوا ئەنجامدانی پێکهاتن لەگەڵ گەلی دروزی، لە دوای هاتنی کۆنگرەی دروزییەکان کەلە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ لە (سوەیدا) بەستیان[52]، و دواتر «سوەیدا» بوو بە پایتەختی ئەم دەوڵەتە تازە دروست بووە[53] هەروا لیوای ئەسکەندەرۆنەش بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆیی جیاوازی درایێ کە بەڕێوەی ببات*[54]. هەر لەم کاتە و لە پێش تریشدا سوورییەکان دەستیان بە راپەڕین و نارەزایی دەربڕین کرد. بە تایبەتی لە بەشی باکووری رۆژهەڵات و بەسەرکردایەتی «ئیبراهیم هەنانۆ»** و بەتایبەتی لە «جبل الاکراد»[55] لەم ماوەیەشدا فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی زۆر دیکتاتۆرییانە

---

(52) نفس المصدر السابق، ص ص ٥٣ - ٥٤

(53) جاسم محمد حسن العدول وآخرون، المصدر السابق، ص ١٥٠.

(54) د. محمد عبدالرحمن برج، دراسة في التاریخ الحدیث و المعاصر، القاهرة، ١٩٧٤، ص ٣١٨.

* گەر بەشێوەی رەگەزی و مەزهەبی حیسابی بۆ بکەین، ئەوا لەم سەردەمەدا کوردیش بەهەمان شێوە کەمایەتی نەتەوەیی پێکدەهێنا، وێڕای ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندێتی سنووری و ناسینی نەتەوایەتی، کەچی هیچ جۆرە قەوارەیەکی «status» بۆ دیارنەکرا. ئایا لەم سەردەمەدا کورد ئامادە نەبوو دەوڵەتێك وەکو ئەمانە بۆخۆی دروستبکات؟! بڕوانە: رێناس، کورد لە سووریا، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: خانی شەرەفکەندی، گۆڤاری «هیوا»، ژ «٧»، پاریس، ١٩٩٠، ل ١٢٧. لە راستیدا ئەمە سیاسەتی چەوساندنەوە و رەگەز پەرستی حکوومەتی فەرەنسی دەردەخا. هەروەکو لکاندنی ئەم بەشەی کوردستانیش بە سووریا ئەوا تەنها بۆ فراوانکردنی شوێنگەی مانداتی خۆی و بەرژەوەندی خۆی بووە.

** ئیبراهیم هەنانۆ (١٨٦٩ — ١٩٣٥):- لە حارم لەدایك بووە و لە حەلەب کۆچی دوایی کردووە، سەرۆکایەتی شۆڕشی سووریای لە دوای مەیسەلۆن کردووە، و سەرۆکی گلۆدی (کتلە) نیشتیمانی بوو، و هەموو سووریا بە پێشەوایەتییەکەی رازی بوون. بڕوانە: المنجد في اللغة والاعلام، ص ٧٣٠.

(55) فلادیمیرلوتسکی، المصدر السابق، ص ١٤٠-١٤١.

فەرمانڕەوایی وڵاتیان دەکرد و بەهۆی سەربازییەوەش لەلایەن مفەوەزەباڵاکان بەڕێوەدەبرا[56]. لە ئەنجامی ئەمەشدا لە دوایی شۆڕشی گەورەی سووری (١٩٢٥ — ١٩٢٧) سەری هەڵدا.

ئەم شۆڕشە لە تەمموزی ١٩٢٥ دا لە «چیای دروز» سەری هەڵدا، کە هۆیە راستەوخۆکەی خراپی جووڵانەوەی جەنەراڵ سارای بوو لە بەرامبەر چەند سەرکردەیەکی دروزی[57]. شۆڕشەکە بەسەرکردایەتی «سلطان الاطرش» و هەندێ سەرکردەی وەکو «دکتۆر عبدالرحمن شهبندر، و حسن الحکیم و هی تر»ەوە بوو[58]، ئەم شۆڕشە بە درێژایی ساڵی «١٩٢٦» بەردەوام بوو، و دواتر کاتێ فەرەنسییەکان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بە تەواوی کۆبکەنەوە و بەهێز بکەن، لە بەهاری «١٩٢٧» دا ئەم شۆڕشەیان دامرکاندەوە[59]، ئەم شۆڕشە زەرەر و زیانی زۆری بە فەرەنسییەکان گەیاند و چەندین جاریش لە شەڕەکان سوپای فەرەنسی شکستیان خوارد لە بەرامبەر هێزی شۆڕشگێڕان[60].

دوای ئەوە بە ماوەیەك چەند هەڵبژاردنێك ئەنجامدرا لە رێکەوتی «تشرینی دووەمی ١٩٣١»، نیسانی ١٩٣٢ کەوا بەرەتکردنەوەی پرۆژەیەکی پەیماننامەی نێوان حکوومەتی سووری و فەرەنسی بوو، هەروەها لە «تشرینی دووەمی ١٩٣٣» هەمان بەرئەنجامی لێ کەوتەوە، دواتر لەکانوونی دووەمدا بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرکردەی بەرەنگاری ئیبراهیم هەنانۆ و دەرکردنی گەڵاڵە نامەی نیشتمانی هەربەم

(56) جورج انطونیوس، یقظة العرب، ترجمة: د.ناصرالدین الاسد و د. احسان عباس، الطبعة الثانیة، بیروت، ١٩٦٦، ص ٥٠٠.

(57) نفس المصدر السابق، ص ٥٠١.

(58) فئة من الاساتذة الجامعیین، دراسات في المجتمع العربي، الطبعة الثانیة، دمشق، ١٩٦٩، ص ٢٩٢.

(59) جورج انطونیوس، المصدر السابق، ص٥٠٣.

(60) فئة من الاساتذة الجامعیین، المصدر السابق، ص ٢٩٢.



شێوەیە مایەوە، دواتر خۆپیشاندانی توند و دژواریش دژ بە فەرەنسییەکان کرا، کە ئەمانەگشتی واتای سەرکەوتنی گەلی سووری بوو[61]. بەهۆی ئەم کارا و چالاکییانە لە رێکەوتی (٩ی ئەیلوولی ١٩٣٦) دا پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەنێوان هەردوو حکوومەتی سووریا و دەسەڵاتدارانی فەرەنسی مۆرکرا، کە بەرەسمی بە سەربەخۆیی سووریا نا و رایگەیاند کە سەرپەرشتی فەرەنسا دوای دانی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەم پەیمانە هەڵدەوەشێتەوە[62]، و حکوومەتی سووری دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان[63]، هەر لەم کاتەشدا — واتە ساڵی ١٩٣٦ — کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە هاتە کایەوە کە تورکیا داوای دەکرد، هەردوو زلهێزی جیهانیش (فەرەنسا و ئینگلتەرا بۆ راکێشانی تورکیا بەلای خۆیاندا نەرمییان لە دواکاری تورکیا پیشاندا، تاوەکو لە کۆتاییدا لە «٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣٩» لەم کاتە دا فەرەنسا و تورکیا پەیمانێکیان گرێدا و تیایدا لیوای ئەسکەندەرۆنە درا بە تورکیا و بووبە ویلایەتی شەست و سێیەمینی کۆماری تورکیا[64].

لە هاوینی ١٩٤١دا هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا ویستیان دەست بەسەر سوریا و لوبناندا بگرنەوە، لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٤١ یشدا فەرەنسا بە رەسمی سەربەخۆیی سووریای راگەیاند[65] کەچی ئەم راگەیاندنە لە وتار و بەیاننامەکان تێپەڕی نەکرد، و ئەم کاروبار و بەرژەوەندییانەش کە لەژێر دەسەڵاتی ماندات دابوو

(61) بڕوانە: احمد الشنتاوي وآخرون، المصدر السابق، ص ص ١١١ -١١٢.

(62) فوبلیکوف و گروە دبیران، مأخذ پیشین، ص ٨٥.

(63) اندرو راثمیل، الحرب الخفیة في الشرق الاوسط (الصراع السري علی سوریة ١٩٤١ — ١٩٦١)، ترجمة: عبدالکریم محفوظ، الطبعة الاولی، ١٩٩٧، ص ١٤.

(64) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فئة من الاساتذة الجامعیین، المصدرالسابق، ص ٢٩٤ — ٢٩٨.

(65) اندرو راثمیل، المصدر السابق، ص ١٥.

هیچی نەگواسترایەوە بۆ حکومەتی ناوخۆ کە سەربەخۆیی سووریا بە پراکتیکی پیادە بکات[66].

لە تەمووزی ١٩٤٣دا هەڵبژاردن ئەنجامدرایەوە، شوکری قوەتلی بەسەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، و سیاسەتمەدارە نیشتمانپەروەرەکان دەستیان بەسەر وەزارەتەکاندا گرت[67].

لەساڵانی ١٩٤٤ — ١٩٤٥ دا فەڕەنسا داواکاری نامەی وازهێنان لە «یەکە تایبەتییەکان» کە لەسەربازە ناوخۆییە سوورییەکان پێکدەهێنرا ڕەتکردەوە، هەروا پێداگیریش بوو لەسەر سەپاندنی پەیماننامە بە زۆری زۆردارەکی بەسەر دەوڵەتی سووری[68]، کە «تایبەتمەندی — میزات» ئابووری و سیاسی لە وڵات بۆ خۆی دەستەبەر بکات[69]، لە بەرامبەر ئەوەش نارەزایی گەلی سووری تادەهات زیاتر دەبوو[70]، بۆیە فەڕەنسییەکان لە ڕۆژی «٢٩ی مایسی ١٩٤٥» بە تۆپ و تەیارە شاری دیمەشقیان بۆمبارانکرد[71].

لە «١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥» دا بەریتانیا و فەڕەنسا پێکهاتن لەسەر چوونە دەرەوەی فەڕەنسا لە سووریا و لوبنان بە شێوەیەکی کەم کەمە[72]، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەش هەردوو حکومەتی سووری و لوبنانی لە شوباتی ١٩٤٦دا پەنایان بردە بەر ئەنجوومەنی ئاسایش و داوای کشانەوەی هێزە بێگانەکانیان دەست

(66) احمد الشنتاوى وآخرون، المصدر السابق، ص ١١٣.

(67) اندرو راثميل، المصدر السابق، ص ١٥.

(68) نفس المصدر السابق، ص ١٥.

(69) احمد الشنتاوى وآخرون، المصدر السابق، ص ١١٣.

(70) نفس المصدر السابق، ص ١١٤.

(71) اندرو راثميل، المصدر السابق، ص ١٥؛ فئة من الاساتذة الجامعيين، المصدر السابق، ص ٣٩٣.

(72) احمد الشنتاوى وآخرون، المصدر السابق، ص ١١٤.



بەجێ لە وڵات دەکرد[73]، بۆیەش فەڕەنسا دەستی خستە ناو کارەکە بەشێوەیەکی سەربازی، و دواتر بەریتانیا فەڕەنسای ناچارکرد کە خاکی ئەم دوو دەوڵەتە بەجێ بهێڵێ[74]، بەم جۆرەش لە «١٧ی نیسانی ١٩٤٦» دا دوا سەربازی فەڕەنسی لەسەر خاکی سوریا چووە دەرەوە[75].

(73) نفس المصدر، ص ١١٤.

(74) اندرو راثميل، المصدر السابق، ص ١٥.

(75) دكتر ناصر صبح خيز — زهرافرد، مأخذ پيشين، ص ٣١; الجلاء ... و جزاء الكرد، جريدة «الوحدة»- YEKITI» الجريدة المركزية لحزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا (يكيتي) العدد «٨٣»»، نيسان ٢٠٠٠، ص٨.

# بەشی یەکەم

## جوگرافیای کوردستانی سوریا و شوێنگەی کورد لە سوریا

**تەوەری یەکەم: کوردستانی ڕۆژئاوا و بوونی کورد لە سوریا.**

**تەوەری دووەم: شار و شوێنە کوردییەکان لە سوریا.**

**تەوەری سێیەم: هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان لە سوریا.**

## تەوەری یەکەم
## کوردستانی رۆژئاوا و بوونی کورد لە سوریا

### یەکەم: کوردستانی سوریا و شوێنی نیشتەجێی کورد

رۆژئاوای کوردستان ئەم خاکەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سوریای عەرەبی بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانە و درێژە پێدەر و تەواوکەری هەردوو بەشە کوردستانی باکوور و باشوورە، ئەم بەشە لە ناوەڕاستیدا لە شێوەی دەنووکی مراوییەکە و لە گۆشەی باکووری رۆژهەڵاتی سووریاوە دەچێتە نێو خاکی جەزیرە[1]، لەم ناوچەیەدا پێگەیشتنێکی جوگرافی لەگەڵ هەر دوو بەشەکەی تری کوردستاندا هەیە، هیچ جیاکەرەوەیەکی جوگرافی نابیندرێ کە ئەم بەشە لە بەشەکانی تری کوردستان جیابکاتەوە، ناوچە کوردییەکان لە سوریا بەدرێژایی پشتێنەی سنووری باکووری سوریا درێژ دەبێتەوە بە کەناری سوری — تورکی[2]*، ئەم ناوچەیە لە پارێزگای حەسەکە فراوان دەبێ و دواتر لە پارێزگای رەشید تەسک دەبێتەوە، ئەمجا دووبارە درێژ و فراوانتر دەبێتەوە لە پارێزگای حەلەب کە هەر دوو ناوچەی کۆپانیە و

(1) درك كنان و ديويد آدامس، كردوكردستان، ترجمـهء: جواد هاتفى، تهران، (سال نيست)، ص ٥٩; عەبدوڵڵا غەفوور، راگوێزانی کورد لە مێژوودا، لە بڵاوکراوەکانی (ئاپیك)، سوید، ل١٠.

* تاوەکو ئێستاش کوردی سوریا دان بە بوونی ئەم سنوورە دەستکردەی کە لە خێزانەکانیان جیایان دەکاتەوە نانێن، لە کاتێکا خزمێك یا برادەرێك سەردانیان دەکات لەلاکەی ترەوە تا ئێستاش دەڵێن « ئاگادار بە لەسەر خەتێ» کە مەبەست هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانییە کە دواتر بەهۆیەوە سنوری تورکی سوری دیاریکرا بڕوانە: درية عوني، عرب واكراد خصام أم و ئام، (لا م. س)، ص١٣٠.

(2) د. سعد ناجى جواد، الاقلية الكردية في سوريا، بغداد، ١٩٨٨، ص ٦.



جبل الاكراد — عين العرب و عەفرین — دەگرێتەوە[3]، هەر بەم هۆیەوەش نووسەری فەڕەنسی «GERARD CHALIAND ژیرارد چالیاند-» پێی وایە «ئەم ناوچەیەی کە دەکەوێتە دەوروبەری (عين العرب) تاوەکو باکووری رۆژهەڵاتی شاری حەلەب بە هەرێمێکی تەواوی کوردی دادەنرێت»[4] و لە باکووری رۆژئاوای «انیوج» ناوچەی چیایی هەیە کەوا کوردی تیادا نیشتەجێن، و ئەم ناوچانەش بە «کورد داغ»** دەناسرێ[5]، مەڵبەندە کوردنشینەکانی سوریا بەسەر یەکەوە نین و چەند مەڵبەندێکی عەرەب نشین لێکیان جیا دەکاتەوە، بەڵام هەموو شار و شوێنە کوردییەکانی ناوخاکی سوریا بەسەر کوردستانی تورکیا و عیراقەوە هەڵکەوتوون[6]، ناوچەیەك کە بە پانایی (٤٠کم) دەست پێدەکات تا رۆژهەڵاتی فورات لە شوێنێکدا کە ئەو رووبارە لە نزیك جەرابلووس دێتە خاکی سوریا و درێژەی پێئەدات[7]، ئەم ناوچەیەش کە بەدرێژایی «٢٥٠ کم» و پانی «٣٠کم» لە جەزیرەدایە ناوچەکانی «سەرێ کانیێ رأس العين-، دەرباسیە، ئاموودێ، قامشلی، عەین دیوار*، دێرك» ئەم ناوچانەش لە

(3) صلاح بدرالدين، غرب كردستان دراسة تاريخية سياسية وثائقية موجزة، رابطة كاوا، الطبعة الاولى، برلين، ١٩٩٨، ص ٢١.

(4) THEKURDISH TRAGEDY, Translated by philip Black, Lonclon, 1994, p. 84.

** بە واتای (چیای کورد) دێت.

(5) Ibid, p. 84.

(6) د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، — پەراوێز- ل ١٣; درية عوني، المصدر السابق، ص ١٣٠.

(7) عەبدوڵڵا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩ — ١٠.

*عەین دیوار:- لە بنچینەدا گردێکە دەکەوێتە پارێزگای حەسەکە، ناوچەی دێرك- المالكيە- کەوا دواتر بۆتە گوندێك و پاشان شارۆچکەیەك لەسەر هەردوو سنووری تورکی — سووری، و سەربە سووریا بووە لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم شوێنی هاتوچۆ کردنی کورد بووە لە

نێوان رووباری دیجله و خابوور — لقێکه له رووباری فورات لەم بەشەی خاکی سووریا — دایە[8].

لەناوچە کوردییەکانی وەکو دێرك و ترپەسپی و قامیشلۆ و ئامووددێدا تەنانەت کەلێنێکی نشینگەی عەرەبی تیا بەدی ناکرێت.[9]

ئەم ناوچانەی کوردی تیادەژی لە ناوخاکی سووریا و کوردستانی سووریا پەیوەندار و هاوپەیوەندن «compact» لەگەڵ یەکتردا[10]، کوردستانی سووریا خۆی بریتییە لە پێنج پارێزگا[11] رووباری دیجلەش دوای ئەوەی دێتە ناوخاکی سووریاوە شاری جەزیرەی پایتەختی گیانی و رۆشنبیری کوردستان ئاو دەدات[12]، هەندێ لە مێژووناسان ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە ((باشووری بچووك)) ناو دەبەن[13]، یا کوردستانی رۆژئاوا یاخود بەشە کورستانی رۆژئاواشی پێ دەوترێ، کوردەکان خۆشیان چ لە باکوور و چ لە رۆژئاوا بەم سنوورە دەستکردە کێشراوەی نێوان هەردوو دەوڵەتی

---

لایەك بۆ لایەکی تر. بڕوانە: المهندس علي العلي، بين دارا و ديوار، مجلة «الكويت»، العدد «١٧٨» اغسطس — الكويت-، ١٩٩٨، ص ٣

(8) عەبدوڵڵا قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(9) محمد طلب هلال، دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية — الاجتماعية — القومية، رابطة كاوا، الطبعة الاولى، مطبعة الاتحاد، برلين، ٢٠٠١، ص ٤١.

(10) ئی فیلیپ و کریستینە. ئا.، کوردەکان پێگەی ئێستا یان و باکگراوندی مێژووییان، و. لە ئینگلیزییەوە: سەرتیپ عەلی، گۆڤاری «ژیار»، ژ «٥»، ساڵی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٢٦.

(11) حوسێنی مەدەنی، کوردستان ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ١٥.

(12) پیێ رەش و د.د. رۆبێرت، ململانێی هەرێمایەتی لەسەر ئاوی کوردستان و کاریگەری لەسەربزاڤی رزگاری خوازی کورد، و: هەژار کامەلا، گۆڤاری «سەرخۆبوون»، ژ «٥ و ٦»، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٩.

(13) غەفوور مەخمووری، (کوردستانی بن دەستی سووریا) بەشێکی دانەبراوی خاکی کوردستانی گەورەیە، رۆژنامەی «میدیا»، ژ «٢٤»، هەولێر، شەممە ١٩٩٧/١١/١٥، ل ١.



تورکیا و سووریا دەڵێن «خەت — هێل -» کە مەبەستیش لەم خەتە ئەو هێلی شەمەندەفەرەیە کە ئەڵمانییەکان دایانمەزراند، بۆیەش بە کوردەکانی تورکیا دەوترێ سەرووی خەت و بەهی سووریاش دەوترێ خواروی خەت.**[14]

ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە زۆری لە دەشتی پێچاوپێچ متماوجە-، و بانێکی نزم بۆوە کە بەرزییەکەی لەنێوان (٥٠٠- ١٠٠٠) پێ لەسەر رووی دەریاوە تێناپەڕێت پێکدێت، هەروەکو زێی بچووکی دۆڵەکانی تیا ون دەبێت و هیچ سەرچاوەیەکیان نییە تێکەڵاوی بن[15].

کوردەکانی سووریا بەشێوە زاری کرمانجی سەروو گفتوگۆ دەکەن[16]، بەشی هەرە زۆریان بریتین لە جووتیار و رەنجبەری بە رۆژانە کارکەر[17]، هەروا پەیوەندی خزمایەتی و نزیکیشیان لەگەڵ هەریەکە لە کوردی کوردستانی عیراق و کوردی کوردستانی تورکیادا هەیە[18].

---

*(14) درية عوني، المصدرالسابق، ص ١٣٠.

* ئەم دوو زاراوەیە بەم شێوەیە گۆ دەکەن «سەرییاخەتێ، بەنییاخەتێ». بڕوانە: دلاوەرێ زەنگی، قەدری جان هۆزانڤان و نووسەر (١٩١١ — ١٩٧٢)، گۆڤاری «سەرخۆبوون»، ژ «٥ و ٦»، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٩٦.

(15) المقدم شيخ عبدالوحيد، الاكراد و بلادهم تاريخ الشعب الكردي منذ اقدم العصور الى العصر الحاضر، تقديم: مارشال محمد ايوب خان، ترجمة: عبدالسميع سراج الدين، الطبعة الثانية لاهور، ١٩٧٠، ص ٣٤.

(16) ر. ل. تسابولوف، دراسة وثائقية علمية حول الاكرد، ترجمة عن الروسية: مزگين ميقري، مجلة «الاتحاد»، العدد «٣١»، برلين، تموز ١٩٩٩، ص١٥.

(17) ئە. م. مینتشا شڤیلی، کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز: د. عیزەددین مستەفا رەسوول، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٤٢.

(18) ر. ل. تسابولوف، المصدر السابق، ص ١٥.

ئەوەی لێرەشدا نابێ لە بیرمان بچێ ئەوەیە هەندێ کوردیش لە ناوچەی «کلس»* داهەن، هەروەکو لە چیاکانی سەرکەناری دەریای ناوەڕاستیش لە باکووری لازقیەدا کورد نیشتەجێن.[19]

### دووەم: دیاریکردنی رووبەری خاکی کوردستانی سوریا:

لەبارەی دیاریکردنی رووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستان ئەوا زۆر لە نووسەر و مێژوونووسان پشت گوێی دەخەن و باسی ناکەن، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم:**

هەندێ لەوانە لەبەر ئەوەی سەرژمێرییەکی تەواوی ئەم بەشەیان لەبەردەستدا نییە، خەملاندنێکی بابەتییانەش نییە، ئەویش بەهۆی نارێك و پێکی زەوییەکە و بەدەم یەکەوە نەبوون و تەسك بوون و فراوانبوونیشی هۆیەکی راستە و خۆی ئەم دیاریکردنەیە، هەر بۆیەش بە پشت گوێ خستنی دیاریکردنی رووبەرەکەی خۆیان رزگارکردووە.[20]

**دووەم:**

هەندێ لەم نووسەرانە جگە لەوەی ئەم دیاریکردنە پشت گوێ دەخەن، کەچی بۆچوونێکی واش دەردەبڕن کەوا خاکێکی تایبەت بەکورد و بەشێکی کوردستان لە ناو سوریادانییە، بەڵکو تەنیا کەمینەیەکی کورد لە سوریادا دەژین، ئەم خاکەش کە

(19) جلال زنگابادي، لمحة عما قدمه (الكوردى الصغير) ليرخ ..!، مجلة «گولان العربي»، العدد «٣١»، اربيل، ك١، ١٩٩٨، ص ٣٧.

(20) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:- درية عوني، المصدرالسابق، ص ص١٢٩ — ١٣١؛ عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص ٦٧; عەلائەدین سەجادی، مێژووی راپەڕینی کورد، چاپی دووەم، سەقز- ئێران ١٩٩٧، ل ل٩ - ١١; و هی تر.



لەسەری دەژین گوایە بەشە خاکێکی عەرەبییە و هیچی تر[21]. بەداخەوە ئەمانە بەهەڵەدا چوون و بۆچوونێکی راست و دروستیان نییە، جا ئەمەشیان بەهۆی نەشارەزاییان بێت — کە ئەمە زۆر کەمە-، یاخود بەهۆی رەگەز پەرستییەتی بیر و باوەڕەکەیان یاخود هەر هۆکارێکی ترەوە بێت، ئێمە لێرەدا باس لەم دیاریکردنانەش دەکەین کە لەسەرچاوەکاندا هاتوون و لەبەر دەستمانن، هەر چەندە دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا دەشێ ئەم دیاریکردنانە کەم و زیادی تیابێت، بەڵام لەمە زیاتر بە دەستمان نەکەوت.

ئەوانەی رووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستانیان دیاریکردووە، جیاوازییان هەیە، کە ئەم جیاوازییەش هۆکاری خۆی هەیە کە هەر یەکە بە بۆچوونێك و جۆرێك باسی لێوە کردووە — لێرە ماوەی باس کردنی- ئەم دانان و خەملاندنانەی لە بەردەستمانن دەکەونە نێوان دوو ژمارەی جیا و دوور لە یەك، کە ئەوانیش «١٥,٠٠٠کم٢» بچووکەکەیان و «٢٣,٠٠٠ کم٢» گەورەکەیانە، هەروەك چەند ژمارەیەکی تریش لەنێو ئەم دوو ژمارەیەدا بەدی دەکرێت.

«ئازاد مستەفا»[22] و «مەکتەبی دیراسات و تۆژینەوەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق»[23] رووبەری کوردستانی سوریا بە «١٥,٠٠٠کم٢» دادەنێن، کەچی «سەلاح بەدرەددین» رووبەری ئەم پارچەیەی خاکی کوردستان بە «١٦,٠٠٠کم٢» دادەنێ[24] «کەریم زەند» پێوانەی رووبەری ئەم بەشەی کوردستانی

(21) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: منذرالموصلي، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الثانية، دمشق، ١٩٩١، ص ص ٤٦١-٤٦٤; د.سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ص ٧-٨; و هی تر.

(22) کورد و دوژمنەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

(23) کوردستان کورتە باسێکی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری، دراسەی ژ «٣٣»، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٣٣.

(24) غرب کردستان، المصدر السابق، ص ٢٣.

به «١٧,٠٠٠كم$^{٢}$» دادەنێ[25] کەچی لەهەمان کات لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا ڕێژەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست پێشاندەدات کە ئەویش (١٨,٠٠٠كم$^{٢}$)[26] (عەبدولڕەحمان قاسملو) پێوانەی ڕووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە ((١٨,٣٠٠كم$^{٢}$)) دیاریدەکات[27]، هەر وەك بۆچوونێکی تریش هەیە کە زۆر لەم ژمارانەی سەرەوە دووره ئەویش هی ( ملا .ع. کوردی)یە کە ڕووبەرەکەی ئەم بەشە بە ( ٢٣,٠٠٠ كم$^{٢}$) دەخەملێنێت[28] بەڵام بەڕای ئێمە (١٥٠٠٠كم$^{٢}$)یە کە لە ڕاستییەوە نزیکترە، یاخود ئەوەی لەدەوروبەری (٠٠٠, ١٨كم) دایە، بەهۆی ئەوەی ئەوانەی ئەم ژمارەیان خستووەتە بەردەست کەسانی شارەزا و پسۆڕ و نزیك لەم بەشە خاکەوەن کە ئەمەش وا دەکات بۆچوونەکانیان نزیك تربێ لە ڕاستییەوە. بەڵام ڕاکەی (مەلا. ع. کوردی) لەوانەیە زێدەڕۆییەکی پێوە دیار بێ.

### سێیەم: ژمارەی کورد

لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا سەرژمێرییەکی ڕێك و پێك و گشتییانەی کورد نەکراوە، ئیتر بۆیەش ژمارەیکی ڕاست و دروستی کورد لەبەر دەست دانییە، بەڵکو ئەوەی هەشە لە خەملاندن تێناپەڕێت، بۆیەش جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئێمەش لێرەدا ناچار دەیاننووسین و دواتر لێیان دەکۆڵینەوە.

کورد لە سووریا لە ڕووی ژمارەوە بە پلەی دووەم دێن لە دوای عەرەب[29] مینۆرسکی ئێرانناس و کوردناسی ڕووسی لە ساڵی (١٩١٠) دا ژمارەی کورد لە

(25) جوگرافی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٩.

(26) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

(27) کوردستان و کورد، ل١٣.

(28) کردستان والاکراد، رابطة کاوا، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٩٠، ص ٦٦.

(29) The new Encyclopaedia Britannica, p. 337.



سووریا بە (١٢٠) هەزار کەس دادەنێ**[30] بەڵام ئێمە نازانین مەبەست لەم ژمارەیە کوردەکانی کوێ و کوێن؟!.

(محەمەد ئەمین زەکی) لەسەر زمانی کۆنسۆڵی ڕووسی (مسیۆزیرمان) لە حەلەب، ڕێژەی کوردی باکووری سووریای بە (١٢٥) هەزار کەس داناوە، لەلایەکی تریشەوە دەوترێ کەوا تاوەکو (ئاوی عاصی و بیلان) لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فەرەنسادا هەر (٢٠,٠٠٠) کورد هەیە، هەروا ناوبراو لەسەر زمانی هەمان کۆنسۆڵ لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەنووسێ: ((جگە لەو کوردانەی کە لە وڵاتی حەلەب دا دەژیان و دواتر لە ژێر دەسەڵاتی تورك ماونەتەوە، ئەوا ژمارەی کورد لە باکوور و ناوەڕاست ڕەنگە ((٧٠,٠٠٠ — ٨٠,٠٠٠)) کەس بووبن)).[31] *بە پێی یەکێ لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا -لە ڕۆژی ١٩ی ئاداری ١٩٤٧ دەرچووە- ژمارەی کوردەکانی جەزیرەی سەرووی لە باکووری ڕۆژئاوای شاری حەلەب بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٢٣) بە نزیکەی (٢٠٠ هەزار) کەس دادەنێ، و کوردە نیشتەجێکانیش لە هەمان ساڵ بە (٢٠ هەزار) کەس دادەنێ.[32]

*(30) حەبیب محەمەد کەریم، ژیانی ڕامیاری و پارتایەتی لە کوردستان، گۆڤاری (کادر). ژ (٢٧) نیسان ١٩٩٢. ل٩.

(31) کورد و کوردستان، جلدی یەکەم، بەغدا، ١٩٣١، ل٣٥.

* لەم سەردەمەی نووسەر ئەم ڕایەی دەربڕیوە، ئەوا وڵاتێکی سەربەخۆ ناوی سووریا نەبووە، بەڵکو سووریا خۆی خاکێکی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بووە، هەروەکو سنووریشی هەر نادیاربووە، و عەرەبی ئەم ناوچەیەش وەکو کورد ژێردەست بوون و هەوڵیان بۆ سەربەخۆبوون داوە، وەکو لە پێشەکی ئەم باسەمان لێی دواوین.

(32) د. وەلید حەمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ل ٢٣٩ — ٢٤٠.

لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان نێردراوە لە ساڵی (١٩٢٥) دا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی مووسڵ، لە نێوان بەریتانیا و تورکیا، ئەوا ژمارەی کورد لە سووریا و هی تر بە سێ سەد هەزار کەس دانراوە**[33]. بەڵام (**محەممەد ئەمین زەکی**) خۆی ژمارەی کورد لە سەرخاکی سووریا و ڕووسیا بە (٢٣٠,٠٠٠) هەزار کەس داناوە[34]، (بلە چ شێرگۆە لە ساڵی (١٩٣٠) دا ژمارەی کوردانی سووریا بە (٢٨٩ ,٩٤٠) کەس دادەنێ[35].

هەروا (د. نالیرا ڤۆکارۆ) لەسەرەتای چلەکان ژمارەی کورد لە سووریای بە نزیکەی (٢٠٠ — ٢٢٠) هەزار کەس دادەنێ، کە بەم شێوەیەش دابەشی دەکات، (٨٠ هەزار) کەس لە جەزیرە، و (٦٠ هەزار) کەس لە جەرابلس ( عين العرب) و (٦٠ هەزار) کەس لە ( جبل الاكرد) و (٢٠ هەزار) کەس لە دیمەشق و (١٠) هەزار کەس لە شارەکانی تری وەك حەلەب و حەما و حەمس و هی تر.**[36]

*(33) س. ج ادموندز، کرد و ترك و عرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧٠، ص ٨.

* کاتێ (م. صلاح بدرالدين) ئاماژە بەم ژمارەیە دەکات، ئەوا تەنیا بە کوردی سووریای دادەنێت. بڕوانە: غرب کردستان، ص ٢١.

(34) کورد و کوردستان، جلد (١)، بەغدا، ١٩٣١، ل ٣١.

(35) بڕوانە: کێشەی کورد مێژینە و ئێستا، و: محەممەد حەمەباقی، چاپی سێیەم، هەولێر، ١٩٩١، ل ١٧.

*(36) محمد ملا احمد، فرنسا والاكراد في سوريا، مجلة ((هێڤگرتن))، العدد (٣٤ — ٣٥)، برلين، نيسان تموز ٢٠٠٠، ص ص ٣٥ — ٣٦، ئەویش لە گۆڤاری ((هاڤیبون))، ژ (٢-٣)، ١٩٨٨ی وەرگرتووە.

* لە ساڵی (١٩٤١) دا ژمارەی گشتی دانیشتوانی سووریا (٢,٦٩٦,٧٢٠) کەس بووە، لە ساڵی (١٩٤٥) دا بۆتە (٢,٩٤٩,٥١٥) کەس، بڕوانە: عبدالرحمن حميدة، جغرافية سورية البشرية، القاهرة، ١٩٧١، ص ١٥.



(دکتۆر ادیب معوض) لە کتێبەکەی — کە لە پێشووتردا بە زنجیرە بڵاوی کردۆتەوە — ژمارەی کوردەکانی سووریا لە ساڵی ١٩٤٥ -یا برێ زووتر- بە (٣٠٠ هەزار) کەس دەداتە قەڵەم، ئەمە جگە لە کوردەکانی (حي الاكرد — الصالحية) لە دیمەشق[37] هەروا (**محەممەد شیرزاد**) هەمان ژمارەی سەروو — واتە (٣٠٠ هەزار کەس* — بۆ کورد لە سووریا دەست نیشان دەکات کە لەناوچەی جەزیرە و لەسەر سنووری تورکی — سووری و بەشە نیشتەجێکانی تر دادەنێ[38]**.

**چوارەم: کورد و کرداری کۆچکاری**

زۆربەی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان کاتێ باسی کوردی سووریا دەکەن، ئەوا یەکسەر بەبێ دوودڵی و گومان بەکۆچەر ناویان دەبەن، گوایە خەڵکی کوردستانی تورکیا بوون و دواتر هاتوونەتە ئەم ناوچەیە. بەڵام ئەمە لە ڕاستی یەوە، دوورە و بڕوای پێناکرێت، گەرچی ناتوانرێ کرداری کۆچ کا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نکۆڵی لێ بکرێت، بەڵام ئەمەش بەم شێوە نییە کە باسی لێوە دەکرێت، بەڵکو کۆچکردن ڕوویداوە، دەشتوانرێ بوترێ ئەم کۆچکردنە ئاسایی ناوخۆ بووە، چونکە گەر سنووریش دیار کرابووبێ ئەوا نەیتوانیوە یەکێتی هەردوو بەشە کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا لەناو ببات، تەنیا جیاوازیشیان ئەوەبوو کە بەشی باکوور لە ژێر دەسەڵاتی تورکیا و بەشی

(37) الاكراد في لبنان و سوريا، بيروت، ١٩٤٥، ص ٨.

(38) نضال الاكراد، القاهرة، ١٩٤٦، ص١٢.

* لە ساڵی (١٩٤٥) هەندێ کەسایەتی کورد ((نەخشەیەکیان)) بۆ کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ لەبارەی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد تیایدا دەڵێن کە ژمارەی کورد گەیشتۆتە ((نۆ ملیۆن کەس))، لێرەش ((ویلیان لین ویسترمان)) -گوایە مێژوونووسە- لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کورد لە گۆڤاری ((Foreign Affairs))ی ئەمەریکی لە ژمارەی (٢٤) و لە تەمموزی ١٩٤٦ بڵاوکردۆتەوە، و ژمارەی کورد بە ((٢,٤٠٠,٠١٩)) کەس داناوە، کەچی سەیرتریش ئەوەیە ژمارەی کوردی سوریا بە ((١٠٠هەزار)) کەس داناوە. بڕوانە: محمد احسان، کردستان و دوامة الحرب، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١، ص١٩ —الهامش-.

رۆژئاواش لە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا دابوو، هەروەك كورد لە لایەن خۆیانەوە بە هیچ شێوەیێ دانیان بە دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و سووریادا نەنابوو، و کوردستانی رۆژئاواش بە بەشێکی جیانەکراوەی کوردستانی باکوور دادەنرا، کرداری کۆچکاری بە زۆری لە دوای شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور و دامرکاندنەوەیانەوە بووە، وەك «شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (۱۹۲۵)»، شۆڕشی ئاگری داغ (ئارارات) (۱۹۲۷ — ۱۹۳۰) و شۆڕشی دەرسیم (۱۹۳۷) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو کوردی سووریا یا تا چارەکیشی لەم کۆچکەرانە بووبن*، کەچی رای کۆچەرێتی کوردانی سووریا لەڕای تاکەکەس و کەسانی ئاسایی تێپەڕی کردووە تا دەسەڵاتدارانی سووریاش زۆرینەیان بە کۆچکەرانی تورکیا دادەنێن[39]. هەر وەکو باسمانکرد ئەمە هیچ هەقیقەتێکی لێ بەدی ناکرێت[40]، ئەوەتا مێژوونووسی فەڕەنسی «فیلیپ رۆندۆ» دەڵێ: نزیکەی ۱۰٪ ی دانیشتوانی جەزیرە بەڕاستی لە کوردی تورکیا کە کۆچیان کردۆتە سووریا لە ساڵی (۱۹۲۵) دوای شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا بەهۆی ئەو قەسابخانەیەی دایانمەزراند))[41]، هەروا لەم ساڵەدا (۱۹۲۵) ئامارێکی کۆچکەران و پەنابەران بۆ سووریا تۆماردەکەن بەم شێوەیەیە:

* ئەمرۆ لە سووریا ژمارەی کورد زیاتر لە دوو ملیۆن کەسە (صلاح بدرالدین، غرب کردستان، ص۲۲)، و ئەوانەش کە لە رەگەزنامەی سوورییان لێ سەنراوەتەوە زیاتر لە (۳۰۰,۰۰۰) کەس دەبن (عصمت شریف وانلي، المصدر السابق، ص ٦٩) گەر ئێمە ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستییە نامرۆڤایەتییەی حکوومەتی شۆڕش وەرگرین کەچی واتەکی کۆچکردوانی کورد لە تورکیا بۆ سووریا دەگاتە (نزیکەی حەفت یەکی کورد لەم وڵاتە).

(39) درية عوني، المصدر السابق، ص ١٣٢.

(40) نفس المصدر السابق، ص ١٣٢.

(41) نفس المصدر السابق، ص ١٣٢.



﴿سەرژمێری پەنابەران کەوا لە وڵات -واتە سووریا- ٤٤- جێنشین بوونە لە کانوونی دووەمی ۱۹۲۵دا ئەمەیە، (۸۹,۰۰۰) ئەرمەنی، (٤۰۰۰) کلدانی، (۱۸۰۰) یەعقوبی، (۹۰۰) یۆنانی ئەرسۆدۆکسی، (۹٥۰) کاسۆلیکی سووری﴾.[42] هەروا (د. شفیق صلاح) لەبارەی کۆچکردنی دەرەکی جەخت لەسەر نەبوونی کۆچکردنی بە کۆمەڵی و زۆری کورد دەکات؛ کە دەڵێ: ((سەبارەت بە سووریا وەك زانراوە پێشوازی لە سێ شاڵاوی یەك لەدوای یەکی دانیشتوان کردووە، لە سەرەتای ئەم سەدەیە کە ئەوانیش، کۆچکردنی ئەرمەن؛ کۆچکردنی چەرکەسی، کۆچکردنی عەرەبە))[43]. هەروەکو لەکاتی باس کردنمان بۆ ژمارەی کورد ناڕاستی ئەم بۆچوونە بە تەواوی دیار دەکەوێت. لە کۆتاییشدا ئەوە دەڵێین راستە کۆچکردن لە کوردستانی تورکیاوە بۆ کوردستانی سوریا روویداوە، و دواتریش کوردستانی سوریا دەبێتە پایتەخی رۆشنبیران و رووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورد و ئەم کۆچکردنەش زیاتر ئەمانەی گرتۆتەوە کە بەمەبەستی درێژەدان بە خەباتی رۆشنبیری و سیاسی و رزگار بوون لە زەبر و زەنگ و چەوسانەوەی حکوومەتی کەمالی کۆچیان کردووە بۆ کوردسانی رۆژئاوا، هەروا ئەم کۆچکردنە لە ناوچەیەکی کوردی بۆ ناوچەیەکی کوردی بووە و هیچی تر، ئەمەش زۆر ئاسایی و رێ پێدراوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی داگیرکردن و پارچە پارچە کردنی کوردستانی گەورە ئەم کێشەیە دروستکراوە.

(42) صلاح بدرالدين، المصدر السابق، ص ص١٨ — ٢٠.

(43) نفس المصدر السابق، ص ١٩.

## تەوەری دووەم
## شار و شوێنە کوردییەکان لە سوریا

لە سوریادا چەندین شار و شوێنی کوردی هەیە، کە هەر لە ناوەکانیاندا دیار دەکەوێت کە کوردین — ماوەیەکی زۆرە حکوومەتی سوری هەوڵدەدات ئەم ناوانە لە ناوببات و ناوی عەرەبییان بەسەردا بسەپێنێ و مۆرکی کوردایەتیش بەم شارانەوە نەهێڵێ-. ئەم شار و شوێنە کوردییانە بەسەر یەکەوەنین، بەڵکو چەند ناوچەیەکی عەرەب نشین لێکیان جیادەکاتەوە[1] ، وەنەبێ ئەم ناوچانە هەر بەم شێوەیە هەڵکەوتوو بووبن بە دابڕاوی، بەڵکو درێژ بۆوە و تەواوکەری هەردووبەشە خاکی کوردستانی باکوور و باشوورن — بەتایبەتی ئەم بەشەی درێژە پێدەری ناوچەی ژەنگارە و درێژ بۆتەوە بۆ ناوخاکی سوریا و بە هەمان شێوەش خەڵکەکەی ئێزیدین-.

کورد لە سوریا لە سێ ناوچەی بنچینەیی دەژین، ئەوانەش «کورد داغ» کە شارێکە و دەکەوێتە سەر گردێکی هەڵە تاوی لە باکووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب. «جەزیرە» ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و درێژ دەبێتەوە لە دەورووبەری جەرابلووس و «عين العرب» لەبەرامبەر سنووری تورکیا، سێیەمیان دەکەوێتە گەورەترین کۆمەڵگە (تجمع) لە باکووری جەزیرە لە دەوروبەری قامیشلی، ئەمەش «دەنووك»ە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بەرامبەر سنووری عیراقی تورکی[2].

هەردوو ناوچەی کارگێڕی حەلەب «عەفرین و کۆبانی» کوردی لە تەك جەزیرەن، هەر وەکو چەندین ناوچەی کوردنشینیش لە پارێزگای «ڕەققە و تل ابيض» هەیە[3]. لەگەڵ ناوچەی

(1) GERARD CHALIAND, THE KURDISH TRAGE DY, P. 84 .

د. عەبدولڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، - پەراوێز- ل ١٣.

(2) دافيد ماكدويل، الاكرد، ترجمە: ايفيب فايز، تقرير مقدم من قبل جماعة حقوق الاقليات، مركز ابن خلدون للتنمية، القاهرة، ١٩٩٨، ص ٤٠.

(3) شەنگۆ دملی، هەڤپەیڤین بە ڕێز ئیسماعیل عومەر، گۆڤاری «سەرخۆبوون»، ژ «٢ و ٣»، پاییزی ١٩٩٩- زستانی ٢٠٠٠، هەولێر، ل ٧٦.



ئەسکەندەرۆنە و ئەنتاکیەش[4] لە زۆرینەی ئەم ماوەیەی بۆ ئەم باسە تەرخانکراوە سەر بە سووریا بوون.

### پارێزگای جەزیـرە:

هەموو شارە کوردییەکانی سوریا — تائێستاش — لە ناونیشاندا حەسەکە و ئەوانی تریش، چەشنی دێیەکی گەورەیە و لە زۆرچاودێری و پێویستیدا هەژارە[5] . هەرێمی جەزیرە کە مەڵبەندەکەی حەسەکەیە، «٧٠٠» گوندی کوردی و دەوری پێنج شاری کوردی لێیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ئەمانەن: «دێریك، قامیشلی (گەورەترین شاری کوردییە)، ئامووده، دەرباسییە، سەرێ کانییێ»[6].

ئەم پارێزگایە لە قەزای دێریك لە نزیك دیجلەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ قەزای قامیشلی دەڕوا، ئەمجا بۆ ناوچەی سەرێ کانییێ -رأس العين- دواتر بۆ قەزای کۆبانی - عين العرب — لە پارێزگای حەلەب دواتر بۆ «کورد داغ» لە باکووری حەلەب، ئەمجا بۆ قەزای نەهاب لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب، ئەمجا بۆ ناوچەی «جبل الاكراد» لەقەزای «الحفة» لە لازقییە[7]، کورد زۆرینەی دانیشتوانی جەزیرە پێکدەهێنن[8] هەروەکو سێ یەکی داهاتی ئابووری نیشتمانی هەموو وڵات بە خۆوە دەگرێت[9]، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە جگە لە

(4) صالح قەفتان، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەغدا، ١٩٦٧، ل ٢٥.

(5) جريدة «صوت الاكراد» لسان حال اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا «البارتي»، العدد «٢٧٢»، حزيران ١٩٩٧، ص ٥.

(6) درية عوني، المصدر السابق، ص ١٣٢.

(7) د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ٣٤ — ئەویش لە «احمد و صفي زكريا، عشائر الشام، الجزء الثاني، مطبعة داراليقطة العربية، دمشق، ١٩٤٧، ص ٣١٦، ی وەرگرتووە.

(8) أثار الجفاف تستدعي حلو عاجلة، جريدة «الحياة الجديدة Jînanû» الجريدة المنطقية لمنظمة الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا، العدد «٧»، حزيران ٢٠٠٠، ص ٢.

(9) نفس المصدر السابق، ص ٢.

کشتوکاڵ کاری تر ناکەن، هەتا وەکو پیشەی تریش لەنێو خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بەرێژەیەکی کەمە، ئەوەی هەشە پابەندە بەکشتوکاڵەوە[10].

جەزیرە لە بنچینە و کۆندا هەموو زەوییە درێژ بۆوەکانی نێوان دیجلە و فوراتی دەگرتەوە، جەزیرە* واتەی دوورگە دەگەیەنێ. چونکە کەوتۆتە نێوان دیجلە و فوراتەوە[11]، بەڵام ئێستا و هەر لە دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا لە سووریا واتەی پارێزگای حەسەکە دەگەیەنێ و دەگرێتەوە[12].

## قـامیــشلی:

شاری قامیشلی دەکەوێتە دەشتە فراوانەکانی جەزیرە، بەشی باشووری بـچووك لـە کوردسـتان بـۆ باشـووری نـسێبین** و لـە دووری ٢کـم، زەوییـەکانی درێـژەی دەشتەکانی کوردستانی تورکیا و عیراقە — ناوچەی شەنگار-[13]. ناوەکەی ناوێکی

(10) نفس المصدر السابق، ص ١.

* ئێستا ناوچەی جەزیرەی کۆن — هەرێمی جەزیرەی فوراتی — بەشێکی لـە دەوڵـەتی سـووریایە، و بەشێکیشی بەر تورکیا کەوتووە، بەشەکەی تریشی کەوتۆتە ژێر دەسـەڵاتی عیراقـەوە. بڕوانـە: احمـد بن يحيى بن جابر المعروف بـالبلاذري (ت٢٧٩) كتـاب (فتـوح البلـدان)، نـشره و وضـع ملادحقـه و فهارسه: صلاح الدين المنجد، القاهره، ١٩٥٧، ص ٧٠٦.

(11) نفس المصدر السابق، ص ٧٠٦.

(12) صلاح بدرالدين، غرب كردستان، ص ٩٨.

** نـسێبین:- شـارێکە لـەنێوان دوو رووبـار — میزۆپۆتامییـای کـۆن، ئێـستا دەکەوێتـە خـاکی تورکیاوە، مەڵبەندێکی بازرگانی و ناوچەیەکی کوردی بەرامبەر بەشاری قامیشلییە، ڕۆڵـی گرنگـی لەسـەردەمی ئیـسلامیدا هـەبووە. بڕوانـە: عبـدالرقيت يوسـف، الدولـة الدروسـتكية في كردسـتان الوسطى، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٢, ص ٨٥; المنجد فى اللغة و الاعلام، ص ٧١٠.

(13) آزاد ديركي، المدن الكردية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٨، ص ١٨٧.



تورکی* یە لە «قامیش»ەوە هاتووە[14]، گەورەترین شاری کوردی یە لە جەزیرە[15]، شارەکە مۆرکێکی لادێیی بەسەردا زاڵـە[16] زۆربـەی زۆری دانیـشتوانەکەی کـوردن لەگەڵ ئەوەیش هەندێ هۆزی عـەرەبی لە باشووری بیابانی «ناوچەی رەد» «چوونەتە ناویەوە، هەروەها هەنـدێ مەسـیحی، هەنـدێ جوولەکەشـیان* تیـادا بـووە[17]. زۆر شوێنگەی شوێنەوار و کۆنینەی تیا دۆزراوەتەوە[18].

## دێریك:

شارێکە** دەکەوێتەگۆشەی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا لە دووری «١٧کم» لە بنکەی شاری جەزیرا بۆتـان،*** هـەروا ناوچـەیەکە بـە دەنـووکی مـراویش نـاو

* مەرج نییە ناوەکەی — قامیشلی — تـورکی بـێ، چـونکە هـەردوو پاشـگری «لـی، و لـو» بەسـەر زۆر نـاوی ناوچەی کوردستاندا زیاد بووە، هەروەك بەسەر چـەندین نـاوی عەشـیرەت و هـۆزی کـوردیش هـەر زیـاد بـووە، ئەویش بەهۆی کاریگەری سەردەمی دوور و درێژی دەوڵەتی عوسمانی کە دەستی بەسەر ئەم ناوچانەدا گرتبوو.

(14) نفس المصدر السابق، ص ١٨٧.

(15) درية عوني، المصدر السابق، ص ١٣٢.

(16) آزاد ديركى، المصدر السابق، ص ١٩٠.

(17) نفس المصدر السابق، ص ١٩١- ١٩٢.

(18) نفس المصدر السابق، ص ١٩٢

** جەزیرا بۆتان یا « جزيرة ابن عمر يا الجزيرة الفراتية»:- ئەم ناوە بە ناوچەیەکی جوگرافی وتراوە، کە دەکەوێتە نێوان دیجلە و بوتان صو و رووباری خابوور کە لە شێوەی سێ گۆشەیەکی نایەکسانە، بنچینەکەی رووباری بۆتان صو، و دوولاکەشی رووباری دیجلە و خابوورە، سنوورەکەشی لە باکوور شروان و لە خواروو زاخۆ و لە رۆژهەڵات طورعابدين و لەرۆژئاوا هەکارییە؛ بڕوانە: سەلام حەسەن طه خۆشناو، جزيره ابن عمر فى القرنين السادس و السابع الهجريين، الثاني عشر و الثالث عشر الميلاديين دراسة سياسية حضارية، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٩، الهامش ص ٣١.

*** ئێستا ناوی ئەم شارە تەعریب کراوە بۆ «المالكية». بڕوانە: محمد مـلا احمـد، جمعيـه خويبـون والعلاقات الكردية — الارمنية، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٠، الهامش ص ٩٦.

دەبریٚ[19]، هۆی ناونانی بەم ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تاکە دێرێك کە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستاش هەرماوەتەوە، چونکە «بێژەی «دێر — الكنيسە-» یە، و «یێك یایٚك یایەك» هەمان واتەی ژمارە «یەك» دەگەیەنیٚ لەزمانی کوردی[20].

## کورداغ:

کورداغ* دەڤەرێکە لە کوردستانی سووریا لە رووی نەخشەی دەوڵەتەکەدا دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا لە دوولاوە، هەروەکو دەڤەری کۆتاییە لە باکووری رۆژئاوای سووریا بەرامبەر بەدەڤەری ئەسکەندەرۆنە و عەینتاب لە تورکیا[21]، ناوچەیەکی شاخاوییە دەکەوێتە بەشی باکووری رۆژئاوای شاری حەلەب**، و هاوسنوورە لەگەڵ پێدەشتەکانی ئەنتاکیە و ئەسکەندەرۆنە، دانیشتوانی «کورداغ» دابەش دەبن بەسەر «٣٦٠» گوندی ئاوەدان، و هەرێمی شاخاوی رۆژئاوای کوردستان پێکدەهێنن لە ناو سووریا، ئەم قەزایە زۆرفراوانە و پڕە لە تەپۆڵکە و بێشەی چڕ و دالیای مێو و زەیتون و میوەی تر[22]. زۆربەی دانیشتوانەکەی لە رەسەن کوردن[23]،

(19) آزاد ديركى، المصدر السابق، ص ٥١.

(20) نفس المصدر السابق، ص ٥١.

* هەندیٚ سەرچاوەی کوردی ئەم ناوچەیە بە «چیاییٚ کورمانجی» ناودەبەن.

بروانە: ئالان، دەڤەرا عەڤرین «چیاییٚ کورمانجای»، گۆڤاری «مەتین» ژ «١٥» خولی سیٚ، ك١، ١٩٩٢، ٢٠.

(21) هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

** زانای کوردناسی رووسی لێرخ هەموو شاری حەلەب و دەوروبەرەکەی بە بەشێکی خاکی کوردستان دادەنێت. بڕوانە: جلال زنگابادي، المصدر السابق، ص ٣٧.

(22) عەلی سەیدۆ گەورانی، لە «عەممان» ەوە بۆ ئامێدی، وەرگێڕ: تالیب بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٧١.

(23) منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كوردستان رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الاولى، لندن، ١٩٩١، -الهامش- ص٤٠.



ئاوێکی زۆری تێدایە کە بەتەواوی بەشی ئاودێری کشتوکاڵ دەکات[24]، بنکەی ئەم قەزایە عەفرینە کە بریتییە لە شارێکی تازە دروستبووی قەشەنگ لە جێگەی کۆنە شارێکی تر دروستکراوە بەسەر تاشەبەردە لێژەکانی کەناری جۆگەی عەفرینەوە[25].

شاری عەفرین لەناوەڕاستی دەشتێکی بە پیتە کە بەدەوڵەمەندترین و بە پیتترین زەوی کشتوکاڵی دەژمێردرێت.[26]

ناوی کورداغ هەر لە سەردەمی داگیرکاری دەوڵەتی عوسمانی و دواتر داگیرکاری فەڕەنسییەکان — مەبەست منداتی فەڕەنسییە بەسەر سووریا باو و پشت پیٚ بەستراو بووە[27].

## سەریٚ کانییٚ «رأس العين»:

شارێکە دەکەوێتە نزیك سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا لە کوردستانی سووریا ناوچەیەکی دەشتایی بە پیتە درێژەی دەشتەکانی شەنگارە لە کوردستانی عیراق و نسێبین و حەڕڕان لە کوردستانی تورکیا[28]، هەروەکو درێژەی دەشتەکانی سەرووە — قامیشلی و دێریك — بەسەر سەرچاوەکانی خابووردا دەڕوانیٚ، رۆڵی گرنگی لە زۆربەی سەردەم و چاخە مێژووییەکاندا هەبووە[29]، ئەم ناوچەیە چەندین شوێنەواری مێژوویی بەناوبانگی تیادایە، هەروەکو سەرچاوەی ئاویی ناوداربە شیرینی و گەرم و کانزایی و تیژڕەو بەناویدا تێدەپەڕیٚ و ئاوی ژێر زەوی زۆری هەیە[30]. زەوییەکەی بە زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت و لەبار بۆ

(24) عەلی سەیدۆ گەورانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.

(25) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢; باڤیٚ رێبەر، نظرة على جبل الكرد، مجلة «متين»، العدد (٢٩)، دهوك، ١٩٩٤، ص ١١٣.

(26) باڤیٚ رێبەر، المصدر السابق، ص ١١٣..

(27) منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كوردستان، -الهامش- ص ٤٠.

(28) آزاد ديركى، نفس المصدر السابق، ص ١٧٦.

(29) نفس المصدر السابق، ص ١٧٦.

(30) رسالة سري كانييه، جريدة «طريق الشعب» الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد «٢٩٠»، حزيران ١٩٩٩، ص ٨.

کاری کشتوکاڵ دەناسرێت، کە زۆرینەیان بەهۆی رووباری خابوورەوە ئاو دەدرێ[31]. ئەم شارە لە سەردەمی میتانییەکان پێی وتراوە «سێ کانی» و لە تەوراتیشدا بە «غوزانا» ناوی هاتووە و عەرەبیش پێیان وتووە «رأس العين»* [32].

### کۆبانی (عەرەب پینار – عين العرب):

ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری حەلەب و رۆژهەڵاتی ئەو پارچەیە کە رووباری فوراتی تێدا دەڕژێتە ناوخاکی سووریا، ناوچەکە بەگشتی کوردییە و «١٢٠» گوندی تێدایە[33]، کە دەکەوێتەوە سەر سنووری تورکیا-سووریا- لەباکوور[34] - و سەربە پارێزگای حەلەبیشە[35].

### حەسەکە

شارێکە دەکەوێتە بەشی خوارووی جەزیرە و پایتەختەکەشیەتی[36] - مەڵبەندەکەیەتی-، بەشی زۆری کوردەکانی ئەم شارە ئێزیدین و لەناوچەی گۆمی خاتوون دەژین، ئەو ئێزیدییانە لەهەمان رەگەزی ئێزیدییەکانی چیای شەنگارن لە کوردستانی عیراق[37]، ئەم شارە لە شێوەی گوندێکی گەورەیە، بەوە کە لەلایەنی چاودێری کردن و پەرەپێدان گرنگی پێ نەدراوە، هەروەکو لەلایەنی پیشەسازی و کارگەسازیدا هەژار و گوێ

(31) نفس المصدر السابق، ص ٨.

(32) آزاد دیرکی، المصدر السابق، ص ١٧٦.

* لەوانەیە (رأس العين) ی عەرەبی هەمان وەرگێڕانی ناوە کوردییەکە (سەرێ کانیێ) بێت کەیەك واتا دەبەخشن.

(33) ژێرارد چاڵیاند و هی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت کورد و کوردستان، م. گۆمەیی و أ. حەوێزی، ستۆکهۆڵم، سوید، ١٩٩٨، ل٣٥٢.

(34) المنجد في اللغة والاعلام، ص ٤٩٨.

(35) نفس المصدر السابق، ص ٤٩٨.

(36) ژێرارد چاڵیاند و هی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٢.

(37) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە؟.



پێنەدراوە[38] ئەم شارە زۆر پڕ خێر و بەرەکەت و پیت و فەڕە لە رووی کشتوکاڵەوە[39].

**دەرباسیە:** شار و ناوچەیەکی کوردنشینە، سەربە پارێزگای حەسەکەیە[40].

### گەڕەکی کوردان «حي الاكرد» لە دیمەشق

«حي الاكراد»* بەم ناوچەیە دەوترێ کە لە نێوان هەردوو دەشتی بەرزە قابۆن لە رۆژهەڵات و ناوچەی «راب جرش» لە رۆژئاوا و چیای قاسیۆن لە باکوور و پشتێنەیەك لە باغ، کە لەگەڵ رووباری یەزید بەرەو باشوور دەڕوات[41].

ئەم ناوچە فراوانە لە دیمەشق دەکەوێتە دامێنی چیای قاسیۆن*، دوو لە سێی بەشی کوردی پایتەختی لێدەژی، و بەشی سێهەمیش بەگەڕەکەکانی تری دیمەشق بڵاون.[42]

کوردی ئەم گەڕەکە لەتیرەی جیاجیا پێکهاتوون[43] - وەك لەداهاتوودا باسدەکرێ-، کە لەگەڵ دیمەشقییەکاندا زۆر تێکەڵاو بوونە تا گەیشتۆتە زمان و بەرگیشیان، بەڵام بەباشی پارێزگاری زمان و کولتووری خۆشیان کردووە[44]، ئەم گەڕەکە جگە لەوەی کە کوردێکی زۆری لێ دەژی هەروا گۆڕستانێکی مەزنیشی لێیە کە گۆڕی چەندین مەزن لە پیاوە هەرە

(38) جريدة «صوت الاكرد»، العدد «٢٧٢»، حزيران ١٩٩٧، ص ٥.

(39) حول تردي الخدمات ، جريدة « الديمقراطي» لسان حال اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا، العدد «٣٧٦»، نيسان ٢٠٠٠، ص٥.

(40) شەنگۆ دملی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

* حکوومەتی سووری ناوە مێژووییەکەی «حي الاكراد»ی هەڵوەشاندۆتەوە و ناوێکی عەرەبی لێ ناوە کە «ركن الدين»ە، بڕوانە: درية عوني، المصدر السابق، ص ١٣٢؛ هەروا «الصالحية» شی پێ دەڵێن.

(41) عزالدين علي ملا حي الاكراد في دمشق بين عامي ١٢٥٠ – ١٩٧٩م دراسة تاريخية اجتماعية اقتصادية، الطبعة الاولى بيروت ١٩٩٨ص ٢٢.

(42) ژێرارد چاڵیاند و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٢.

(43)عەلی سەیدۆ گەورانی، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧٣.

(44) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.

مەزنەکانی کوردی تیانێژراوە، وەکو مەولانا خالیدی نەقشبەند و جەلادەت بەدرخان و چەندانی تری کورد.[45]

ئەم گەڕەکە لە سەردەمی ئەییووبی لە ساڵی ٥٧٠ ك — یا ٥٧٤دا جالیەیەکی کوردی تیانیشتەجێ بوو، کە لەگەڵ هێزەکانی «سەلاحەددین» و بەسەرۆکایەتی ئەویش هاتبوون و دواتر چەندین جالیاتی کوردی یەك لەودای یەك تیا نیشتەجێ بوون[46].

**لەناوچەکانی تر:**

هەروەها ژمارەیەکی زۆریش کورد لە ئەسکەندەرۆنە* دا هەن، لەقەزای ئەسکەندەرۆنەدا لە «جرةاللجة» دا نیشتەجێن کەدەکەوێتە پا دەشتی «عمق - قووڵ»، هەروەکو لە قەزای قەرەقخانیش، هەروا حاجیلیەکە دانیشتوانەکەی بریتین لەکورد و تورکومان.[47]

(45) ئەنـدرێس کـۆنگ و ئوولـۆف گ تاندبـەری، چەوسـاوەکانی زەوی «کوردسـتان»، وەرگێـڕ لەسوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی، سوێد، ١٩٨٨، -پەراوێز- ل ٣٨.

(46) حي الاكراد مركز اشعاع وطني و قومي، جريدة «الحياة jîN» نشرة منطقية دمشق للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا «البارتي»، العدد «٣٠»، ت١ ١٩٩٩، ص ١.

* لیوای ئەسکەندەرۆنە لەسێ قەزا پێکهاتووە کە «ئەسکەندەرۆنە و قەرەقخان و ئەنتاکیە» یە، دانیشتوانەکەی تورکومان و عەرەب و ئەرمەنی و کورد و چەرکەسی و سریانی و کلدانی و جوولەکە بوون. بڕوانە: عەلی سەیدۆ گەورانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢.

(47) عەلی سەیدۆ گەورانی، هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.



## تەوەری سێیەم
## هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان لە سوریا

کورد لە کوردستانی سوریا و شوێنەکانی تری سوریا وەکو هەموو بەشەکانی تر لە چەندین هۆز و تیرە و خێڵ و عەشیرەت پێکدێت، زۆر جار وا دەبینرێ عەشیرەتێکی کوردی لە دوو بەش لەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دەبینرێن، هەندێ جاریش لەوانەیە لەسێ بەشی جیاوازی کوردستانی دابەشکراودا هەبن، ئەمە هۆی تایبەتی خۆی هەیە — ئێرە شوێنی باسکردنی نییە- ، هەروەك پووچەڵی و بێ بەهایی ئەم سنوورە دەستکردانەمان بۆ بەدیاردەخات کە کوردستانی پارچەپارچە کردووە، هەر چۆنی بێ ئێمە لێرەدا بە پێی توانا لەهۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی ئەم وڵاتە دەکۆڵینەوە و باسیان دەکەین، هەر وەك بە پێی بوونی زانیاریش شوێنی نیشتەجێ بوون و هەندێ زانیاری تریش -گەربوو- دەنووسین.

**-ئەکراد ئیبراهیم:**

ئەم عەشیرەتە لەقەزای حەمای رۆژئاوای عاصی دا نیشتەجێن، لە گوندێك کە بەناوی خۆیانەوە «ئەکراد ئیبراهیم» ەوە کراوە، ئەم عەشیرەتە سەرەتا ئێزیدی بوون و دواتر بوونەتە ئیسلام[1]

(1) بۆ زیاتر زانیاري بڕوانە: هل تعلم، جريدة «الحياة jîn» نشرة منطقية دمشق للحزب الديموقراطي الكردي في سوريا «البارتي»، العدد «٣٤»، آذار ٢٠٠٠ ص٧، ئەویش لە کتێبی (احمد وصفی زكريا، عشائر الشام)ی وەرگرتووە.

— **ئەكراد عوسمانۆ**

لە قەزای «مصیاف»* لە پارێزگای لازقیەن، تاوەكو ئێستاش كۆچەرن لەگەڵ ئەوەش كە لە ژینگەیەكی عەرەبیدا دەژین، كەچی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیان هەر پاراستووە[2].

**- ئەتراف شەهر:**

هۆزێكی تێكەڵاوە لە كورد و عەرەب، و لە ناوچەی قامیشلی دا نیشتەجێن[3].

**- ئۆ خیانلۆ:**

عەشیرەتێكە لەنێوان هەر دوو شاری بیرجیك و سروج** دا دەژین[4].

**- ئۆكجە عیزەددین:**

عەشیرەتێكی كوردن و لە كورد داغ و لیوای ئەسكەندەرۆنەدا نیشتەجێن[5].

---

* مصیاف یان مصیاد: شارۆچكەیەكە لە سووریا، لەسەرچیای نوسەیریەی رۆژهەڵاتە، سەر بە پارێزگای «حەما»یە، بە قەڵاكەی ناسراوە، زۆرینەی دانیشتوانی لە شیعەی ئیسماعیلین. بڕوانە: المنجد في اللغة والاعلام، المصدر السابق، ص٦٦٨.

(2) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هل تعلم، جریدة «الحیاة jîn» العدد «٣٢ - ٣٣»، شباط ٢٠٠٠، ص٣. ئەویش لە كتێبی (احمد وصفی زكریا، عشائر الشام)ی وەرگرتووە.

(3) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٩.

** سروج شارۆچكەیەكە لە باكووری شارۆچكەی كۆبانیە لە رۆژئاوای رووباری فورات و لەلایەكی سنووری سووریا. الامیر جلادت بدرخان، احمد فرمان الكیكی و دلالي بري، ترجمة: هجار ابراهیم، مجلة «گولان العربی»، العدد «٢٢»، اربیل، ایلول ١٩٩٨- الهاش- ص ١٤٨.

(4) لیرخ، دراسات حول الاكراد، ترجمە: د. عبدي حاجي، حلب، ١٩٩٤، ص ٦٩.

(5) د. عبدالرحمن حمیدة، المصدر السابق، ص٤.



**- ئالیان:**

هۆزێكی كوردییە و لەناوچەی قامیشلی لەنزیك قەرەچووغ دا نیشتەجێن[6]، خۆیان لەبنەڕەتدا نیمچە كۆچەرن و ژمارەی گوندەكانیان «٥٥» گوندە و «٣٦» یان لەسەر سنووری شامە و زۆر زەوی كشتوكاڵی بە پیت و بەرەكەتیان هەیە[7].

**- بامریانلی:**

هۆزێكن و لە باكووری حەڕڕان و لە خوارووی طوردا دەژین[8].

- بینار عەلی: هوزێكی كوردییە لە رۆژهەڵاتی شاری قامیشلیدا نیشتەجێن[9].

**بەرازان:**

كۆمەڵە هۆزێكی هاوپەیمانن لەناوچەی كۆبانی — عین العرب — دا نیشتەجێن و لە ناوچەی سەرێ كانیشدا بەشێكیان نیشتەجێن[10]، هەروا نیشتەجێی پادەشتی سروجیشن كە دەكەوێتە گوزەرێكی پڕ گێچەڵ لەنێو كورد و عەرەباندا، ئەم هۆزە یەكێتییەكی هۆزایەتی پێكهێناوە كە ئەم هۆزانە دەگرێتە خۆ:[11]

«كیتكان، شێخان، ئۆكیان، شەدادان. عەلی دنلی، مەعافان، زوان، پێچان، دینان، قەراج. میر، دیران».[12]

هەروەكو رایەكیش هەیە كە ئەم هۆزانەش لەم یەكێتیەدا بەشدار بن: «بیزان، شۆران، قەرەكیجان»[13] *

---

(6) د. سعد ناجی جواد، ، المصدر السابق، ص٩.

(7) هجار ابراهیم، اهواء الترجمة القبائل الكردیة في سوریا — نموذجاً-، مجلة «متین»، العدد «١٠٦»، دهوك، ك١ ٢٠٠٠، ص ١٠٧.

(8) لیرخ، المصدر السابق، ص٧٠.

(9) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥٤.

(10) د. سعدناجي جواد، المصدر السابق، ص ٩; محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥٤.

(11) حسین جاف، هۆزەكانی كورد، بەشی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل ل ٣٨ - ٣٩; بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٩٢، ل ل ٨٦ — ٨٧.

(12) هەمان سەرچاوەكانی پێشوو، بەش و لاپەڕەكانیان.

(13) منذ رالموصلي، عرب واكراد. ص ٤٧١.

**- بۆپلان:**

هۆزێکە لە رۆژئاوای قامیشلی دا نیشتەجێن.[14]

- جابیــە:- هــۆزێکی کوردییــە لەناوچــەکانی رۆژهــەڵاتی شــاری قامیــشلی نیشتەجێن.[15]

**- جای کورمانج:**

هۆزێکە لەناوچەی «کورداغ» دا نیشتەجێن[16].

**- جوم (جۆم):**

هۆزێکی کوردییە و لە ناوچەی «جبل الاکراد - عەفرین» دان[17].

**- جیلان:**

ئەم هۆزە کوردییە لەناوچەی سەقلان دا نیشتەجێن[18] .

**- چەمکانلی:**

هۆزێکە لە باکووری حەڕڕان و لە باشووری ((طور)) دا نیشتەجێن.[19]

---

* ئەم هۆزە بەشێکی لە کوردستانی تورکیادا هەیە و مەزهەبیان «عەلەوی و سوننەن».

بروانە: مەهرداد آزادي، القبائل الكردية واماكن تواجدها والتحالف القبلي في كوردستان، ترجمة: معصوم انور مايي، مجلة «گولان العربي»، العدد «٤٣»، اربيل، ك١ ١٩٩٩، ص ٧٨.

(14) د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(15) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص٥٤.

(16) كـونێ رەش، جمعيـة خۆيبـون (١٩٢٧) و وقـائع ثـورة آرارات ١٩٣٠، تقـديم و مراجعـة: د. عبدالفتاح البوتاني، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٠، ص١٤.

(17)د.سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٩.

(18) كونێ رەش، جمعية خويبوون. ص ١٣.

(19) ليرخ، المصدر السابق، ص ٧٠.



**- جەمالدینلی:**

لە باکووری حەڕڕان و لە خوارووی ((طور)) دا دەژین.[20]

**- حەسەنانلی:**

هۆزێکی کوردییە لە سەرووی حەڕڕان و لە خوارووی ((طور)) دا دەژین.[21] *

**- حەسناوفاناو:**

-هۆزێکی کوردییە لەناوچەی رۆژهەڵاتی شاری قامیشلی نیشتەجێن.[22]

**- خلەبان:**

هۆزێکی کوردییە و لە ناوچەی سەرێ کانیێ دا نیشتەجێن.[23]

**- داکشۆری:**

عەشیرەتێکی گەورەیە و لەم هۆزانە پێکهاتووە.

((ئارناس، قەرجواز، رامان، حەسەن کیف، حەسار، کۆلیکە، هەباسبانی، شامیخە)).[24]

**- دەقوریە ((داخوری)):-**

عەشیرەتێکە لەم هۆزە بچووکانە پێکدێت: ((حەمکان، عەلیان، عەباسان، مەحلیان، مەحەلمیە، حەسەنان، ئاشیتان، تەمکان))[25]

---

(20) نفس المصدر السابق، ص ٧٠.

* هەروا هۆزێك لە ناوچەی دێریکی کوردستانی سووریادا هەن بەناوی حەسەنان کە لەوانەیە یەك بن، بڕوانە: د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٩.

(21) نفس المصدر السابق، ص ٧٠.

(22) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥٤.

(23) منذرالموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٩.

(24)حسين جاف، هۆزەكانی كورد، بەشی یەكەم، ل ٤٢.

(25) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٦.

زۆربەیان لەناوچەی ئامودێ نیشتەجێن و بە دژایەتی و دوژمنداریيەتی فەرەنسییەکان ناسراون[26]، بەشێکیان لە نێوان قامیشلی و ئامووددا هەن. و ژمارەی گوندەکانیشیان نزیکەی سەد گوندە[27].

- **دنادیە:**

هۆزێکی کوردییە و لە خوارووی شاری حەلەبدا نیشتەجێن.[28]

- **دێلگان:**

هۆزێکی کوردن لە باکووری رۆژئاوا و رۆژئاوای حەلەب دان و بەشێکیشیان عەلەوی مەزهەبن.[29]

- **سارتان:**

هۆزێکی کوردی کۆچەرن، لە نزیك سەرێ کانیێ — رأس العين — دا جێگیرن[30].

- **سیران:**

هۆزێکە لەناوچەی ئامووده و گوندەکانی دەوروبەری کە سەر بە پارێزگای حەسەکەیە دەژین[31]. و لەنزیکەی «٢٠» گوندی ئامووددان و بە بەشێکیش لە عەشیرەتی دەقووریە دادەنرێن[32].

- **شوکاك:**

---

(26) د. سعد ناجي جواد. المصدر السابق، ص ٩.

(27) منذ الموصلي عرب واكراد، ص ٤٦٦.

(28) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٩.

(29) مەهرداد آزادي، المصدر السابق، ص ٧٩.

(30)حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی دووەم، ل ٧٤.

(31) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٦.

(32) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص٤٨.



بەشە هۆزێکی کوردن و بنکەیان لە شارۆچکەی «شران»ە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری عەڤرین.[33] *

- **شووەیش:**

هۆزێکی کوردییە و لە دەوروبەری ئامووددا نیشتەجێن.[34]

- **شیتیە:**

هۆزێکی کوردن و لە ناوچەی قامیشلی نێوان بریج و رووباری جەراح دا دادەنیشن.[35]

- **شێخان:**

لەگەورەترین عەشیرەتە کوردییەکانە، لە «جبل الاكراد»دا نیشتەجێن.[36] **

- **شێروان:**

عەشیرەتێکی کوردییە و لەناوچەی جۆمە لەنزیك عەفریندا نیشتەجێن.[***] [37] *

---

(33) باڤێ ڕێبەر، المصدر السابق، ص ١١٣.

* شوکاك (شکاك) عەشیرەتێکی گەورەیە و مەڵبەندەکەیان کوردستانی رۆژهەلاتە و لە کوردستانی باشووریشدا هەن. بڕوانە: حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی یەکەم، ل ٢٤.

(رەنگە ئەمانەش هەر بەشێکی ئەم عەشیرەتە گەورەیە بن).

(34) مەهرداد آزادی، المصدر السابق، ص ٧٩.

(35) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص٩.

(36) باڤێ ڕێبەر المصدر السابق. ص ١١٣.

** لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا هەن بەتایبەتی بەشی باشوور کەرەنگە هی لاکانی تریش هەر یەك عەشیرەتی گەورە بووبن بەڵام جیابووینەوە.

*** محمد طلب ناوی ئەو هۆزە بە «کبکیە» دەبات لەوانەیە هەڵەی چاپ یا نووسەر بێت. بڕوانە، المصدر السابق، ص٤٩.

(37) باڤێ ڕێبەر، المصدر السابق، ص ١١٣.

- **دۆکی:**

عەشیرەتێکی کوردییە، و لەناوچەی جەزیرەدا نیشتەجێن.[38]

- **دۆرکان:**

لەناوچەی رۆژهەڵاتی شاری قامیشلی دا نیشتەجێن.[39]

- **عەمکی:**

هۆزێکی کوردە و لە ناوچەی عەفریندا نیشتەجێن.[40]

- **کاباکا:**

ئەم هۆزە لەناوچەی ئاموودە و گوندەکانی سەر بە پارێزگای حەسەکەدا نیشتەجێن[41] و ژمارەی گوندەکان لە ئامووددێ نزیکەی «٢٠» گوندە و بەشێکیشە لە عەشیرەتی دەقوریە.[42]

- **کاسکی:**

عەشیرەتێکی کوردن و لەناوچەکانی جەزیرەدا نیشتەجێن.[43]

- **کۆشکار:**

هۆزێکی کوردن و لەناوچەی «کوردا داغ» و «ئەسکەندەرۆنە»دا نیشتەجێن.[44]

(*) لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا هەن بەتایبەتی بەشی باشوور کە رەنگە هی لاکانی تریش هەر یەك عەشیرەتی گەورە بوو بن بەڵام جیابووینەوە.

(38) نوشین بیجرمانی، معركة بیاندور، مجلة "الحوار"، العدد"١٥"، ربیع ١٩٩٧،ص ٣٢؛ مەهەرداد ازادی، المصدر السابق. ص ٧٩.

(39) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥٤.

(40) د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(41) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٦.

(42) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٤٨.

(43) نوشین بیجرمانی، المصدر السابق، ص ٣٢.



- **کیتکان:**

هۆزێکی کوردن و لەناوچەی رۆژهەڵاتی حەلەب دا دادەنیشن.[45]*

- **کیکی «کیکان»:****

هۆزێکی کوردین و لەناوچەی دەرباسیەدا نیشتەجێن و بە دژایەتی و دوژمنداریيەتی داگیرکەرە فەرەنسییەکان ناسراون[46]. ئەم هۆزە لە کۆنترین هۆزە کوردییەکانی ناوچەی جەزیرەن[47]، و ژمارەی گوندەکانی ئەم هۆزە نزیکەی (١٥٠) گوندە لەناوچەی دەرباسیە و شارۆچکەکەی[48] بەشەکانی ئەم عەشیرەتە سارۆخان، کۆسکان، ئۆماران، هێسکارن، ئیسماعیلان[49] و لە پاشماوەی هۆزە کۆنەکانی ئەم ناوچەیەن.[50]

- **گاباران:**

هۆزێکی کوردە و لە ناوچەکانی قامیشلی دا نیشتەجێن.[51]

گەبارە ((کابارە))

(44) د. عبدالرحمن حمیدة، المصدر السابق، ص ٤٤.

(45)د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ٩.

* هەندێ سەرچاوە رەسەن و بنچینەی ئەم هۆزە دەگەڕێننەوە بۆ ناوچەی کیندە. بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ٩

** محمد طلب ناوی ئەو هۆزە بە «کبکیە» دەبات لەوانەیە هەڵەی چاپ یا نووسەر بێت. بڕوانە، المصدر السابق، ص ٤٩.

(46) نفس المصدر السابق، ص ٩.

(47) هجار ابراهيم ، المصدر السابق، ص ١٠٥.

(48) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٤٩.

(49) نفس المصدر السابق، ص ٥٠.

(50) حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی دووەم، ل ٨١.

(51) عەلی سەیدۆ گەورانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

عەشیرەتێکی کوردی ناوچەی ئامووده‌یە[52]، لەنزیکەی سی گوندی سەربە ناوچەی ئامووده نیشتەجێن و بەشێکە لە هۆزی دەقوری[53].

- **مللی:**

بەگەورەترین عەشیرەت دادەنرێ، بەشێکیان ئێزیدین لە فیرقەی زۆر پێکدێن کە نزیکەی (٥٠) فیرقەیە دەڵێن بەشێك لەوانە فیرقەی عەرەبی رەسەنن. لە رۆژهەڵاتی سەرێ کانییێ و لە شارەگەورەکانی وەکو دیمەشق و حەما و رەققەدا نیشتەجێن[54]، ئەم عەشیرەتە لەگەڵ عەشیرەتی «مللیا» جیایە[55]، ئەو تیرانەش کە لەناوچەی سەرێ کانییێ دان «ناسریان، و مانمیە»ن[56]. هۆزی «میلان»یش بە هۆزێکی هەرەگەورەی ئەم عەشیرەتە دادەنرێ[57] کە لەناو خۆیدا بۆتە دوو بەشە هۆز — هۆزێکی کە «کامووری» و «باموری»یە[58]. هۆزەکانی ئەم عەشیرەتە ئەمانەی خوارەوەن «مشکتلی چمیکان، باکووران، چیارەش، زەبرۆفکان، تاغباش، بوجاق، یەستادان، تیرکان، چوان، مولیکان، میللی، کاسیانی، چەقالی، مەردیسی، عەتر کەشی، جانبەگ، دەریجان، بەگلیان، کاوی، قەرەکیچ[59])) هەروا ئەم هۆزانەش بە خۆیەوە دەگرێتەوە: ((خاتون ئۆغلی، عەمەرانلی، حاجی بانلی، ساخاتی، جیهان بەگلی))[60] *.

---

(52)د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(53) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٤٧.

(54) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(55) نفس المصدر السابق، ص ٩.

(56) حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی یەکەم، ل ٦٧.

(57) د. احمد عثمان ابوبکر، اکراد الملی وابراهیم پاشا، بغداد، ١٩٧٣، ص ٧.

(58) نفس المصدر السابق، ص ص ٨-٩.

(59) د. احمد عثمان ابوبکر، المصدر السابق، ص ١٣.

(60) نفس المصدر السابق، ص١٣.



- **مللیا ((مللیه)):**

عەشیرەتێکی کوردە، لە رۆژئاوا و باشووری شاری ئامووده نیشتەجێن، بەشێکیان یارمەتی فەرەنسییەکانیان دەدا، لەهەمان کاتدا بەشێکی تریان دژایەتی و دوژمنایەتی هێزە فەرەنسییەکانیان دەکرد.[61]

**مەحلەمیە:**

لەناوچەی رۆژهەڵاتی شاری قامیشلیدا نیشتەجێن.[62]

- **میران:**

ئەم هۆزە کوردە بە «کۆچەر»**یش ناوەدەبرێ، لەناوچەی دێریك تاکو گردی رمێلان-تل رمیلان- دا نیشتەجێن.[63]

- **مەرسبینی:**

هوزێکی کوردن و لەناوچەی ئامووده‌دا نیشتەجێن.[64]

- **موسێنە:**

لەناوچەی قامیشلی نیشتەجێن، زیاتر لە هەزارخێزانن، بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن.[65]

---

* محمد طلب هلال بەشەکانی بەم شێوەیە دەنووسێ: «خضرکان، کومنشان، ناجریان دووکان، شێخان، دیدان، ماندان، زیلان...هتد» کە زۆربەیان لەسەرێ کانییێ دادەنیشن، ژمارەیان «١٥٠٠» خێزانە. بڕوانە: المصدر السابق، ص ٥٢.

(61) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(62) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥٤.

** لەوانەیە مەبەست لە سیفەتی کۆچەرییەتی هۆزەکە بێت.

(63) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(64) نفس المصدر السابق، ص ٩.

(65) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص ٥١.

- **مەلانی حدرانی:**

هۆزێکی کوردییە و لە باشووری ناوچەی ئامووەدە دا دادەنیشن.[66]

**- نەشتیا:**

هۆزێکی کوردییە و لەناوچەی جەزیرە دا نیشتەجێن.[67]

هەڤێرکان (هاڤێرکی یا هاڤێرکان):-

عەشیرەتێکی گەورەیە، نیوەی موسڵمان و نیوەکەی تری گاورن[68]-مەسیحین-، لەناوچەکانی ترپە سپی «قبور البیض»* و رۆژهەڵاتی قامیشلیدا نیشتەجێن[69]. ئەم عەشیرەتە مەزنە ژمارەی گوندەکانی دەگاتە «١٤٠» گوند، لە چەندین تیرە پێکدێن کە بریتین لە:- «عەلیخا، سەیدا، دێرمامۆکا، صالحە-صالحا، میزیزاك، پیراڤی، عەربیە، دومانا، قەرەعەلیکا»[70]. هەروەها ئەم هۆزانەش دەگرێتەوە:- «دۆرکی، دومری، ئاڵکا، دل مەمکی، زاخرانی، هەروا هەندێ ئێزیدیش»[71].

هەندێ لە نووسەران بە گرنگترین هۆزی کوردی دادەنێن کە لە کوردستانی رۆژئاوادا نیشتەجێ بوونە[72]. ئەم بەشانەش هەر سەر بەم یەکێتییە هۆزگەرییە دادەنرێت: «وانا، سیدان، دودیکان، مەندان، کۆمارش، خلەجان، کالندان، حاجی

(66) د. سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(67) مەهرداد آزادی، المصدر السابق، ص ٧٨.

(68) حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی دووەم، ل ٨٣.

* شارۆچکەیەکە سەر بە ناوچەی دێریکە لە پارێزگای حەسەکە. د.سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ٩.

(69) نفس المصدر السابق، ص ٩.

(70) حسین جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی یەکەم، ل ٤٩.

(71) نوشین بیجرمانی، المصدر السابق، ص ٢٨.

(72) د.احمد عثمان ابوبکر، الصدر السابق، ص ١١.



بەیرام، حەسەنکان، سارتان، ئۆستاخیان، شەرەفیان، عەلکەوات، داش، هۆسینان، یەسکی، جاجیمانلی»[73].

- جگە لەم هۆز و عەشیرەتانەی کەوا لێرەدا باسکراون، کەچی لە راپۆرتێکی وەزارەتی جەنگی بەریتانیدا لەسەر هەواڵگەری سەربازی بەریتانی ناوی ئەم عەشیرەتانەش هاتوون: «نەدکالیە، بیناریلیا، حوستیە، موشیلیا، ئوسولیا، میکاریا، قەرەشولیکی، عەلۆشیا، قەرە کوچیە، سوارقیا، داریا، کەرکوولیا[74]». بەڵام بەداخەوە شوێنی نیشتەجێ بوون و ناوچەکانیان دیاری ناکات.

-هەروەها هۆزەکانی ((زرکالیا، ئەیوبی، قارەشولیا، روشوانیلیا، کوردمیا، داریا، باراڤیا)) و چەندین خێزانی تر لە حۆران* .[75]

-هۆز و و بنەماڵەکانی ((حی الاکراد)) لە دیمەشق:

بەشە هۆزەکانی ((حي الاكراد)) لە دیمەشق کۆمەڵەیەکی تێکەڵن لە گشت هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی ئەم بەشەی کوردستان — هی پارچەکانی تریش کوردەکانی ئەم شێوێنە هەروەکو پارێزگارییان لە زمان و کولتووری خۆیان کردووە[76]، هەربەم شێوەیەش پارێزگارییان لە ئینتمای هۆزایەتی و عەشیرەتگەری خۆشیان کردووە، نەك هەر ئەمە بەڵکو شێوەیەکی بچکۆڵەی هەموو کوردستانت پێ دەبەخشێ[77]، وەکو

(73) نفس المصدر السابق، ص ص ١٢-١٣.

(74) د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤٢ — ٣٤٥.

* «خالد عبدالمنعم العاني» کاتێ باسی عەشیرەتی کەلهوڕ دەکات، ئەوا ئاماژە بە بوونی بەشێکیان لە حەلەب دەکات، هەر وەك لە «بیت الشباب» یش ژمارەیەك لەم عەشیرەتە هەیە. بڕوانە: موسوعة العراق الحدیث، المجلد الثاني، -باللغتین العربیة و الانكلیزیة –، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٧٧،ص ٩١٧.

(75) عزالدین علي ملا، الصدر السابق، ص٤٢.

(76) عەلی سەیدۆ گەورانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٣.

(77) د. أدیب معوض، المصدر السابق، ص٢٠.

خەڵکی عەشیرەتە هەرەگەورەکانی کوردی وەکو «زازا، مللی، سەرحەدی،، بابا کوردی، بۆلی ، مۆتەکی.... هتد» لێیە[78].

هەروەها لە دەکشۆری ئەم خێزانانەی لێ جیادەبێتەوە «وانلی، بۆتی، شکۆ، شەمدین، یونس قەرەقیجی، بەرازی ...»[79]، لە بینارلیش ئەم خێزانانە «عەجك، دڵکۆ، نەعمۆ» هەن، لە زازاش ئەمانە جیا دەبنەوە : «قەرشولی، بوزو — بوظو-، ئالوس، ئاڵەرەشی، زولفۆ، بێرم....هتد». لە شلیغاش ئەمانە جیادەبنەوە «تەیبا، دیاب ئاغا، حەلیمە...هتد».

لە مللی «کەم نەقش، سەیدی، ئیزۆلی...هتد».

لە ئۆمەری ((کفتارۆ، صۆفی، کرمی....هتد».

لە کیکی «ئەجلیقین، قوترەش، بکداش، ئیش[80]...هتد)).

هەروا زۆر خێزانی تریش کە بێ گەڕاندنەوە بۆ عەشیرەتەکان لەم گەڕەکەدا دەژین وەك «باراڤی، ئەییووبی، حوسنی، شیخۆ، مەتینی ماردینی، زەرکی، زەرکەلی، دێرکی، جەلعۆ، میرخان، رەشوانی، بۆتی - بوطی-، عەکاش، تەمەر ئاغا، شەقەللی، کوچك، کەم ئەڵماس، عیسا[81]»، کەچی ئەم خێزانانەش لەناوخۆیاندا لەژمارەیەك بنەماڵە پێکهاتوون، وەکو باراڤی دەبێتە چەندین بنەماڵەی وەکو «باراڤی، دێوانە، فلۆ، کورۆ، لولب، ئەو سوبلهە» هەر وا ئەیووبیەکانیش چەندین بنەماڵەی گەورەیان لێ کەوتۆتەوە وەك «ئەیووبی، ئیبۆ، حەمیدۆ، دکاك، ستیکا، شکۆ، عەیشۆ، کرد، جەرگۆ، کەشکە، تاجا، خۆشناف، فراقی، کرد مستو[82]...هتد».

---

(78) نفس. المصدر السابق، ص٢٠.

(79) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٢.

(80) نفس المصدر السابق، ص٤٦٢، بۆ زیاتر زانیاریش بروانە: عزالدين علي ملا، الصدر السابق، ص ص ٣٦-٣٧.

(81) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٦٢.

(82) عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٣٥.



مەتینیش چەند بنەماڵەیەکی لێ کەوتۆتەوە وەك «مەتینی، بکاری، سەعدون، صۆفی، کەهارە، دندشلۆ...هتد» و دێریکیش دەبێتە چەند بنەماڵەیەکی لەم شێوەیە وەك «دێرکی، عەرەبانی، خارۆکی منجە، خاتوونە»[83].

## دورزییەکان:

دورزییەکان فیرقەیەکی باطنین و خەلیفەی فاطمی «الحاكم بأمرالله» بە خوا دادەنێن[84]، زۆر لە بیر و باوەڕەکانیان لە «ئیسماعیلییەکان» وەرگرتووە و دەچنەوە سەر «دنشتكين الدرزي» ئەم فیرقەیە لە میسر سەری هەڵداوە و زۆری پێنەچووە گەیشتۆتە شام[85].

بیروباوەڕیان تێکەڵاوە لە چەند بیروباوەڕ و ئایینێك، کە زۆر بەنهێنی ئەنجامیان دەدەن، تاوەکو لە منداڵەکانی خۆشیان دەیشارنەوە تا تەمەنیان دەگاتە چل ساڵی، ئەمجا فێریان دەکەن دامەزرێنەری سەرەکی «حمزه بن علي بن محمد الزورني «٣٧٥ — ٤٣٠ ك» کە خوایەتی «الحاكمی» لە ساڵی «٤٠٨ ك» دا راگەیاندووە و بیروباوەڕی دورزییەتیشی نووسیوەتەوە[86] وەك دەرکەوت ئەم رێبازە بیروباوەڕە نەوەك تیرە و هۆز و تایفە، شوێنی نیشتەجێ بوونیان بریتییە لە چیای حۆران «جبل الدروز»* و حەلەب و دیمەشق[87].

---

(83) بڕوانە: عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٣٦.

(84) الندوة العالمية للشباب الاسلامي، الموسوعة الميسرة في الاديان و المذاهب المعاصرة، الطبعة الثانية، الرياض، ١٩٨٩، ص ٢٢٣.

(85) نفس المصدر السابق، ص ٢٢٣.

(86) نفس المصدر السابق، ص ٢٢٣.

* چیای حۆران یا «جبل»:- ناوچەیەکی چیاییە لە باشووری سوریا لەنێوان دەشتی حۆران لە رۆژئاوا و «اللجاه» لە باکوور و «صەفا» لە رۆژهەڵات، لوتکەکانی گڕکانین، گرنگترینیان «تل جفنه یا ام

جا ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە رایەك هەیە دەڵێ دورزییەکان لە بنچینەدا کوردن و بەکوردیشیان دادەنێن، کەوا لەیەکێك لە قوناغە کۆنەکانی مێژوو لەشامدا نیشتەجێبوونە و لەگەڵ داب و نەریتی دەوروبەرەکەیاندا ئاوێتە بوون[88].

ئێمەش دەڵێین لەبەر ئەوەی «دورزی» رێبازێکی ئاینییە بۆیەش تایبەت نییە بەهۆز و تایفەیەك، نەتەوە و رەگەزێك، هەربۆیە گومانیشی تیادانییە کە بەشێکی ئەم رێبازە کوردن، و بەڵگەش بۆ وتەکەمان عەشیرەتی «جان پۆڵاتە -جنبلاط-» کە عەشیرەتێکی کوردین و لە لوبنان دادەنیشن و سەر بەم رێبازە و سەرکردایەتی ئەم رێبازەش دەکەن[89].

---

حوران»ە، هەروا لە کۆندا پارێزگایەکی سووری بووە بەناوی «جبل الدروز» بەڵام ئێستا بە پارێزگای «سويظ » دەناسرێ. بڕوانە: المنجد فى اللغه والاعلام، ص ٢٨٥.

(87) اديب فرحات، المصدر السابق، ص ١٦.

(88) کاکل محەمەد (بەهرام)، ئایا دورزەکان کوردن؟، گۆڤاری «هەرێم»، ژمارە «٢٣٥»، هەولێر، ١٩٩٩/١١/١، ل ٢١.

(89) الندوة العالمية للشباب الاسلامي، المصدر السابق، ص ٢٢٤.

# بەشی دووەم

## مێژووی کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠)

**تەوەری یەکەم: کورد لە سوریا لە سەرەتای مێژوو تا ١٩٢٠**

**تەوەری دووەم: کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٥)**

**تەوەری سێیەم: کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٠)**

## تەوەری یەکەم
## کورد لە سوریا لەسەرەتای مێژوو تا ١٩٢٠

### یەکەم: کورد و رای نووسەران

وەکو لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا دەرکەوت بەشێکی خاکی سوریای ئەمڕۆ بریتییە لە بەشێکی داپچڕاوی کوردستانی لەت لەت کراو، ئەمە لەگەڵی کوردیش رەنگی داوەتەوە و ئەویشی گرتۆتەوە، کەچی لەسەر ئەمەش زۆرجار و لەزۆر شوێن نکۆڵی لە بوونی کورد و کوردستان لەسەر هەردوولایەنی نەتەوەیی و خاك دەکرێ — تاوەکو ئێستاش — لە لایەن ئەم نەتەوە باڵا دەست و حوکمڕانانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە ئەمە لەلایەك، لەیەکی تر ئەگەر دان بەبوونی کوردیش نرا ئەوا بە کەمەنەتەوە و کەمینەی رەگەزی — الاقلیه العرقیه — ناوی دەبرێ، هەروەك زۆر لە نووسەران و مێژوونووسان — کوێر بەڕاستی و هەقیقەت — کاتێ باسی کورد دەکەن بەغەوارە و بێگانە تا بیانیش ناویان دەبەن، بەڕاستی ئەمانەی لێرە باسمان کرد، هەمووی بە زیادەوەش بەسەر بەشە کوردستانی رۆژئاوادا تێپەڕبووە(*) ئەوەتا

(*) بەڕاستی کەسانی خاوەن ئەم رایانە زۆرن، هەر بۆ نموونە: «د. الجبالی» لە راپۆرتەکانیدا لە ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٨) لە پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسی لە هامبۆرگ پێنج راپۆرتی پێشکەش کردووە کە تیایاندا جەخت دەکات لەسەر:

(1) نەبوونی بەشێکی کوردستان لە سوریا و نەبوونی گەلی کورد لەوێ، و بانگەوازی بوونی «عەرەب لەرەسەنی کورد» لەسەر شێوەی ((ئەڵمانی لە رەسەنی پۆڵۆنی)) بە بۆچوونی خۆی دەکات.

(2) نەبوونی کێشەی نەتەوەیی کورد لە سووریا و نەبوونی بزووتنەوەی نیشتمانی سیاسی کوردی سوریا، و لە دواییشدا نەبوونی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بێ بەشی تا تەنگ و چەڵەمەی کوردیش نییە، ئەمە جگە لە چەندین زانیاری هەڵە و نادروست و دوور لە هەقیقەت.



جگە لەوەی نکوڵی لە بوونی کوردستان دەکەن لە سوریا، کوردەکانی ئەوێش بەشالاوێکی کۆچکەری بێگانەشیان دادەنێن کە لەماوەی «چارەکی یەکەم»ی سەدەی بیستەمەوە کۆچیان کردبێت بۆ ئەم ناوچەیە لەبەر زوڵم و زۆری حکوومەتی کەمالی(*)، بەڵام کورد لە سوریا بەشێکی تەواوکەری گەلی کوردن لەگەڵ پارچەکانی تر، و بەشێکی خاکی کوردستانیش لەم وڵاتەدا هەیە.

بروانە: صلاح بدرالدین، غرب کردستان، ص ١١ — ١٣؛ «مذرالموصلي» نکولّی لە بوونی بەشێکی خاکی کوردستان دەکات کە بەشی رۆژئاوایە و ئێستاش کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سوری، هەروەها ئەم خاکەش کە کوردەکانی لەسەر نیشتەجێن هەرگیزاوهەرگیز بەخاکێکی کوردی دانانێ، بەڵکو کوردیش بە کۆچکەر دادەنێت.

بڕوانە: الحیاة الحزبیة والسیاسیة في کردستان، ص ٤٤ — ٥٣. «GERARD CHALIAND- ژێرارد چالّیاند-» ئەم نووسەرەش کاتێ باسی کورد لە دەوڵەتی سوری دەکات. ئەوا نکۆڵی لە بوونی خاکی کورد و بەشێکی کوردستانی لێ دەکات.

بڕوانە: THE KURDISH TRAGEDY, P. 84

- بەڕاستی هەر یەکێ ئەم بەشە تایبەتییەی لەبارەی کوردی سوریای لەلاپەڕەکانی «٨٤ — ٨٨»ی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ئەوا سەری لەم نووسەرە سوڕ دەمێنێ، لەوەی بەم شێوەیە حوکم لە سەر ئەم خاکە دەدات، ئەویش دوای ئەوەی گشت شوێنە کوردییەکان و شوێنە نیشتەجێکانیان یەك لەدوای یەك دیاردەکات، و دواتر ژمارە و مێژووشیان لەم خاکەدا دەنووسێ هەر لە سەدەی بیست و پێشووتریش، کەچی لە کۆتاییش بە بیانوویەکی زۆر بێ هێز و لاواز و بێ گەڕانەوە بۆ هەقیقەتی جوگرافی و مێژوویی بەم شێوەی باسکرا حوکم بەسەر ئەم بەشەی خاکی کوردستان دەدات، ئەم بیانووە بێ هێز و لاوازەشی ئەوەیە کە ناوچەکوردییەکانی کوردستانی رۆژئاوا بەسەریەکەوە نین لەلایەك، لەلایەکی تریش بوونی کۆچکردوانی کوردی تورکیایە بۆ ئەم شوێنە، تاکو گرێی چوارەمی سەدەی بیستەم.

(*) بۆ نموونەی ئەم رایانەش ئەوەتا «عبدالعزیز شعادة المنصور» لەکتێبەکەی دا بەهیچ شێوەیێ دان بەبوونی کورد نانێ لە سوریا، بەڕای خۆی لەبەر چەند هۆکارێکی وەك کەمی رێژەی کورد— کە

کێشەی کوردیش لەم وڵاتە بە کێشەیەکی راستەقینە و بوویەکی واقیعی و خاوەن ماف دادەنرێ، کوردیش لەم وڵاتە لەسەر زەوی باب و با پیرانی خۆی و خاکی رەسەنی خۆی دەژی[3]، هەروەکو نەتەوەی دووەمی ئەم وڵاتەش پێکدەهێنێ[4]، وەك باسیشکرا- ناوچەکە درێژ بوونەوەیەکی سروشتی خاکی کوردستانە و هیچ لەمپەرێکی سروشتیش لە کوردستانی گەورەی جیاناکاتەوە[5]، هەروا کوردانی ئەم بەشەش لەرووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ کوردی بەشەکانی تری کوردستان لەم رووەوە نییە[6] هەروەك سروشتی نەتەوەیی لەهەموو پارچەکانی کوردستان یەکە، و یەك سەر و سیما و رەوشت و داب و نەریتیشیان هەیە.[7]

ئێستا زیاتر لە ملیۆن و نیوێکن-، هەروا تووش نەبوونیان بە سیاسەتی لە ناو بردن و چەوساندنەوە و جیاکاری رەگەز پەرستی، بە چەشنی وڵاتانی تر کە تووشیان بوو، و بە تایبەتی کوردی کوردستانی تورکیا. بڕوانە: المسألة المائية في السياسة السورية تجاة تركيا. مركز راسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠، ص٢٨٧؛ «منذ رالموصلي» لەکتێبێکی تریدا جگە لەوەی کوردەکان بە کۆچکەرانی تورکیا بۆ سوریا دەزانێ، کەچی کوردەکانی شاری دیمەشق لە سەرووی هەمووشیان هی «حی الاكراد» بە بە عەرەب بوو دادەنێ. بڕوانە: عرب و اكراد، ص ٤٦١؛ «محمد فريد و جدى» کاتێ باسی پێکهاتەی رەگەزی و مەزهەبی گەلی سوری دەکات باسی بچووکترینیان دەکات کە چی باس لە کورد بە هیچ شێوەیێ ناکات، کاتێکیش پێناسەی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی ئەم وڵاتە دەکات، دووبارە بەهەمان شێوە باس لە کورد  ناکات، وەك ئەوەی کورد هەربوونی نەبێت لەم وڵاتە بڕوانە: «دائرة المعارف القرن العشرون الرابع عشر- العشرين»، الجزء الخامس، طبعة دارالفكر، بيروت، (لا. س)، ص ٣٢١.

(3) هيئة التحرير، الحقيقة الكردية في سوريابين التجاهل و التحامل، مجلة «الاتحاد»، العدد «٣٠»، برلين، نيسان ١٩٩٩، ص٤.

(4) نفس المصدر السابق، ص٤.

(5) عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩—١٩٧٠)، تێزی دکتۆرای بڵاو نەکراوە، پێشکەش بە زانکۆی سەڵاحەددین کراوە، ئەیلوولی ١٩٩٩، ل ١١٤.

(6) هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

(7) هەمان سەرچاوە لاپەڕە.



## دووەم: مێژووی کۆنی کوردانی سوریا:

کورد هەر لە کۆنەوە لە سوریای ئەمڕۆدا — و بە تایبەتی لەبەشی باکووری دا هەبووە و لە باری عەشیرەتگەری کۆچەری یان شارستانی جێگیر ژیاون[8].

هەرلەساڵی «٤٠٠ پ. ز» دا مێژوونووسە بیزەنتییەکان (بیزانتس) دەستیان بە نووسین کردووە لەسەر گەلێك کە ناوی کوردە* و لە ناوچەیەکی تایبەت کە پێی دەوترێ کوردستان**، هەروەکو مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی «گەزنە فۆن»*** لەبەرهەمەکەیدا کە «ئەناباسیس»[9] ، لە رێگای گەڕانەوەی دا بەرەو یۆنان بەسەرکردایەتی دەهەزار سەربازی یۆنانی تووشی ئەم گەلە بووە، و لە رێگای تێپەڕبوونی بە خاکی ئەوانردا شەڕیان لەگەڵ دا کردوون، و زۆربە نەبەردانە لێیان وەخۆکەوتوون و ژمارەیەکیشیان لێ کوشتوون، تاوەکو لە سنووری خاکی ئەواندا چوونەتە دەرەوە[10]. هەروا وەرگێڕی فارسی کتێبەکەی «دێرك کینان» رای وایە کەوا کوردانی ئەم بەشەی کوردستانی سوریا بەشێ بوون لەم کوردانەی کە رێیان لە هێزەکەی زەینەفۆن گرتووە و شەڕیان لەگەڵ داکردوون.[11]

رۆژهەڵاتناس و کوردناسی رووسی «مینۆرسکی» -ئێرانناس- شاری جەزیرەی سەر رووباری دیجلەی ناوچەی بۆتان بە لانکی نەتەوەی کورد دادەنێت، و پێشی وایە

(8) محەممەدئەمین زەکی، کورد و کوردستان، بەرگی یەکەم، ل ٣٥.

* دەبێ کاردۆخی بێ.

** دەبێ کاردۆخیا بێ.

*** زەینەفۆن.

(9) صلاح بدرالدين، غرب كردستان، ص ١٥، (ئەناباسیس) وشەیەکی یۆنانی کۆنە و بە واتای (بەبەرزایی سەرکەوتن یارۆیشتن بەرەو سەروو) دێت (زينفون، حملة العشرة آلاف ((الحملة على فارس))، ترجمها عن الانطليزية يعقووب افرام منصور، موصل، ١٩٨٥).

(10) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: زينفون، نفس المصدر السابق، ص ١٦٤ — ١٨١.

(11) مأخذ پيشين، مترجم: جواد هاتفى. ص ٥٩.

که کورد هەر لەوێوە بڵاوبوونەتەوە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و هەر لەوێشەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد سەری هەڵداوە[12].

## سێ یەم: مێژووی کوردی سوریا لە چاخەکانی ناوەڕاست:

لەبارەی نیشتەجێ بوونی کورد لە ناوچەی «کورد داغ و جەرابلوس*»دا وتراوە: «دانیشتوانی کورد داغ و هەندێ دانیشتوانی جەرابلوس لەم ناوچانەدا بەر لەچەندین سەدە لێرە دەژین، مێژووی ئەمانە لەگەڵ کۆمەڵی تری بچووك دەگەڕێتەوە بۆ خێوەت نشینە — مخيمات — کانی سەردەمەکانی ناوەڕاستی سەربازی بۆ سەربازە کوردەکانی دیمەشق و شوێنانی تر، و ئەمانەش هیچ مامایەتی-عمایا- یان پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ کوردەکانی تورکیا یاخود عیراق لەمێژە نییە.[13]

هەروا نووسەر و مێژوونووسی سووری «احمد و صیفی زکریا» پێی وایە کە هاتنی کورد بۆ سوریا بۆ ناوەڕاستی «بلاد الشام» کۆنە، و لەوانەشە یەکەم کەسیش کە ئەمانەی هێنابێت عاملی حمص «شبل الدوله نصر بن مرداس» بووبێ لە ساڵی «٤٢٤ ك»[14] گومانیشی تیادا نییە کە سەردەمی هەرە گرینگ لە مێژووی کورد هەردوو قۆناغی دەوڵەتی دۆستەکی** و ئیمپراتۆرییەتی

(12) کورد تێبینی و وردبوونەوە، حەمە سەعید حەمە کەریم کردوویە بەکوردی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤، ل ل ٣٦ — ٣٧.

* جەرابلوس: شاروچکەیەکە لە باکووری سوریا، سەر بە پارێزگای حەلەبە، المنجد في اللغة والا علام، ص ٢١٠.

(13)دافيد ماكدويل، المصدر السابق، ص ٤٠.

(14) صلاح بدرالدين، الاكراد شعباً و قضية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، ١٩٩٠، ص ص ١٦٨ — ١٦٩.

** دەوڵەتی دۆستەکی (٣٧٢ — ٤٨٦ ك/ ٩٨٢ — ١٠٩٣ ز) دەوڵەتێکی کوردی بووە. لەکوردستانی ناوەڕاست کە بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیا و سوریای ئەمڕۆی گرتۆتەوە، هەندێ



ئەییووبی* بووبێ و دەوڵەتی دۆستەکی کە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی گرتبۆوە و مەڵبەندی سەرەکیشیان هەرلە بنچینەوە ناوچەی کوردی ئێستا لکێندراو بە سوریا بووە، هەروەك قۆناغی ئەییووبیش دەیان ساڵی خایاند، و ناوچە کوردییە ئێستا لکێندراوەکەی بە سوریا بەشێکی هەرەگرینگی لەم دەوڵەتە پێکدەهێنا[15]، هەروا نووسەر «رێنێ دیسۆ» لە پەرتووکێکی بەناوی «تۆبۆگرافیای مێژووی سوریای دێرین» دەڵێت: «هەر لە کۆنەوە کورد داغ و پێدەشتەکانی ئەنتاکیا مەڵبەندی ژیانی کورد بووە»[16].

«کلۆد کۆمین» مامۆستای زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سۆربۆن لە پەرتووکێکی تایبەت بە سووریای باکووری سەردەمی خاچ پەرستەکان و میرنشینی فەرەنجیەکانی ئەنتاکیا باس لەوە دەکات کە شاری «حەما» مەڵبەندی میر «علی بن وەفا» بوو کە بە «عەلی کوردە» ناسراوە و لە ساڵی «١١١٤ز»شدا کۆچی دوایی کردووە، و دوو کوڕی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە «ناسر، و کورد شا» بووە، بنەماڵەی عەلی کورد جگە لە حەلەب حوکمرانی رافانیاش بوون کە ناوچەیەکی

جار دەستی بەسەر بەشێ لە کوردستانی عیراقیش داگەیشتووە، لە گرنگترین شارەکانی (دیاربەکر — ئامەد) میافارقین — پایتەختەکەیەتی- سەرێ کانیێ — رأس العين -، دەرباسیە، ئاموودە، قامیشلی و دێریك هەروا لەگەڵ نسێبین و جەزیرەی بۆتان —جزيرة ابن عمر-، و ئەرزن و بەدلیس و خەلات و ئەردیش و حەسەنکیف، گرانە سنوورەکەی دەست نیشان بکرێ بەهۆی ناجێگیری بارودۆخە سیاسییەکەی، و لەسەردەستی سەلجووقییەکان رووخا.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرقيب يوسف، المصدر السابق، ص ص ١٤- ١٥، ص ص ٣٢١ — ٣٢٣.

* مەبەست لە دەوڵەتی ئەییووبییە (١١٧٣ — ١٢٦٠ ز) کە لەسەر خاکی میسر و وڵاتی شام و بەشێکی گەورەی کوردستان دامەزرا، و پایتەختەکەی شاری قاهیرە بوو.

(15) صلاح بدرالدين، غرب كردستان، ص ص ١٥ — ١٦.

(16) ژێرارد چاڵیاند و هیتر، گەلێکی پەژموردە، ل ٣٥٤.

شاخاوییە و دەکەوێتە نێوان حەما و هەردوو شاری تەرابلوس و لازقیە[17] لە ساڵی «١١٧٣ز» ئەیووبییەکان دەستیان بەسەر سوریا و میسردا گرت لەگەڵ خاکی کوردستانیش، دواتر دەوڵەتی ئەییووبی ڕاگەیاندرا، هەرلەم سەردەمەدا میرنشینی «کلس» بە سەرۆکایەتی «مەند» دروست بوو، کە لە دوای ئامادەکردنی هێزێکی کوردی کە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆشام و چووە ژێر خزمەتی ئەییووبییەکان، سوڵتانە ئەییووبییەکانیش ناوچەیەکی بچووکیان لە نزیك ئەنتاکیە لە سووریا بۆ دابڕی، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پلە و پایەی ئەم شوێنانە کەوا کوردەکانی جۆمە «چیای کورد — جبل الاکراد» و کلس لە سوونی و ئێزیدی پێکەوە لە دەوری کۆبوونەوە، یەکێ لە میرەکانی خێزانی جان پۆڵات دوونهۆمی بۆ نیشتەجێ بوون لەلای ڕۆژهەڵاتی قەڵای سەمعان* و دەوربەری ناوچەکەدا دروست کرد.[18]

«صلاح الدین ایوبی» لەسەرەتاکانی ئازاری ساڵی «١١٩٣ز/ ٥٨٩ك» لە دیمەشق لە دوای نەخۆشییەکی کورت کۆچی دوایی کرد[19] و هەرلە دیمەشقیش دا نێژرا[20].

## چوارەم: مێژووی کورد لە سوریا لەسەردەمی نوێدا

میرنشینی «جانپۆلاد**» کە بنکەکەی «کلس» بوو، «جبل الاکراد» و ڕۆژئاوای ناوچەکەی دەگرتەوە، هەروەکو ناوچەی حەلەب بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتیشی دەگرتەوە،

(17) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥.

* سەمعان:- شارۆچکەیەکی سوورییە و سەربە پارێزگای حەلەبە، هەر وا چیایەکیش هەربەم ناوەوەیە کە چەندین شوێنەواری کەنیسە «دێر» و گوندی کۆنی لەسەر بەرزاییەکاندا هەیە. بڕوانە: المنجد في اللغة والاعلام، ص ٢٠٨.

(18) باقێ ڕێبەر، المصدر السابق، ص ١١٢.

(19) د. سعید عبدالفتاح عاشور، المصدر السابق، ص ٧٧.

(20) ناصر الرباط، صورة البطل صلاح الدين في الخطاب العربي المعاصر، جريدة «الديمقراطي»، العد (٣١٥)، شباط ٢٠٠٠، ص ٦.



دوای ئەوەی عوسمانییەکان میرەکەیان «میر حسین»یان کوشت کە کاروباری میرنشینەکەی بەڕێوە دەبرد، بە هۆی ئەوەی میر و پیاوەکانی نەچوونە یارمەتیدانی سوڵتانی عوسمانی لە شەڕەکانیدا، دوای ئەوە براکەی «میر حسین» کە ناوی «میر عەلی بەگی جانپۆلاد» بوو شۆڕشی ڕاگەیاند. بەڵام دواتر عوسمانییەکان لە ساڵی «١٦٠٦ز» لەسەر دەستی «صدرالاعظم» قۆبۆچی موراد پاشا لەناوبرا[21]، ئەم خێزانە فەرمانڕەوا کوردە لە باکووری شام دا هەر لە ساڵی «١٥٩١ز»ەوە دەستی بەسەر ئیلیاتی «ویلایەتی» حەلەب داگرتبوو[22].

هەروا ئەم ناوچەیە لەسەردەمی میرنشینی بۆتان دا و لەماوەی دوامیری ئەم میرنشینە «میربەدرخان» (١٨٢١—١٨٤٧)ز کە پایتەختەکەی شاری جەزیرەی بۆتان* -ابن عمر- بووە، دانیشتوانی میرنشینەکە جگە لە کورد لە چەندین ڕەگەزی تریش پێکهاتبوون وەکو ئەرمەنی و ئاسووری[1]. ئەم میرنشینە لەسەردەمی میربەدرخان سنوورەکەی لەنێوان وان و سێرت هەتا سێوەرۆك** و خوارووی دیاربەکر لە باکوور بووە، بەڵام لە باشوور لە ڕەواندز لە ڕۆژهەڵات درێژ دەبۆوە بۆ مووسڵ و ژەنگار تاوەکو و ێران شەهر***، لە ڕۆژئاوا بەجۆرێ کە هەموو لایەکی جەزیرەی سەرووی بەتەواوی دەگرتەوە، بەمەوەش کەپێی دەڵێن دەنووکی

(21) باقێ ڕێبەر، المصدر السابق، ص ١١٢.

(22) صلاح عصام ابوشقرا، المصدر السابق، ص ٥٣.

* جەزیرەی بۆتان:- شارێکی کوردییە — ئێستا دەکەوێتە کوردستانی تورکیا — لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوەیە، لە سێ لاوە ڕووباری دیجلە دەورەی داوە تەنها لای ڕۆژهەڵات نەبێ، پایتەختی میرنشینی بۆتان بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صلاح هروری، إمارة بوتان في عهد الاميربدرخان (١٨٢١ — ١٨٤٧) دراسة تاريخية سياسية، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٠، ص ٢١-٣٠، ٧٣.

(23) بۆ زانیاری بڕوانە: صلاح هروري، المصدر السابق، ص ص ١٠٩-١٢٣.

** سێورۆك:- شارێکی کوردییە و لە کوردستانی تورکیایە.

*** وێران شەهر: شارۆچکەیەکی کوردییە، دەکەوێتە باکووری سەری کانیێ لە کوردستانی سووریا. بڕوانە: أ.باكاسي، تاريخ الاكراد في شمال سورية، مجلة «الحوار»' العدد «١٥»' ربيع ١٩٩٧، ص ١٥.

مراوی لە رۆژهەڵاتی سووریای ئێستا بەتەواوی، بەڵام عوسمانییەکان لەساڵی «١٨٤٧»دا ئەم میرنشینەیان لە ناوبرد[23]. هەروەها میرنشینی «ئیبراهیم پاشای مللی» کە پایتەختەکەی «وێران شەهر» بووە لە باشوورەوە لەسەری کانییێ درێژ دەبۆوە بۆماوەی زیاتر لە «٥٠کم» لەناو باکووری سووریای ئێستا[24]. ئەم میرنشینە دوای ئەوەی کوردەکان یەکیان گرت راپەری بەیاریدەی هۆزە عەرەبییەکانیش کەوا لەسەردەمی عەبباسییەکاندا لەم ناوچەیە نیشتەجێ ببوون، بەڵام عوسمانییەکان چواردەوری ئیبراهیم پاشایان گرت لە چیای «ئازیز—عبدالعزیز-» و گرتیان و دواتر لە ساڵی ١٩٠٨دا لە سێدارەیاندا.[25]

هەردوو شاری [دێرەزوور و جەزیرە] کە ئێستا بەشی رۆژهەڵاتی سووریای ئەمرۆ پێکدەهێنن ئەمانە بەشێك بوون لە ویلایەتی مووسڵ لەسەردەمی عوسمانی[26]. و دواتر تاوەکو کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و دواتریش ئەم بەشەی کوردستان هەروەك بەشەکانی تری کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا — لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دا بوو[27].

هەر لە ناو گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ — ١٩١٨) دا خاکی کوردستان وەك زۆر لەم خاکانەی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو لە پەیماننامە نهێنییە سێ قۆڵییەکەی نێوان بەریتانیا و رووسیا و فەڕەنسا کە دواتر بە پەیماننامەی سایکس- بیکۆ (١٩١٥ — ١٩١٦) ناسرا، دابەشکرا[28] لە دیاری کردنی

(24) أ.باكاسي، المصدر السابق، ص١٥،

(25) نفس المصدر السابق، ص١٥.

(26) نفس المصدر السابق،ص١٥، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.احمد عثمان ابوبكر، المصدر السابق، ص ص٢٠-٤٨.،

(27) ڤلاديمير لوتسكي، المصدر السابق، ص٢٥.

(28) صلاح بدرالدين، الاكراد شعباً و قضية، ص ١٣٤.

(29) د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٤،ص ص ٣٠٥ — ٣٠٦.



شوێنەکان بۆ ئەم دەوڵەتە زلهێزانە، ئەوا بەشە کوردستانی رۆژئاوا (سووریا) بەر دەوڵەتی فەڕەنسی کەوت[29]، دوای ئەوە زۆرینەی — هەموو — بڕیارەکانی پەیماننامەی ناوبراو لەرێکەوتننامەی «سان ریمۆ»* کە لە ٢٦ نیسانی ١٩٢٠ بەسترا دووبارە کرانەوە[30]، و لەم نێوانەشدا (١٩١٨ — ١٩٢٠) دەوڵەتی سووری بەشایەتی (فەیسەل کوڕی حسین) راگەیاندرا و تاوەکو رێکەوتی ٢٤ تەمموزی ١٩٢٠ مایەوە[31].

(30) ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی، سایکس بیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٨، ل ١٥.

* مامۆستا «صلاح بدرالدين» دەنووسێ:- «لە کۆنگرەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە سان ریمۆ لە ١٩١٨ دا بۆچوونێك هەبووە بۆ دابین کردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کە ئەم زەوییانەش بگرێتەوە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی رووباری فوراتەوە». بڕوانە: غرب کوردستان، ص ١٧.

(30) جاسم محمد حسن العدول وآخرون، المصدر السابق، ص ١٤٦.

(31) حسن الفكهاني، المصدر السابق، ص ١١.

## تەوەرەی دووەم
## کورد لە سووریا لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٥

### یەکەم: کورد و بەرگری لە بەرامبەر فەڕەنسییەکان

هەر لەم کاتەدا کە فەڕەنسییەکان ئاگادارییەکیان پێشکەش بە حکوومەتەکەی «شا فەیسەڵ» کرد، بۆ دەست هەڵگرتن لە بەڕێوەبردنی وڵات، مەترسی و تۆقین شا فەیسەڵ و چەند بەرپرسێکی تری حکوومەتی سووری داگرت، کەچی لە ڕێکەوتی «٢٠ی تەمووزی هەمان ساڵ -١٩٢٠- خۆپیشاندانێك بە مەبەستی هاندانی فەیسەڵ و حکوومەتەکەی بۆ بەرگری کردن بە سەرۆکایەتی لێژنەی نیشتمانی لە دیمەشق ڕێکخرا، خۆپیشاندەران دەستیان بەسەر چەك و جبەخانە دا گرت بە مەبەستی لێدانی فەڕەنسییەکان، فەیسەڵیش سوپای نارده سەر ئەم خۆپیشاندەرانە، بە سەرۆکایەتی «میر زەیدی برای شا فەیسەڵ»، ئەوە بوو هێرشیان کردە سەریان و ئاگربارانیان کردن کە بوو بەهۆی کوژرانی «٢٠٠» نیشتمانپەروەر[1]، دوای ئاگربارانی جەماوەری خۆپیشاندەر فەیسەڵ خۆی دەداتە دەست فەڕەنسییەکان و کۆنگرەی سووری هەڵدەوەشێنێتەوە، و ڕێشی بە فەڕەنسییە داگیرکەرەکان دا کە بێنە ناو دیمەشق[2]. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی شا فەیسەڵدا و حکوومەتەکەی شۆڕشگێڕێکی کورد سەرکردایەتی کۆمەڵەی نیشتمانپەروەرانی سووری دەکات کە «یوسف العظمة»*ی

(1) ڤلادیمیر لوتسکی، المصدر السابق، ص ٩١.

(2) نفس المصدر السابق، ص ٩١.

* بۆ ڕەگەزی کوردی ئەم شۆڕشگێڕە، بڕوانە: آخر کلام من الاحداث القرن نصف الآخر، جريدة "طريق الشعب"، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد "٢٦٢" آذار ٢٠٠٠، ص٨؛ في الذكرى الرابعة والخمسين لجلاء المحتل على ارض الوطني، جريدة "الديمقراطي"، جريدة يصدرها الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا، العدد "٣١٧"، نيسان ٢٠٠٠، ص ١، ٥؛ ذكرى الجلاء جريدة، "الحياة jîn" العددان "٣٥-٣٦"، نيسان- آيار ٢٠٠٠، ص ٢.



وەزیری بەرگری حکوومەتەکەی شا فەیسەڵ بوو. لەم کاتەی لە فەرمانەکانی فەیسەڵ یاخی دەبێ، بەچەك و تفاقی خراپ و کەسانێکی مەشق پێنەکراو لەشوێنە بەرزەکانی دیمەشق لەدژی فەڕەنسییەکان دەکەوێتە شەڕکردن، بەمەبەستی ڕێگە پێگرتنیان لەچوونە ناو پایتەختی دەوڵەتی سووری، کە لە دواییدا ئەم نیشتمانپەروەرانە لە شەڕێکی نابەرامبەر لەسەر گردەکانی مەیسەلۆن کوژران[3]، و دواتر هێزە فەڕەنسییەکان لە بەرواری «١٩٢٠/٧/٢٤»دا چوونە ناو دیمەشقەوە بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ گۆرۆ لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی مەیسەلیۆن کە قارەمانی کوردیش «یوسف العظمة»ی تیا شەهید بوو[4].

لە ڕێکەوتی «١٠ی ئابی ١٩٢٠» پەیماننامەی سیڤەر گرێدرا کە بەندەکانی «٦٢، و ٦٣، و ٦٤»ی ئەم پەیمانە تایبەتمەند بوو بە کورد[5]، جا ئەوەی لێرەدا لامان گرنگە ئەوەیە کە لە بەندی «٦٢»ی پەیمانەکەدا کوردستانی سووریا لەگەڵ ناوچە دەستنیشان کراوە خودموختارییەکەدا بوو، کەوا بڕیار بوو بەکورد بدرێ[6].

لەبارەی دەست پێکردنی ناوی «کوردستانی خواروو- خۆرهەڵات»، ئەوا لە پەیماننامەی ئەنگلۆ فەڕەنسییەوە دەستپێدەکات کە لە ڕێکەوتی «٢٣ت١ ١٩٢٠» لە پاریس بەسترا، کە بەپێی بڕیارەکانی ئەم پەیمانە زەوییەکانی ژێر حوکمی هەردوو ماندانی ئەم دەوڵەتە گەورانە لە سووریا و عیراق دیارکرا[7]، ئیتر هەر لەم بەروارەش بەدواوە هەردوو زاراوەی کوردستانی خواروو بۆئەم پارچەیەی خرایە سەر دەوڵەتی عیراقی عەرەبی، و کوردستانی خۆرئاواش بۆ ئەم پارچەیەی کە خرایە ژێردەسەڵاتی

(3) ڤلادیمیر لوتسکی، المصدر السابق، ص ٩٢.

(4) حسن الفكهاني، المصدر السابق، ص ١١.

(5) محمد احسان، المصدر السابق، ص ٢٣.

(6) بڕوانە: د. عەبدولڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(7) م.س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ترجمة: د. عبدي حاجي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١، ص ٢٦٤.

حکوومەتی «فەرەنسی- سووری» هاتە کایەوە لەئەنجامی ئەمەشدا عەشیرەتە کوردییەکان خۆیان لە دوو سنووری جیاواز لە یەکترەوە دییەوە کە نزیکیشە لە یەکتری، کە هەندێ جار خزمایەتیش لە نێوانیاندا هەبوو[8]، دواتریش سنووری سووریا و تورکیا بەپێی بریارنامەکەی لەندەنی ((٩ی مارسی ١٩٢١))ی نێوان فەرەنسا کە مانداتی بەسەر سووریاوە بوو و تورکیای کەمالی، دیارکرا*، بەبێ حیساب بۆ کورد کردن، بۆیەش سێ پارچەی کوردنشین بەر سووریا کەوتووە، بەڵام لەلای باکوورەوە گیرفانێکی عەرەبییان لە رۆژهەڵاتی شاری کلس بۆ تورکیا بەجێ هێشتووە[9].

لەکانوونی یەکەمی «١٩٢٠»دا راپەرینێکی نوێ لە باکووری سووریا لە ویلایەتی حەلەب و لە ناوچەی لازقیە سەری هەڵدا، کە شەرێکی گشتگیری هەموو ناوچە درێژبۆوەکەی نێوان ئەسکەندەرۆنە و حەلەبی گرتەوە، بەتایبەتی «جبل الاکراد» و «جبل الزاویە» کە بارەگای سەرکردەی شۆرشگێران «ابراهیم هەنانۆ»ی لێبوو، و دواتر ئەم سەرکردە کوردە** و هاوەڵەکانی توانییان چەندین ناوچە ئازاد

(8) نفس المصدر السابق، ١٩٩١، ص ٢٦٤.

* هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەم پێکهاتنە سەربازییەی نێوان بەکر سامی بەگ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا "بریان" لە دەرەوەی کۆنگرەی لەندەن بووە لە رێکەوتی "٩ی ئادار" کە تیایدا فەرەنسا جێی کۆنی خۆی سەندەوە، و تورکیاش چەندین دەستکەوتی وەرگرت. بروانە: م.س. لازاریف، المصدر السابق، ص ٢٧٠.

(9) ژیرارد چالیاند و هیتر، گەلێکی پەژموردە، ل ل ٣٥٣- ٣٥٤، بۆ ناوەرۆکی ئەم پێکهاتنە بروانە: پاشکۆی ژمارە "أ"ی ئەم باسە.

** بۆ کوردایەتی ئەم سەرکردەیە بروانە: عادل الیزیدي، تاریخ سوریة و الدور الوطني الكردي، جریدة "الشرق الأوسط، العدد "٦٩٠٤"، لندن، الخمیس ١٩٩٧/١٠/٢٣، ص٨، د. بدرخان السندي، قراءة كردية في الثورة السورية، مجلة "كاروان"، العدد "٢٩"، اربیل، ١٩٩٨، ص ١١٤؛ میر بصري، اعلام الكرد، لندن، ١٩٩١، ص ص ٩٩-١٠٢.



بکەن[10]، لە «ئادار- حوزەیرانی ١٩٢١»دا توندترین شەر روویدا سێ تیپ کە ژمارەی سەربازەکانی «٣٠ هەزار» سەرباز بوو لەسوپای فەرەنسی بە سەرکردایەتی جەنەراڵ گراندگور «Grand cour» چوونە سووریای باکوور و هەر لە حەما تا دەریای ناوەراست کە بنکەی شۆرشگێرانیان کوژاندەوە[11]، هەروەك فرۆکە و هێزی پیادە گوندەکانیان بۆردوومان کرد، و لەبەرامبەر ئەمەشدا شۆرشگێران بەرگری زۆریان کرد و لێدانی توندیشیان لە فەرەنسییەکان دا[12]، بەهاتنی مانگی تەموزی ١٩٢١ بزووتنەوەی جووتیاران سەرکوت کرا لە قەزای حەلەب، و سەرکردە شۆرشگێرەکەشی — ئیبراهیم هەنانۆ-ی ناسراو بە باوکی نیشتیمانپەروەری[13]- ابو الوطنیة- ناچار بەرەو رۆژهەڵاتی ئەردەن هەڵات و دواتر ئینگلیزەکان گرتیان و دایانەوە دەست فەرەنسییەکان[14]. جگە لەم سەرکردە کوردە ژمارەیەکی زۆریش لەو شۆرشگێرانە کوردبوون و دیارترینیشیان شۆرشگێری کورد «مەحۆ جەجۆ»یە کە یەکەمین فیشەکی لە شۆرشی «جبل الزاویە» لەگەڵ «ئیبراهیم هەنانۆ»ی سەرکردەی بەرووی فەرەنسییە داگیرکەرەکاندا تەقاند[15].

پێکهاتنی فەرەنسی- تورکی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا لەساڵی ١٩٢١ — وەك باسکرا- سنوورێکی خەیاڵی دیاریکرد و کوردستانی رۆژئاوای دابری بۆ سووریا، کە بوو بەهۆی لە رەگ دەرهێنانی هەزاران خێزان و خزم و کەس و جیاکردنەوەیان لە

(10) فلادیمیر لوتسکی، المصدر السابق، ص ص ١٤٠-١٤١.

(11) نفس المصدر السابق، ص ١٤١.

(12) نفس المصدر السابق، ص ١٤١.

(13) عادل الیزیدي، المصدرالسابق، ص ٨.

(14) فلادیمیر لوتسکی، المصدر السابق، ص ١٤١، د.محي الدین السفرجلاني، المصدر السابق، ص ٧٤-٧٦، د. بدرخان السندي، قراءة كردية في الثورة السورية، ص ١٤٤-١٤٥.

(15) من مظاهر التفرقة القومية تعریب الاسماء، جریدة "الدیمقراطي"، العدد "٣٧٢"، شباط ٢٠٠٠، ص ٨.

دووبەشی کوردستانی جیاواز و لەدوو دەوڵەتی جیاواز، لە پێوانەی کێشانی ئەم سنوورەشدا هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانی بەخاڵی جیاکردنەوە دانرا لەنێوان کوردستانی تورکیا و کوردستانی سووریا، بەمەش بەشی ڕۆژئاوا خرایە سەر سووریا کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی فەڕەنسیدا بوو، بە مەرجێ سەربەستی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە و کۆمەڵایەتی و دەربڕینیان پێ بدرێت[16] *. ئەمەش تەنیا بە مەبەستی زیادکردنی ئەم زەوییەی کەوا خۆی —فەڕەنسا- حوکمی دەکرد، بەبێ گوێدانە هەق و مافی گەلێکی جیا لەم ڕەگەزانەی کە دەخرێنە سەریان و حوکمیان دەکەن. ئیتر بەمەش دوژمنی کورد زیادی کرد کە دەبوو بەرووی چەندین هێزی داگیرکەر بوەستێ، لەسەرێکەوە داگیرکەری ڕاستەوخۆی خاکەکەی کە هەردوو دەوڵەتی تازە دروستکراوی سووریا و تورکیا بوو، لەلایەکی تریشەوە فەڕەنسییەکان کە مانداتیان بەسەر سووریاوە بوو، ئەمەش ئەوەندەی تر کێشەکەی قووڵتر کردەوە، کە لەدواییدا دیارکەوت بەوەی کورد لەسووریا بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری بەرگری کردنی کرد لەدژی داگیرکەری فەڕەنسی[17].

(16) ع. الملا، غرب کردستان، جریدة "میدیا"، العدد "٧٧"، السنة الرابعة، اربیل، الآثنین ٢٣/١٠/٢٠٠٠، ص ٣.

* هەندێ سەرچاوە دیاریکردنی سنووری نێوان سووریا و تورکیا بە پەیماننامەی فرانکلین بویون دادەنێن لە ڕێکەوتی "٢٠ ت١ ١٩٢١" لەنێوان تورکیا و فەڕەنسا و ماوەی "١٥" مانگیش بۆ دیاریکردنی سنووری تورکی عیراقی دانرا بەهۆی بارودۆخی خراپی سەربازی بڕوانە: في ذكرى معاهدة لوزان، جريدة الديمقراطي"، العدد "٣٣٧" تموز ١٩٩٨، ص ٦؛ لە بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزیشدا هاتووە کە فەڕەنسا لە "١٩٢١"دا لە ڕێکەوتنێك لەگەڵ تورکیا وازی لە دوو ناوچەی کوردستانی سووریا هێنا بۆ تورکیا، کە ناوچەی جەزیرەی "ئیبنو عومەر و نەسیبین" بوو، بڕوانە: د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

(17) شەنگۆ دملی سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.



## دووەم: شەڕی بیاندور

لەم کارە نەبەردییانەی کە گەلی کورد لە سووریا پێی هەڵساوە لەناوچەی جەزیرە ئەوەیە کۆمەڵێ لە عەشیرەتە کوردییەکان لە ناویشیان عەشیرەتی حاجی سلێمانا، و دورکان و هیتر لە کوردەکانی جەزیرە هێرشیان کردە سەر بارەگای سەرکردایەتی فەڕەنسییەکان کە لەژێر فەرمانی جەنەراڵ «ڕۆگان» بوو، لەساڵی «١٩٢٣» کە دواتر شەڕێکی گەرم ڕوویدا لەنێوان هەردوولادا[18]، و ئەمەش بووە هۆی ڕاپەڕینی مەزنی بیاندۆر لە نزیك شاری قامیشلی لە جەزیرە، ئەم شەڕەش کە ڕوویدا دژی فەڕەنسییەکان، تێکۆشەران لاپەڕەیەکی پڕشنگداریان لە خەباتی پارێزگاری وڵات تۆمار کردووە، ئەم چالاکییە گرنگە و چەندین چالاکی و شەڕی گرنگیش لە پارێزگای حەسەکە ڕوویداوە، کەچی بە ئەنقەست لەبیر براوەتەوە و باسیشی لێناکرێت[19].

بیاندور خۆی گوندێکی کشتوکاڵییە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە «٩٠٠» کەس بووە، و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قامیشلی، فەڕەنسییەکان لە «٣ی ئایاری ١٩٢٣»دا هاتنە ناوی و مەخفەرێکیان دروستکرد کە قایمقام و قازی و بەندیخانە و گرتووخانەی تێدابوو[20]، ژمارەی سەربازە فەڕەنسییەکان زیاتر لە «١٥٠» سەرباز بوو، و زۆربەیان لە «دێرەزور» بوون، و کابتن «ڕۆگان» سەرکردایەتی دەکردن، کە بە دژایەتی و هەتك پێکردن و قین و بوغز بۆ خەڵکی ناوچەکە ناسرابوو، هەروەك بە زاڵمانە دەجوولایەوە، چەندین جار پیاوە ناسراو و کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەکەی وەکو «یوسف حەسۆ»ی موختاری بیاندور و «ئەحمەد یوسف»ی موختاری گوندی «سەیحە» و زۆر لە کوڕانی ئەم گوندانەشی بەند دەکرد، بەندکردنی ئەمانەش

(18) نوری بطرس، لمحة تاریخیة عن اکراد الجزیرة لـ(عبدالحمید درویش)، مجلة "گولآن العربي"، العدد "٥٤"، اربیل، ت٢ ٢٠٠٠، ص١٢٩-١٣٠؛ محمد ملا احمد، فرنسا والاکراد في سوریا، ص ٣٨.

(19) معرکة بیاندور صفحة مشرقة لشعبنا، جریدة "طریق الشعب"، الجریدة المرکزیة للحزب الیساري الکردی في سوریا، العدد "٢٧٨" حزیران ١٩٩٨، ص ٥.

(20) نفس المصدر السابق، ص ٥.

لەدواجاردا بەهۆی کوژرانی قایمقامەوە بوو[21]، لەم کاتەشدا «رۆگان» چاڵێکی لەژێر زەویدا هەڵکەند و دوانزە کەسی لە پیاوانی گوندەکەی تیا بەند کرد، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەش ئازار و ئەشکەنجەی دان، لەوانەش «عەبدو ئەحمی و خەڵەف بادی و خەڵەف جومعە، و حەسەن مادۆ، سلێمان عەباسی موختاری گوندی دکری»[22] . بە زیادبوونی دەسەڵاتی «رۆگان» و هەتك کردنەکەی بە خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەکی رۆژ لەدوای رۆژ و بەهۆی ئەمەشەوە خەڵکی ناوچەکە زیاتر نارەزاییان دەربڕی و لەدواجاریش هێرش کرایە سەر مەخفەرەکە و «کابتن رۆگان»یش لەسەر دەستی تێکۆشەر «عەباس عەمۆکە»* کوژرا[23] و لە گوندی «حەلوە»شدا زۆر لە سەربازە فەرەنسییەکانی ناوچەکەیان کوشت و لە بەرئەنجامی حەڤدە کەسیش لە تێکۆشەران شەهید بوون و چواردەشیان بریندار بوون کە لەناویاندا ئافرەتێکی تیابوو[24]، دواتر حاجۆ ئاغا لە کوردستانی تورکیاوە پەڕییەوە و هات بۆ ناوچەکە و شوێنی سەرکردایەتی جەنەراڵ «رۆگان»ی ئاگر تێبەردا و سووتاندی[25] و دواتر یەکسەر هەر لە هەمان شەودا خاکی کوردستانی سووریای جێهێشت و چۆوە ناو خاکی تورکیا[26] ئەم شەڕە بەناوبانگە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣دا روویدا و قایمقامی

(21) معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، المصدر السابق، ص ٥.

(22) نفس المصدر السابق، ص ٥.

* لە عەشیرەتی "حاجی سلێمانا"ی کوردی بوو، بڕوانە: نوشین بیجرمانی، المصدر السابق ص ٣١.

(23) نفس المصدر السابق، ص ٣١، معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، المصدر السابق، ص ٥.

(24) معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، المصدر السابق، ص ٥.

(25) هەندێ سەرچاوە هەر "حاجۆ ئاغا" بە بکوژی "کاپتن رۆگان" دادەنێن. بڕوانە: محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكردية الارمنية، ص ٤٣.

(26) نوشين بيجرماني، المصدر السابق، ص ٣١.



یارمەتیدەری فەرەنسییەکان لە ناوچەکە کوژرا[27]. کەچی ئەم لاپەڕە گەش و شەڕە نەبەردانەیە، وەکو شەڕەکانی تری «ئامودە و سووتاندنی حەناویە- حرق الحناويە-» و هیتر بە دەستی ئەنقەست و بەبیر و بۆچوونی رەگەز پەرستانەی حکوومەتی سووری لەبیر براوەتەوە* [28].

لەرێکەوتی «٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣»دا پەیماننامەی لۆزان لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمان و تورکیای کەمالی مۆرکرا، کە تیایدا و لە بەندەکانی هیچ باس و خواسێکی کورد و مافی نەتەوەیی ئەم گەلەی تیا باس نەکرا[29].

## سێیەم: کوردی سووریا و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران:

لەدوای مۆرکردنی پەیمانی لۆزانی «١٩٢٣» کە بەیەکجاری هەموو مافێکی کوردی پشتگوێ خست، تورکیا دەستیکرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ و رەگەزپەرستی و رەشکردنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا[30]، ئیتر بەمەش کوردەکان کەوتنەخۆ بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم کار و کردەوە خوێنڕێژییە، و نەخشەی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە کوردستانی تورکیادا کێشرا، کە رۆژی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە رێکەوتی «٢١ ئاداری ١٩٢٥» بێت، کەچی بەهۆی چەند شەڕ و

(27) محمد ملا احمد، صفحات من التأريخ التحرر الوطني الكردي في سورية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الاولى، اوفسيت هەولێر، اربيل، ٢٠٠١، ص ١٦٩.

* جگە لە باسنەکردنی ئەم شەڕ و راپەرینە مەزنە لەنێو سەرچاوەی کتێبە مێژووییەکانی تایبەت بە مێژووی سووریا، کەچی هەندێ کەسیش بە راپەرینێکی عەرەبی دادەنێن، تا ئەو رادەیەی کە هەندێ گێڕانەوە دروستکراون کە بکوژی "جەنەراڵ رۆگان" بە کەسێکی وەك "احمد ابراهيم خليل" کە بەرەسەن عەرەبە دادەنێن. بۆ وەڵامی ئەمانە بڕوانە: نوشین بیجرمانی، المصدر السابق، ص ٣١ و دواتر.

(28) معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، المصدر السابق، ص ٥.

(29) في ذكرى معاهدة لوزان، المصدر السابق، ص ٦.

(30) د. بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٦-٧٧.

پێکدادانێکەوە بەر لەڕۆژی دیاریکراو بەدوو هەفتە واتە لە «٧ ئادار» شۆڕشەکە دەستیپێکرد، بەمەش نەخشە کێشراوەکە گۆڕا، دواتر شۆڕش لەگەرم بووندا بوو بە سەرۆکایەتی «شێخ سەعیدی پیران»[31] ، و سەرکردایەتی سوپاش «خالید بەگی جبرانلی- سەرهەنگی کۆنی سوپای حەمیدی»[32] ، دوای ئەوە توانرا چەندین ناوچەی تری وەکو «خارپووت، رۆژئاوای رووباری وان، مەلاتیا...هتد» رزگار بکەن[33]، گەرچی ئەم شۆڕشە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵام گورزێکی گەورەی وەشاندە حکوومەتی تورکی، و حکوومەتی تورکیش لە بەرامبەر ئەمەدا زۆر بە دڕندە و خوێنڕێژی بەربووە گیانی کەسانی بێ دەسەڵات و هەژاری کورد، لە کۆتاییش لە رێکەوتی «١٤ ئەیلولی ١٩٢٥» شێخ سەعید و «٥٤» کەس لە شۆڕشگێڕانی لە دیاربەکر لەسێدارە دا[34].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسکردنی رۆڵی کوردانی کوردستانی رۆژئاوا و سووریایە لەم شۆڕشە کەوا بەشداری چاکیان تیایدا کرد بەتایبەتی ئەوانەی سەرسنوور، هەندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ((کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان)) کۆبوونەوەیەکی خۆی لە حەلەب و لە دەرەوەی سنووری خۆی لە ساڵی «١٩٢٤»دا گرێدا، بۆ دانانی نەخشەیەك لەدژی سیاسەتی بەتورك کردن کە حکوومەتی تورکی دژ بە کورد و ناوچەکانیان گرتبوویە بەر، هەر وەکو بەروارێکی دیاریکراویش دانرا بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی کوردی چەکداری لە ساڵی «١٩٢٥»[35] .

(31) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(32) کریس کوچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا، و: محمد ریانی، تاران، ١٣٦٩، ل ١٣٩،- پەراوێزی- ل ١٤٣.

(33) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل ل ١٤٦-١٥٠.

(34) ژیرارد چالیاند و هیتر، گەلێکی پەژموردە، ل ل ١٣٦-١٣٧.

(35) احمد عبدالباقي احمد، الدور السياسي للقوميات في تركيا "الاكراد" دراسة حالة، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى معهد الدراسات الثقافية والاشتراكية، جامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٩، ص ٧٥.



هەروەها لەپاش تێکشکانی شۆڕشەکە سوریا ببووە پەناگەی ئەو کوردانەی کەلە تورکیا رایان دەکرد بەهۆی سیاسەتی توندوتیژ و گرتن و کوشتنی حکوومەتی تورکی، کە تا ئەم کاتەش کێشەی سنوور لەنێوان فەڕەنسای مانداتی سووریا و تورکیای کەمالی کۆتایی پێ نەهاتبوو[36]، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش فەرەنسییەکان ئاشتییان لەناوچەی جەزیرە پێ نەگێڕدرایەوە، کە کوردە شارنشینەکان تیایدا دادەنیشتن کە دژ بە تورکیای کەمالی و سیاسەتە لەناوبەرەیەکەی بوو، بۆیەش دواتر هەموو نەیارانی رژێمی کەمالیستیان هاندەدا بۆ هاتن بۆ ئەم ناوچەیە و جێنشین بوون لێی و وەبەرهێنانی زەوییە بە پیت و بەرەکەتەکەی کە بە نەچێندراوی دەمایەوە، بۆیەش دەیان هەزار لە کورد و ئەرمەن و کلدان و سریانی و جوولەکەش لە زەوی باب و باپیرانیان هاتنە ناوچەکە و بەمەش بەهۆی شارەزایی و دارایی و لێزانییان چەند ساڵێك بەس بوو بۆ ئەوەی جەزیرە بکەن بە کالیفۆرنیای سووری* [37] . هەر لەگەڵ ئەم کۆچکردوانەش و دوای لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران دوو لە کوڕانی شێخ سەعید کە «صلاح الدین، و سعد» بوون هاتنە ناوچەکانی سووریاوە، ئەم دووە لەگەڵ هەندێ لە هاورێیانیان چوونە کونسوڵخانەی تورکیا لە حەلەب و ملکەچی خۆیان بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا پیشاندا، ئەوانیش بەمە رازیبوون و دواتر چوونەوە بۆ تورکیا کە لە شاری ئەرزەرۆمی نزیك شوێن و گوندەکەی خۆیان نیشتەجێ بوون[38]، و دووبارە دەستیان بە خەبات کردەوە لەسەر ئەم نەخشەیەی بۆ زیندوو کردنەوەی شۆڕشی کوردی و درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی لەسەر ئەم نەخشەیەی کە لە سووریا کێشابوویان، هەروەك کۆمەڵەیەکی سیاسیشیان بەناوی «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی

(36) د. عەبدولڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨-٩٩.

* مەبەست لە بەپیت و بەرەکەتی خاکی جەزیرەیە.

(37) نورالدين زازا، حياتي الكوردية او صرخة الشعب الكردي، ترجمة: روني محمد دملي، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠١، ص ٤٣.

(38) کونی رەش، جمعيه خويبوون (١٩٢٧)، ص ص ٦٨-٦٩.

کوردی» هەر لە سووریا دروستکردبوو بۆ رزگار کردنی کوردستان و راگەیاندنی سەربەخۆیی، کە کاتێ چوونەوە کوردستانی تورکیا ئەم نەخشەیە پراکتیزە بکەن، کەچی لەدواییدا لەگەڵ دوانزە کەس لە سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە گیران[39].

لەدوای شۆڕشەکە لەساڵی ١٩٢٦دا حاجۆ ئاغا* لەدوای شەڕێك و ئاگر تێبەردانی شوێنگەیەکی سەربازی تورکی، توانی سنووری تورکیا ببڕێت و بگاتە کوردستانی سووریا**. دوای ئەوەی لەچیای هەڤێرکا هاتە خوارەوە، کەچی لەشکری تورکی لە گوندی ئاڵە قەمشێ*** لە تۆڵەی ئەمەدا «١٤٣٤» کەسی لەم گوندەدا کوشت و بڕ کرد[40].

(39) نفس المصدر السابق، ص ص ٦٩-٧٠ و دواتر.

* هەندێ سەرچاوە واباس دەکەن کەوا حاجۆ ئاغا لە شۆڕشەکەی شێخ بەشدار نەبووە، بەڵام دواتر پەشیمان بووە. بڕوانە: هەژار، چێشتی مجێور، ئامادە و سەرپەرشتی چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل ٢٣٠.

** بۆ زانینی چۆنیەتی رزگارکردنی حاجۆ ئاغا لە زیندان و هاتنی بۆ سووریا و کوژرانی ژەنەراڵێکی فەرەنسی لەلای ئەم کەڵە پیاوەوە. بڕوانە: هەژار، چێشتی مجێور، ئامادەکردنی: خانی شەرەفکەندی، پاریس ١٩٩٧، ل ٢٣٠.

*** گوندێکە لە کوردستانی تورکیا و لەسەر سنووری تورکیا- سووریا دایە. بڕوانە: عبدالغنی علی یحیی، ئاڵە قەمشێ، گۆڤاری "دەنگێ مە"، ژ "٤"، دهۆك، ١٩٨٩، ل ١٢١.

(40) هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.



## تەوەرەی سێیەم
## کورد لە سوریا لە ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٠)

### یەکەم: کورد و شۆڕشی گەورەی سوری (١٩٢٥-١٩٢٧)

شۆڕشی گەورەی سووری رەنگدانەوەی هەقیقەتی نارەزایی گەلی سووری بوو لە بەرامبەر داگیرکەرە فەرەنسییەکانەوە کە مانداتیان بەسەر سووریاوە بوو، و خاك و وڵات و دانیشتوانەکەشیان دەچەوساندەوە، بۆیەش دوای چەندین راپەرین و خۆپیشاندان کارەکە بەرەو گەورەبوون چوو تا شۆڕشێکی گەورە کە ماوەی دوو ساڵی خایاند، ئەم شۆڕشەش لە «چیای دەروز- جبل الدروز» بەسەرکردایەتی «سلطان الاطرش» و هەندێ سەرکردەی تر- وەك باسکرا دواتر ئاگری شۆڕشەکە درێژەی کێشا بۆ دیمەشق و دوای چەندین پێکدادان و شەڕی نابەرامبەر شۆڕشەکە کۆتایی هات.[1]

بەداخەوە زۆربەی زۆری مێژوونووسە عەرەبەکان لە نووسینەکانیاندا لەبارەی شۆڕشی گەورەی سووریا رۆڵی شۆڕشگێڕ و خەباتکەرانی کوردیان لە ناوچەکانی جەزیرە و کۆبانی و «جبل الاکراد» دژ بە فەرەنسییەکانیان پشتگوێ خستووە و بە ئەنقەست باسیان لێوە ناکەن[2]، ئەوا ئێمەش لێرەدا بەپێی توانا هەوڵ دەدەین ئاوڕ لەم بابەتە بدەینەوە و دەوری کورد لەم شۆڕشە روون بکەینەوە.

کورد لەم شۆڕشەدا رۆڵی هەرە گرنگ و بەرچاوی هەبووە، و لە زۆربەی چالاکییە شۆڕشگێڕ و رووبەڕوو بوونەوەکاندا دەوری بەرچاویان هەبووە، (علی ئاغا زلفو) کوردێکی تا ئەوپەڕی پاك و دڵسۆز بوو بۆ خاك و نیشتمانەکەی سووریا و بەرژەوەندی ئەم خاکەی لەسەرووی بەرژەوەندی ماددی تایبەتی خۆی دادەنا[3]، لەسەرەتادا دەستی کردبوو بە

(1) فئة من الاساتذة الجامعيين، المصدر السابق، ص ٢٩٢.

(2) شبركوى هاوراى ،كوردستان سوريا عز الماضي و ذل الحاضر، مجلة "ئالآى ئيسلام"، العدد "٢"، تموز ١٩٩١، ص ٢٧.

(3) نورالدين زازا، المصدر السابق، ص ٥٣.

شۆڕشی چەکداری، بەڵام دوای ئەوەی فەڕەنسییەکان پەیمانیان پێدا بۆ فراوان کردنی سەربەستی و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەیی، ئەوا لەم کاتەدا «عەلی ئاغا» وازی لە خەباتی چەکداری هێنا بۆ چوونە پاڵ بەرەی نیشتیمانی[4]، لەم کاتەشدا لەساڵی «١٩٢٥» کاتی ڕاپەرینی سووری لەدژی ماندانی فەڕەنسی روویدا، ئەم پیاوە سەرکردایەتی خۆبەختکەرانی کوردی گرتە دەست، لە کوڕانی گەڕەکەکەی*، و زەرەر و زیانی زۆریشی بە فەڕەنسییەکان گەیاند، لە کارەکەیدا نەوەستا تەنیا دوای ئەوە نەبێ کە پەیمانی بەرەو چاکتر بوونی بارودۆخەکەی وەرگرت[5].

هەر لەم شۆڕشەدا ڕۆڵی سەرکردە و قارەمانێکی تری کورد دێتە بەرچاو کە هەموو سەرچاوەکان بەراشکاوی و روونی باسی دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیێ ناوی ڕەگەزی کوردییەتییەکەی بێنن کە «حسن الخراط»ە[6]، لەبەر ڕۆڵ و کاریگەری هەرە گەورەی ئەم کەڵە پیاوە نە لە رابردوو و نەلە داهاتووشدا هیچ پەرتووک و لاپەرەیەکیش لەبارەی ئەم شۆڕشەوە نانووسرێ کە ناوی ئەم پاڵەوانەی بەشانازییەوە تیادا نەبێ[7]، شەڕی شامی گەورە گەواهیدەری ئەم ڕاستییەیە، کە توانییە کۆمەڵێ پارتیزان- عصابة- پێکبهێنێ و لە شەڕی «الزوری یەکەم» هێزی فەڕەنسییەکان تێکشکێنێ و کۆمەڵێ دەستکەوتی گەورەش بەدەستبهێنێ[8]، لەم کاتەدا بەسەرۆکایەتی نەوەد تێکۆشەرەوە لە (١٧ی تشرینی دووەم ١٩٢٥) دا لە ناوچەی «الروز»ی نزیك گوندی «مەلیحە» شەڕێکی

(4) نفس المصدر السابق، الهامش- ص٢١٤.

* مەبەست لە "حی الاکراد"ە لە دیمەشق.

(5) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ص ٥٣-٥٤.

(6) في الذكرى الرابعة والخمسين لجلاء المحتل على الارض الوطن، المصدر السابق، ص ٥.

(7) بڕوانە: ظافر القاسمي، وثائق جديدة عن الثورة السورية الكبرى ١٩٢٥- ١٩٢٧، بيروت، ١٩٦٥، ص ص ١٨٢-١٨٣.

(8) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الدكتور عبدالرحمن الشهبندر، مذكرات الدكتور عبدالرحمن الشهبندر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٦٥، ص ص ١٨٤-١٨٥.



گەورەی کرد و لە دوایدا ئەم قارەمانە خۆبەختکەرە لەم شەڕەدا شانی پێکرا و بریندار بوو[9]، بەڵام دواتر لەسەر دەستی دوو چەرکەسی بەکرێ گیراوی فەڕەنسی خۆ حەشاردەر لە شەڕێکی تر بەناوی «بەلدە» لە ڕێکەوتی «٢١ی کانوونی یەکەم ١٩٢٥»دا شەهید کرا[10]*.

یەکێکی تر لەم قارەمانە کوردانەی ڕۆڵی گرنگیان لەم شۆڕشەدا بینیوە «ئەحمەد بەرئاڤی- احمد الباراڤی-»یە، کە پاڵەوانی شەڕی گرنگ و بەناوبانگی «وادی العجم»**ە، کە پاڵەوانییەتییەکی لە ڕادەبەدەری نواندووە[11]، هەروەك یەکەمین کەسیش بوو کە ئاڵای سووری لەسەر بینای سەرا لە دیمەشق بەرز کردۆتەوە لەم سەردەمەدا[12]، ئەم پیاوە خۆی لە بنچینەدا سەرکردەیەکی هێزی «دەرك»*** بووە، و سەرکردەی پاسگای —مخفر- ناوچەکەش بووە، هەروەك هاووڵاتییەکی نەبەردیش بوو[13] و بە هەموو توانایەکیش کاری

(9) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەم شەڕە بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ص ١٨٩-١٩٠.

* هەندێ سەرچاوە ڕایان وایە کە ئەم کەڵە پیاوە لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٩٢٥دا لەگەڵ حەوت پاڵەوانی تر لە سێدارە دراوە، بڕوانە: ڤلادیمیر لوتسکی، المصدر السابق، ص ٢٩٤.

(10) الدكتور عبدالرحمن الشهبندر، المصدر السابق، ص ١٩٣، د. محي الدين السفرجلاني، المصدر السابق، ص ص ٦٠٠-٦٠٢.

** وادی العجم: دۆڵێکە کوردی تیا نیشتەجێیە، کە "١٦" گوند بەخۆ دەگرێتەوە، دانیشتوانەکەی تاوەکو ئێستاش بە کوردی دەئاخڤن، بڕوانە د. بدرخان السندی، قراءة كردية في تاريخ الثورة السورية، ص ص ١٤٥-١٤٦.

(11) د. بدرخان، المصدر السابق، ص ١٤٥.

(12) ع. الجزيري، على هامش الحوار الكوردي العربي العلاقات الكوردية العربية بين التآلف و التحالف تاريخياً، مجلة "گولان العربي"، العدد "٢٤"، آيار ١٩٨٨، ص ٧٢.

*** هێزی دەرکی سووری بەشێك بووە لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ، لە دەرەوەی سنووری شارە گەورەکان کاریان دەکرد، کە پارێزگاری ئاسایش و یارمەتی باج وەرگرتن و کاری تر بوون، وەك پۆلیس وابوون، بڕوانە: ظافر القاسمي، االمصدر السابق، ص ٢٤٦.

(13) د. بدرخان السندي، المصدر السابق، ص ١٤٦.

بۆ شۆڕش دەکرد بۆ وروژاندنی هەستی نیشتمانی کەسانی نیشتمان پەروەر، تاوەکو توانی چەند سەربازێك کۆبکاتەوە و رایانکێشێتە لای خۆی و چەندین کوردیش چوونە پاڵیەوە، هەر لەم کاتەشدا لە رێکەوتی (٢٠ی ئاداری ١٩٢٦)دا هێڵەکانی تەلەفۆناتی لەکارخست و پچری، و بەمەش هۆی پەیوەندی کردنی لەگەڵ دیمەشق وەستاند، دوای ئەوەش هێرش بۆ سەر خانەی حکومەت دەستپێدەکات و چەندین کەس لەم شەڕە نابەرامبەرانەدا دەکوژرێ، و مەشخەڵی جیهاد لە دژی فەرەنسییەکان لەسەر دەستی ئەم و «محەممەد شەریف کوردی، و محی الدین قرەجولی» بەرز دەکرێتەوە، و ئاگر لە سەراکەش بەردەدەن و سەربازە حکومییەکانیش بە دیل دەگرن، دواتر چۆڵی دەکەن[14]، دوای تێپەڕبوونی دە رۆژیش شۆڕشگێڕی دورزی «محمود کەیوان» و کۆمەڵێ لە تێکۆشەران دایانە پاڵی، و شەڕێکی گەورەش روویدا کە شۆڕشگێڕان توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن و نزیکەی سەد کوژراویشیان بە فەرەنسییەکان بەجێ هێشتن، دوای ئەوە جارێکی تریش «قەتنا»یان رزگار کردەوە و خۆیان گەیاندە «باخچەی دیمەشق —الغوطة-»[15] بۆ جیهاد کردن، دوای ئەوەش ئەنجوومەن بەغیابی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ «ئەحمەد بەرئاڤی» و محەممەد سەعید داری، و محمود مخاطە» لە رێکەوتی «٥ی ئاداری ١٩٢٧» دەرکرد[16].

هەروەها لە کۆنگرەی سووری فەڵەستینی کەلە تەمموزی «١٩٢٧» لە بەیروت بەسترا، چەندین کەسایەتی کورد نوێنەرایەتی شارەکانی سووریا بوون، لەوانە «نجیب البرازی» نوێنەری شاری حەما، «ئیبراهیم هەنانۆ» نوێنەری شاری حەلەب[17].

ئەمانە و چەندان کوردی تریش بەشدارییان لەم شۆڕشە گەورەیەدا کردووە، و لاپەڕەکانی ئەم شۆڕشەیان گەشەدار کردووە، کە ناتوانرێ لێرەدا یەکە یەکە باسیان بکرێ، بۆیەش تەنیا ناوەکانی ئەم پاڵەوانانە تۆمار دەکەین وەکو « صالح سلو، ممدوح عمر

(14) د. محي الدين السفر جلاني، المصدر السابق، ص ٣٦٣- ٣٦٤.

(15) نفس المصدر السابق، ص ٣٦٤.

(16) ظافر القاسمي، المصدر السابق، ص ص ٢٤٩-٢٥٠.

(17) د. بدرخان السندي، قراءة كردية، ص ١٤٧.



پاشا[18]، حسن البرازي[19]، حسني البرازي[20]، محمد الملا[21] » هەروا ژمارەیەکی زۆریش لە دانیشتوانی «حي الاكراد» و گوندی «بەرزە» داویانەتە پاڵ شۆڕشگێڕان لە دژی فەرەنسییەکان[22].

هەروەك لەم شۆڕشەدا چەندین شەهیدی کورد دەبینین کە لێرەدا تەنیا ناوەکانیان دەنووسین، ئەوانیش « ابو دیاب البرازي، توفیق خالد علیکو، توفیق الدیرکی، رشید براڤی، علی خالد علیکو، عمر علي زازا، محەممەد علي زازا، محي الدین عمر جمو، موسی مللی، محەممەد مصطفی مللی، محمود بیروتی»[23] .. هیتر.

## دووەم: کوردەکانی سوریا و کۆمەڵەی خۆیبوون و راپەڕینی ئاگری (١٩٢٧-١٩٣١)

کۆمەڵەی خۆیبوون* لەلایەن کۆمەڵێ سەرکردەی کورد پێکهات کە هەندێکیان کارگێڕ و ئەندام و سەرکردەی کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکانی ئەو کاتە بوون، لەزۆربەی

(18) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ١٤٦؛ د. محي الدين السفر جلاني، المصدر السابق، ص ٤١٧.

(19) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. بدرخان السندي، قراءة كردية، ص ١٤٦.

(20) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ١٤٦؛ د. محي الدين السفر الجلاني، المصدر السابق، ص ٣٧٧.

(21) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. بدرخان السندي، قراءة كردية، ص ١٤٦، د. محي الدين السفر الجلاني، المصدر السابق، ص ٤٤٨.

(22) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. بدرخان السندي، قراءة كردية، ص ١٤٧.

(23) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ١٤٧، د. محي الدين السفر الجلاني، المصدر السابق، ص ص ٥٩٣- ٦٤٠.

* هەندێ سەرچاوە بە "پارت- حیزب" ناوی ئەم کۆمەڵەیە دەبەن. بڕوانە: د.عبدالستار طاهر شریف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص ٦٣.

پارچەکانی کوردستان[24]،لە «٥/ت١/١٩٢٧»دا کۆنگرەیەك بەسترا بە سەرۆکایەتی «شوکری محەممەد بەگ»، تیایدا بڕیاری دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسییان دا لەژێر ناوی «خۆیبوون» کە ئامانج و پرۆگرامێکی نەتەوەیی تایبەتی خۆی هەبوو، کۆنگرەکە لە شارۆچکەی «بحمدون» لە لوبنان** بەسترا، بەبەشداریکردنی «واهان بابازیان» وەك نوێنەری پارتی تاشناقی ئەرمەنی و لە ماڵەکەی ئەویشدا[25]، لەم کۆنگرەیەدا سەرکردەکانی چوار ڕێکخراوی سیاسی کوردی ئامادەبوون و دواتر ئەم ڕێکخراوانە چوونە ناو خۆیبوونەوە، کە «کورد تشکیلاتی جمعیتی و کورد میللت فرقەسی و جمعیة بعث کردستان، و پارتی گەلی کوردی» بوون[26]، هەروەك زۆر سەرۆك عەشیرەت و ناوداری کوردیشی تیا بەشدار بوون[27]، لە کۆتایی کۆنگرەکە ئەندامانی دەستەی دامەزراندن هەڵبژێردرا، کە ئەمانە هەندێکیانن:-

١. میر خەلیل رامی بەردخان (موتەسەڕیفی مەلاتییە) سەرۆك.
٢. میر جەلادەت بەدرخان (نەوەی میر بەدرخان) (ئەمین عامی یەکەم).
٣. مەمدوح سەلیم بەگ وانلی (لە ڕۆشنبیرە پێشەنگەکانی کورد) (ئەمین عامی دووەم).
٤. د. محەممەد شوکری سەگبان (لە ڕۆشنبیرە پێشنگەکانی کورد) بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندی گشتی.

---

(24) زنار سلوپی (قدري جميل پاشا)، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر. علي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٧، ص ص ١٣١-١٣٣؛ کونی رەش، جمعية خويبوون (١٩٢٧) ص ٤١.

** د. بلەچ شێرکۆ پێی وایە کە کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە لە سەرەتا لە ناو چیاکانی کوردستانی تورکیا بووە و ماوەی مانگ و نیوێکی خایاندووە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

(25) کونی رەش، جمعية خويبون (١٩٢٧)، ص٤١، د. عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ٦٤، ص ٦٧.

(26) زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ص ١٣١-١٣٢.

(27) کونی رەش، جمعيه خويبوون (١٩٢٧)، ص ٤١.



هەروا زیاتر لە پازدە بەرپرس و ئەندامی تر[28]. دواتر دەستەی دامەزرێنەر چەندین بڕیاریاندا وەك تێکۆشان و هەوڵدان بۆ بانگەوازی کردنی خەڵك بۆ ئەم ڕێکخراوە سەرتاسەرییە گشتگیرییە[29]، ئەم کۆمەڵەیە بە ماوەیەکی کورت توانی سەدان لق لە ناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان دابمەزرێنێ، تەنانەت لە ئەورووپا و ئەمریکاش[30]، هەروەك ئەم ڕێکخراوە خەباتی چەکداریشی پشتگوێ نەخست کاتێ بەرپرسییەتی ئەم کارەشی بە یەکێ لە ئەفسەرە کوردەکان کە «احسان نوری پاشا»* بوو سپارد[31]، ئیتر دوای ئەوە شۆڕشی ڕاگەیاند و سەربەخۆیی ئاگری داغیشی ڕاگەیاند، کەچی لە ئەیلولی «١٩٣٠»دا لەبەر گەمارۆی گەورەی هێزی تورکی تێکۆشەرە کوردەکان ناچار بڵاوەیان لێکرد و ڕژێمی تورکی توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێتەوە[32]، کوردی کوردستانی عیراق و کوردی سووریاش ڕۆڵی هەرە گرینگ و دیاریان لە یارمەتیدانی ئەم شۆڕشەدا هەبوو لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان[33].

جا ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە باسیبکەین ئەوەیە کە ڕۆشنبیران و سەرکردە کوردەکانی کوردستانی سووریا ڕۆڵی گرنگیان لەم کۆمەڵەیەدا بینیووە، هەر لە کاتی دامەزراندنیەوە تاوەکو کۆتایی هاتنی ئەم کۆمەڵەیە، بەتایبەتی لە سییەکان و چلەکانی

---

(28) بڕوانە: کونی رەش، جمعية خويبون (١٩٢٧)، ص ص ٤١-٤٢.

(29) بۆ ناوەڕۆکی بڕیارەکانی کۆمەڵەکە، بڕوانە: د. بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩-٩٠.

(30) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

* ئیحسان نوری پاشا (١٨٩٢-١٩٧٦)، لە بەدلیس لەدایك بووە، و لە جەنگی ڕزگاری تورکیا بەشداری کردووە، کاتێ کۆمەڵەی خۆیبوونیش دامەزرا، سەرۆکایەتی سوپای پێ سپێردرا و ڕاپەڕینی ئاگری داغی ڕاگەیاند و لە ئێرانیش کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، --پەراوێز- ل ل ٩٠-٩١.

(31) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

(32) کونی رەش، جمعيه خويبوون (١٩٢٧)، ص ٥٠.

(33) د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ١٣-١٤.

سەدەی بیستەم کە چالاکی ئەم کۆمەڵەیە و بارەگاکەی گواستراوەتەوە بۆ ئەم بەشە کە لەسەرەتادا لە لوبنان بووە، بەڵام دواتر چۆتە حەلەب[34]. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەدا چەندین ئەندام لە کەسانی ناودار و سەرۆك عەشیرەتی ئەم پارچەیە بوون، وەکو «مستەفا شاهین بەگ» سەرۆکی عەشیرەتی بەرازان، و «حاجۆ ئاغا عوسمان زادە»ی سەرۆکی عەشیرەتی هەڤێکان، و ((ئەمین ئەحمەد پەریخان))ی سەرۆکی عەشیرەتی «رامان» و هیتر[35]، هەروەکو دواتریش «مەحموود بەگی ئیبراهیم» سەرۆکی عەشیرەتی «ملان» لە سەرێ کانییێ چووەتە ناو ئەم کۆمەڵەیەوە[36].

ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن «لێژنەیەکی هەمیشەیی» بەڕێوە دەبرا کە شاری حەلەبی کردە پایتەخت- مەڵبەندی- خۆی[37] و دواتر لەبەر راوەدوونانی فەرەنسییەکان بۆ ئەم دەستەیە، ون بوون و سەرۆکی ئەم لیژنەیەش «جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان» بوو[38]. دوای ماوەیەکیش لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە چەندین سەرکردە و ناوداری تریش بوونەتە ئەندام تیایدا و هاتوونەتە ناو ئەم ڕێکخراوەوە لە کوردستانی سووریا، لەوانەش «دەروێش بەگ»ی سەرۆکی ئێزیدییەکانی «عەفرین» لە سووریا، «شێخۆ ئاغا ئیسماعیل زادە» لە کورداغ، «فایەق ئاغای مەنان»یش لە کورداغ، و زۆر سەرۆك عەشیرەت و گەورە و ناوداری کوردی تری سووریا[39].

لەم کاتەدا کە شۆڕشگێڕانی ئاگری داغ دەستیان بەسەر ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا گرتبوو، بەپێی یەکێ لە بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان باسی ئەوە دەکات کە فەرەنسا رازی دەبێت کە تورکیا ئەو هێزەی کۆی کردبۆوە لە ئەدەنە کە پێکهاتبوو لە پێنج تیپ و

(34) کونی رەش، جمعیة خویبوون (١٩٢٧)، ص ٤٣.

(35) بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ٤١-٤٢.

(36) محمد ملا احمد، جمعیة خویبوون و العلاقات، -الهامش- ص ٦٢.

(37) کونی رەش، جمعیة خویبوون (١٩٢٧)، ص ٤٣.

(38) د.عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص ٦٥.

(39) کونی رەش، جمعیە خویبوون (١٩٢٧)، ص ٤٤-٤٥.



دەستەیەك جەنەراڵ بەرەو رۆژهەڵاتی «جەرابلووس یا سەری کانییێ» یان بنێرێ بەهۆی شەمەندەفەر و پاشان بە ئاراستەی باکوور و باکووری خۆرهەڵات بەپێ بچن بۆ پاککردنەوەی وڵات لە یاخی بوان[40]، کە ئەمەش هۆیەکی گرنگ بوو لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە.

هەروا سەرکردە کوردەکانی تر لە سووریا کە ئەندام بوون لەم کۆمەڵەیە وەکو ((حاجۆ ئاغا و "حەسەن"ی کوڕە گەورەکەی)) و میرانی هۆزی بەرازان و زۆری تر بۆ یارمەتی دانی شۆڕشگێڕان دەیانویست لەسەر سنوور هێرش بکەنە سەر هێزە تورکییەکان و یارمەتی کوردەکانیش بدەن، و دەست بەسەر شارەکانی «ماردین، و ئورفە» و مدیات...و هیتر»دا بگرن[41]، هەر بۆ ئەم مەبەستەش میر جەلادەت بەدرخان دەچێتە سەر سنووری باکووری سووریا لەشاری «ترپەسپی- قبورالبیض»[42]، هەر لەم کاتەشدا یەکێ لە سەرکردە کوردەکان بەناوی «قادرخان» هێزێکی چەکدار ئامادە دەکات کە لە دووسەد چەکدار پێکهاتووە و هێرشیش دەکەنە سەر ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و گوندی «هابات» دەگرن و بەیاننامەیەك دەردەکەن کە تیایدا داوا لە گشت کورد دەکەن لە دژی تورکەکان راپەڕن، یا بەجۆرێکی تر وەك هۆزە کوردەکان بچنە پاڵ شۆڕشگێڕانی کورد لە چیای ئارارات[43]، ئەم چالاکییانەی خۆیبوون عەرەبەکانی ناو خاکی سووریای تووشی نیگەرانی و مەترسی کردبوو[44]، ئەمەش هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزیدا هاتووە کەوا کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان بڕوایان بە فیکرەی کوردستانی یەکگرتوو هەیە کە

(40) بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەسەر کێشەی کوردی تورکیا ١٩٢٤- ١٩٣٨، وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: سەلمان عەلی، گۆڤاری ((هەزار مێرد))، ژ "١٣"، ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل ١٢٠.

(41) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان "حیاته و فکره" تقدیم الامیرة روشن بدرخان، دمشق، ١٩٩٢، ص ٥١.

(42) نفس المصدر، ص ص ٥١-٥٢.

(43) حسن ارفع، کردها و یك بررسی تاریخی سیاسي، ترجمەء: از متن انگلیسی، مهاباد، سال نیست، ص ٤٥.

(44) دافید ماکدویل، المصدر السابق، ص٤٠.

پایتەختەکەی دیاربەکرە، و ناوچەکەش لە دیاربەکرەوە تا ئەسکەندەرۆنە درێژ دەبێتەوە و لەوێش بەرەو کوردستانی ئێران دێت کە شاری «کەلکیلیا»شی لەگەڵدا دەبێت[45].

هەروەکو هۆزە کوردییەکانی سووریا بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی ئاگری لە ئابی ١٩٣٠دا عەشیرەتەکانی «جیلان و هەڤێرکی و بەرازیا، و جای کورمانج، و میللی» ژمارەیەك لە پیاوانیان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکەن[46]، بۆ ئەوەی رووبەڕووی هێزەکانی تورکیا ببنەوە و بچنە ناو خاکی تورکیاوەش[47].

هەر لەم کات و ساتەشدا پەیوەندی فەڕەنسییەکان بە حکوومەتی تورکی لەسەر حیسابی کۆمەڵەی خۆیبوون باش دەبێت*، کە ئەمەش لە پاشاندا دەبێتە هۆی کارکردن و هەوڵدانی فەڕەنسییەکان لە کار و کردەوەی سوودبەخش بۆ تورکەکان و دژی کورد بۆ رەزامەندی تورکیا[48].

هەر لەم ساڵەشدا- واتە ١٩٣٠- د.ئەحمەد نافیز لەگەڵ نورەدین زازای برای بەدزییەوە دێنە کوردستانی سووریا، ئەمەش لە پاش کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئاگری بوو، کە بوونە هێزێکی نوێ بۆ زیاتر بەکارخستن و چالاکتربوونی چالاکییەکانی خۆیبوون[49]، کە د. ئەحمەد نافیز لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیبووندا هاوکاری و یارمەتی دەکرد[50]، دواتر

(45) بروانە: د. وەلید حەمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١.

(46) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژمارەی چەکدار و شوێنەکانیان، وەکو لە بەڵگەنامەیەکی عیراقی هاتووە لە مووسڵ، بڕوانە: کونی رەش، جمعیة خویبوون (١٩٢٧)، ص ص ١٣-١٤.

(47) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی بەرەکانەوە، بڕوانە: محمد ملا احمد، جمعیة خوویبون و العلاقات، ص ٥٧ و مابعدها.

* ماوەیەك بوو ناکۆکی نێوان تورکیا و فەڕەنسا لەسەر دراو و سنوور چارەسەر کرابوو، لە پەیمانی ئەنقەرە کەلە "١٩٢٩"دا بەسترا، و بەپێی ئەم پەیمانەش تورکیا بەشێك لە ناوچەی کوردی بۆ سووریا بەجێ هێشت کە لەم کاتەدا لەژێر منداتی فەڕەنسادا بوو، بڕوانە: د.عەبدولڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٨-٩٩.

(48) کونی رەش، الامیر جلادت بدرخان، ص ٥٤.

(49) zinar mistefa, Dr.Ahmad Nafîz welat parêzek hêĵabû, Govara “metîn”, heĵmara “58”, Dehok, 1996, L. 56.
(50) ĵêderê berê, L 56.



فەڕەنسییەکان بۆ رەزامەندی دەوڵەتی تورکی زۆربەی سەرکردەکانی خۆیبوونی دوور خستەوە کە لەسەر سنووری سووری تورکی بوون و سەرپەرشتی و چاودێری شۆڕشەکەیان دەکرد، و بردیاننە ناوەوەی سووریا (دیمەشق)* و لە حوزەیرانی ١٩٣١ ئازادی کردن، بەهۆی مەترسی ئەم سەرکردانە کە بریتی بوو لە بەرپاکردنی راپەڕینێك لە خوارووی تورکیا بۆ یارمەتی دان و رزگارکردنی شۆڕشەکەی ئاگری[51]، هەر لەدوای گرتنی سەرکردە کوردەکان- لەپاییزی ١٩٣٠ لەلایەن فەڕەنساوە، ئیتر کۆمەڵەی خۆیبوون لەسەر خاکی سووریا قەدەغە و یاساغ کرا[52]، دواتر لەمەبەدواوە بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە سووریا خۆی لە دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵە و یانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشیدا دەبینێتەوە، جگە لە چالاکی و کارەکانی خۆیبوون[53]- کە لە کەمبوون و کزبووندا بوو-*.

* تەنها عوسمان سەبری خۆی نەدا بەدەستەوە، بەڵکو لە هاتووچۆدا بوو لەنێوان تورکیا و سووریا، دواتر هاتە عیراق و ئینگلیزەکان گرتیان و دایانە دەست فەڕەنسا و لەگەڵ دوورخراوەکانی تر لە حوزەیرانی ١٩٣١دا ئازاد کرا، بڕوانە محمد ملا احمد، جمعیە خویبوون و العلاقات -الهامش- ص٧٦.

(51) محمد ملا احمد، جمعیة خویبوون و العلاقات، ص ٧٦.

(52) مالمیسانژ، بدرخاني و جزيرة بوتان و محاضر اجتماعات العائلة البدرخانية، ترجمة: شكور مصطفى، اربيل، ١٩٩٨،- الهامش- ص ٩٥.

(53) صلاح بدرالدين، الاكراد شعباً و قضية، ص ٨٤.

* هەندێ سەرچاوە وا باس دەکەن کەوا لەساڵی ١٩٣٠دا کۆمەڵەیەکی تر هەر بەناوی خۆیبوونەوە لە حەسەکە لەسووریا دامەزرا، لەسەرانی ئەم کۆمەڵەیەشدا چەند کەسێکی بنەماڵەی بەدرخانی تیادابوو، هەروەکو هۆی دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیەش بریتی بوو لە زیندوو کردنەوەی چالاکی کوردەکانی تورکیا، بڕوانە احمد عبدالباقی احمد، المصدر السابق، ص ١٠٢.

# بەشی سێیەم

# مێژووی کورد لە سوریا لەسالآنی (١٩٣١-١٩٤٦)

**تەوەری یەکەم: کورد لەسوریا لە ١٩٣١ تاوەکو پەیماننامەی سوری- تورکی (١٩٣٦)**

**تەوەری دووەم: کورد لە سوریا لە سالآنی (١٩٣٧-١٩٣٩)**

**تەوەری سێیەم: کورد لەسوریا لە سالآنی (١٩٣٩-١٩٤٦)**

## تەوەری یەکەم
## کورد لەسوریا لە ١٩٣١ تاوەکو پەیماننامەی سوری-تورکی ١٩٣٦

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا هەستی نەتەوایەتی کورد لەسووریا دەست بە پتەو بوون دەکات، و پێ دەنێتە قۆناغێکی دیاریکراو و بنەڕەت بۆ بەرەو پێشەوە چوونی باری سیاسی کوردەکانی سووریا چەندین ڕێکخراوی سیاسی و کۆمیتە و دەستەی رۆشنبیری پێکهات و بڵاوکراوەی کوردی سەری هەڵدا[1]، ئەمەش لەدوای ئەوەی فەرەنسییەکان ئەو ژمارە زۆرەی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردیان لەسەر سنوور- وەك باسکرا- گواستەوە بۆ دیمەشق، کە ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی لای لاوە کوردەکان[2]، لەگەڵ ئەوەش زۆربەی نووسەران لەسەر ئەوەن کە بیری نەتەوەیی کوردی لە بەشی رۆژئاوا هەر لەسییەکان* دەستی پێ کردووە

(1) رێناس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(2) غازي حسن، حول الثقافة الكوردية في مائة عام، ترجمة: عبدالحميد زيبارى، القسم الاول، مجلة "گولان العربي"، العدد "٤٧"، اربيل، نيسان ٢٠٠٠، ص ٦٨.

* بەداخەوە هەر لەم کاتەدا -واتە ١٩٣١- کوردێکی خۆ فرۆش و خاینگەلێ خراپتر لە رەگەزپەرستێکی عەرەب لە بەرامبەر گەلەکەی دەجووڵێتەوە، ئەویش "محمد کرد علی"یە، کاتێ وەزیری مەعاریف بووە، راپۆرتێکی دوور و درێژی پێشکەش بە سەرۆکی سووری کردووە کە چەندین پیلانی دژ بە کوردی تیا نەخشە کێشابوو، بە مەبەستی جێبەجێ کردن لە لیواکانی ئەسکەندەرۆنە و فورات و جەزیرە...، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کوردەکانی ئەم بەشە تا لەداهاتوودا نەبنە هۆی مەترسی بۆ حکوومەتی سووری، ئەویش بە پیادەکردنی چەند خاڵێك لەوانە دوورخستنەوەی کوردە نیشتەجێکانی ئەم شوێنە لەسەر سنووری سووری- تورکی بۆ ئەوەی جەزیرە و شارە کوردییەکانی تر لەداهاتوودا لەخاکی سووریادا نەپچڕێ، هەروا ئەم کوردانەش کەوا لەسەر سنوورەکان نیشتەجێن پێویستە بگواسترێنەوە و دەبێ لەگەڵ عەرەبەکان تێکەڵاو بکرێن لەناو شارە عەرەب نشینەکان "عەرەبییەکان"، لەکەنارەکانی ناوەڕاستی وڵات، هەروەکو دەشبێ عەرەبەکان لەسەر سنوور جێنشین



و دوای بێداربوونەوەی کوردانی ئەم وڵاتە کێشەی کوردیش لەم بەشەدا هاتە مەیدان[3]، چونکە لەپێش ئەم وەختەدا و تارادەیەکیش دوای ئەوەش خەباتی کوردستانی باکوور و رۆژئاوا جیا نەبوون و بریتی بوو لە خەبات و تێکۆشانێکی یەکگرتوو[4]، لێرەش باسی کۆمەڵەیەکی کوردی کاریگەری ئەم سەردەمە دەکەین کە ئەویش (جڤاتا ئالیکارییا..) کوردییە.

### یەکەم: جڤاتا ئالیکارییا بلنگازێن کورد:

لەم ماوەیەدا و بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٣١، ئیتر چەندین چالاکی گرنگ لەمێژووی کورددا هاتە کایەوە، لەسەرەتا و پێشەنگی ئەمانەش دامەزراندنی «جڤاتا ئالیکارییا بلنگازێن کورد» کە لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان و حەمزە مۆسکی و کوڕانی جەمیل پاشای دیاربەکرلی و حاجۆ ئاغا و کورە گەورەکەی «حەسەن ئاغا» و چەندین نیشتمان پەروەری تر، وەکو «مەلا عەلی» لە گوندی «توبس» و «مەلا شێخموس قرقاتی»، مەلا شێخ موس «جگەر خوێن» و عەلی عەبدی لە گوندی «تل شعیر» و عەبدی مەرعی لە گوندی دیروئاغا و ئاغاکانی ئازیزان لە گوندی قەرەمانی و حاجی عەبدولکەریم لە گوندی «عەین دیوار» و سەعید ئاغای دەقوری لە «ئاموودە» و عەبدی خەلۆ و نایف پاشا و تاهیر مەحموود و عارف بەگ عەباس و مەلا شەعمۆ و رەسوڵ ئاغا و نەواف حەسەن و عیسا قەتتنا...تاد»[5] . ئەم کۆمەڵە ناودارە و ئەم جڤاتەش کە دروستیان کرد بە مەبەستی درێژکردنی دەستی یارمەتی بوو بۆ ئەم کەس و خێزانە دوورخراو و کۆچکردوانەی دوای هەرەسی راپەڕینە کوردییەکانی تورکیا کە پەنایان هێنابووە ئەم

بکرێن، هەروا چەند خاڵێکی تر کەمەبەست لێی تاواندنەوەی نەتەوەی کوردبووە لەم بەشەی کوردستان و سووریا، بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە، بڕوانە ع. الجزيرى، المصدر السابق، ص ٧١.

(3) Ebdulqadîr BEDREDIN, PANORAMEK Li ser Rêveçuna rojnamegerîya kurdi L parce (Rojava) suri, hevlêr, çapa Duë, 2000, L 11.

(4) Jêderê berê, L 11.

(5) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامير جلادت بدرخان، ص ٥٨.

بەشەی کوردستانەوە بوو، ئەم جڤاتە لقی لەزۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی سووریادا هەبوو وەکو «ئامووده، قامیشلی، دەرباسیە، تل شعیر، عەین دیوار، تربەسپی، قەرەمانە» و نوێنەری کۆمەڵەکەش لەشاری دیمەشق دکتۆر ئەحمەد نافیز بەگ بوو، بەڵام هی حەسەکە حەسەن ئاغای حاجۆ ئاغا بوو[6]، لە سەرەتادا «عارف عەبباس» (ئەمین سری جڤاتەکە) بوو، بەڵام دواتر بوو بە «شوکەت زولفی» لە جەزیرە[7].

لەپێناوی پرۆپاگەندە کردن بۆ ئەم کۆمەڵە خەیرییە، میر جەلادەت بەدرخان چەند چەپکێکی لەپەیرەوی ناوخۆی ئەم جڤاتەی لە گۆڤاری «هاوار»دا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بێ ناوهێنانی خۆی تاوەکو حکوومەتی فەرەنسی دەستدرێژی بۆ نەکات، چونکە لەم کاتەدا لە دیمەشق دەست بەسەر کرابوو، لەگەڵ «قەدری جەمیل پاشا، و د.ئەحمەد نافیزبەگ»، هەروەکو ئەم پەیرەوە ناوخۆییەی کۆمەڵەکەش لەلایەن میر جەلادەت خۆی لەگەڵ «حەمزە مۆکسی- رەسوول» کە لە پێشەنگی دامەزرێنەران بوو دانرابوو[8]، هەروا میر جەلادەت لەکاتی بڵاوکردنەوەی یەکەم کتێبی خۆیدا کە لە «بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هاوار» بووە لەساڵی «١٩٣٢» بەناوی رێزمانی کوردی «ئەلف و بێی کوردی» لەسەر بەرگی کۆتاییدا ئەمەی نووسیووە:-

«جڤاتا ئالیکارییا بلنگازێن کورد ئاگاداری هەموو کوردێك دەکات یارمەتی بدات، تاوەکو ئەویش بتوانێ بەرۆڵی خۆی یارمەتی دەرکراوە-ئاوارە- کوردەکان بدات، بارەگای کۆمەڵەکە لەشاری حەسەکەیە و نوێنەریشی لە دیمەشق د.ئەحمەد نافیز بەگە»[9] .

دامەزرێنەرانی جڤاتەکە زۆربەی لە کۆچکەرە یەکەمەکان -پێشەنگەکان- بوون کە لە کوردستانی تورکیا بۆ کوردستانی رۆژئاوا و بەتایبەتیش بۆ جەزیرە کۆچیان کردبوو،

(6) نفس المصدر السابق، ص ٥٨.

(7) نورالدين زازا، المصدر السابق، ص ٥٤.

(8) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامير جلادت بدرخان، ص ٥٨-٥٩.

(9) نفس المصدر السابق، ص ٥٩.



لەدوای هەردوو شۆڕشی شێخ سەعید و ئاگری داغ، جگە لەوانەی ناویان برا «عەبدولڕەحمان عەلی یونس و عوسمان سەبری و هیتریشی تیادا بوو»[10] .

هەروا لە ئامانجەکانی تری کۆمەڵەکە چاککردن و بەرەو باشتر کردنی بارودۆخی بژێوی و تەندروستی و فێرکردنی کوردە هەژار و نەدارەکان بوو، هەروەکو گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کردنەوەی سەندووقی هاریکاری بۆ نەداران بوو[11].

ئەم جڤاتە کوردییە لەلایەن دەسەڵاتدارە فەرەنسییەکان رێپێدراو بووە، لەسەر داواکارییەکەی «حەسەن حاجۆ ئاغا، و عارف عەبباس و جگەرخوێن» بەوەی رێیان پێبدەن بۆ دامەزراندنی جڤاتێك بەناوی «جڤاتا ئالیکارییا بلنگازێن کورد»[12] *.

## دووەم: کورد و دەوڵەتی سووری

لە رێکەوتی «١٤ی حوزەیرانی ١٩٣٢»دا «محمد علي بن العابدين احمد عزت باشا» کەوا لە ساڵی «١٨٧٢» لە دیمەشق لەدایك بووە و خۆی بە رەگەز کوردە، بە سەرۆکی

(10) دلاور الزنکی، بدايات نشوء الجمعيات والحركات الثقافية الكردية في سوريا (صفحات مجهولة)، مجلة "بيرى نوێ- الفكر الجديد"، العدد "١٩"، اربيل، ١٩٩٩، ص ١٨٤.

(11) نفس المصدر السابق، ص ١٨٤.

(12) محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات، ص٩٠.

* زنار سلوپی لە بیرەوەرییەکانیدا ناوی ئەم رێکخراوە بە "جڤاتا ئالیکاریێ ژبۆ کوردێن بەلەنگاز" دەبا کەبە سەرۆکایەتی "حەسەن حاجۆ" دامەزراوە، هەروەکو ئەم جڤاتەش لە رێزی چالاکییەکانی "کۆمەڵەی خۆیبوون" دەژمێرێ. بڕوانە رۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕ شکور مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٨، هەروەها مامۆستا محەممەد مەلا ئەحمەد ساڵی دامەزراندنی جڤاتەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠، نەوەك "١٩٣٢" کە زۆربەی سەرچاوەکان لەسەری تەبا و کۆکن، بڕوانە: جمعية خويبوون و العلاقات، ص٩٠، کەچی ئەو سەرچاوانەی "١٩٣٢" یان داناوە ئەمانەن: دلاور الزنگی، بدايات نشؤ الجمعيات، ص١٨٤، رۆهات ئالاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨، غازی حسن، المصدر السابق، ص ٦٨.

کۆماری سووری هەڵبژێردرا، ئەگەرچی لەساڵی ١٩٢٢ بە نوێنەر هەڵبژێردرابوو و لەم ئەنجوومەنە یەکێتییە سوورییەش کە ماندانی فەرەنسی هێنابوویەکایەوە لە (١٩٢٢-١٩٣٢) بە وەزیری دارایی هەڵبژێردرابوو، لە کۆتایی نیسانی «١٩٢٣»شدا بۆ دووەم جار بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژێردرابۆوە[13]*.

هەرلەم سەردەمەدا بیری نیشتمانی-نەتەوەیی- کوردی لەم بەشەی کوردستانیشدا لەبەرەو پێشڤەچووندا بوو و کورد ئەم بەشەخاکەش بە بەشێك لە کوردستانی باکوور زانیوە، بۆیەش حکوومەتی سووری کەوتۆتە مەترسییەوە[14]، ئەمەش لەسەر وتاری رۆژنامەی «الایام»ی دیمەشقی دەردەکەوێت کە بەناونیشانی «پەنابەرە کوردەکان لەپێناوی دروستکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی کوردی بۆ خۆیان لە سووریا کاردەکەن»، دەنووسێ:

((ئێمە داوا لە کوردەکان دەکەین کە سەربەخۆییان لە نیشتمانەکەیان کوردستان دابمەزرێنن، نەوەك لەناوچەی جەزیرەی عەرەبی، نیشتمانی هۆزە عەرەبییەکانی ((شەمەر و عەنزە و طە ی و جبور و هۆزی گەورەی تری عەرەبی، جەزیرە پارچەیەکی عەرەبییە پێش ئیسلام...، کاری ئەم کەسانەش لەپێناو دابرینی بەشێکی عەرەبی رەسەن کاردەکەن بەهۆی ئەوەی لەباکووردا سەد گوندی کوردی لێیە، رۆژێك نەبووە کێڵگە و پاوانی ئاژەڵی عەرەبی نەبوویێت، ئەمە کارێکی ترسناکە و شایانی ورووژاندنی تورەیی گشتییە لە وڵاتە عەرەبییەکان[15]))، ئەمەش دەبێ بەهۆی ئەم کارەوە بووبێ کە حاجۆ ئاغا هەوڵیداوە لە جەزیرە ئەمارەتێك بۆ کوردەکانی جەزیرە دابمەزرێنێ، بەڵام وەك باس دەکەن کوردی تر هاوکاری لە گەڵیدا ناکەن لەوانەی بەناوی رەعیەت لەو ناوە بوون، کە هەموو خەڵکی

* ماوەی سەرکردایەتی ئەم سەرۆکە تاوەکو کانوونی یەکەمی ١٩٣٦ بەردەوام بوو، و هەر لە دیمەشق مایەوە تاوەکو لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٩دا کۆچی دوایی کرد و هەر لە دیمەشقیش نێژرا، بروانە: مید بصري، المصدر السابق، ص ١٠٠.

(13) نفس المصدر السابق، ص١٠٠.

(14) د. سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ١٥.

(15) نفس المصدر السابق، ص ١٥-١٦.



عەشیرەتەکەی بوو و کوردانی تری ناوچەکەش[16] ئەوەی لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت ئەوەیە کە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی لەم سەردەمەدا لە چڵەپۆپەی پێشکەوتن و زیادبووندا بووە تاوەکو رادەی تۆقینی حکوومەتی سووری لەم وەختەدا و هاواربردنی بۆ گشت وڵاتانی عەرەبی و گشت عەرەبێك بۆ نارەزایی دەربرین کە ئەوەش واتەی ئەوپەڕی مەترسیداری هەڵوێستەکەیە، لەلایەکی ترەوە چەندین هەقیقەتی مێژوویی و راستەقینە لەبۆ بەرژەوەندی خۆیان دەگۆڕێت، وەك نکۆڵی کردن لە بەشێکی خاکی کوردستان و شێواندنی مێژووەکەی بەوەی کە دەڵێ: «شوێنەکە لەپێش ئیسلامدا بەشێك بووە لە خاکی عەرەب»، و ناوی چەند هۆزێکی عەرەبی- گەر مەبەستی گشت هۆزەکەش بووبێ کەوانییە، بەڵکو تەنیا بەشێکی ئەم هۆزانەیە- ئەوا لەبەردەم زیاتر لە سەدان هۆزی کوردی و چەندین یەکێتی عەشیرەتگەری کوردی، رێژەکەیان دەکاتە رێژەیەکی زۆرکەم و لاواز، کە خاکێکی زیاتر لە «١٥,٠٠٠ کم$^{٢}$» بە تەنیا سەد گوندی کوردی دەزانێت لە بەرامبەر ئەوەش هەموو خاکەکە دەکاتە موڵکی چوار پێنج هۆزی عەرەبی!!؟.

لێرە بەدواوە کە بزووتنەوەی نیشتمانی کورد دەگاتە ترۆپك- وەك باسکرا- کەچی لەگەڵ ئەوەش لەم سەرچاوانەی لەبەردەستمان دایە زانیاری زیاتر نادەن بەدەستەوە و ون دەبن، لە ئابی ١٩٣٢دا لیژنەی مەرکەزی خۆیبوون کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی خۆیبوون بەست و سەرکردە ناوخۆییەکان تیا ئامادەبوون، هەروەکو کامەران بەدرخانی راوێژکاری خۆیبوونیش بەشداری کرد، بەڵام لەبەر ئەنجامی ئەو دژایەتییەی کە لەگەڵ هەندێ ئەندامی تری رێکخراوەکەی هەیبوو، بۆیە دەرکرا و بەهۆی ئەمەشەوە براکەی «میرجەلادەت بەدرخان» رێکخراوەکەی بەجێ هێشت[17].

لێرە بەدواوە چالاکی رۆشنبیری دەست بە فراوانبوون و بەرزبوونەوە دەکات، بەمەبەستی رۆشنبیرکردنی کوردەکانی ئەم بەشەی خاکی کوردستان -هەروەك لەشوێنی

(16) هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠.

(17) زنار سلوپی، المصدرالسابق، ص ١٩٩.

خۆی لێی دەدوێین-*. لە ٣٠ ت٢ ١٩٣٦دا هەڵبژاردنێك ئەنجامدرا بۆ پەرلەمانی سووری نویّ کە گلۆدی نیشتمانی سەرکەوتنی تیا بەدەستهێنا، «لازقیە و جبل الدروز و جەزیرەش خرایە سەر قەوارەی کۆماری سووری، بەم شێوەیەی کە پارێزگای خاوەن ئۆتۆنۆمین»[18] .

راپەرینی ساسۆن** لە کوردستانی باکوور لە سالآنی «١٩٢٥-١٩٣٦» سەری هەڵدا، بەدرێژترین راپەرینی کوردی ئەم سەردەم دادەنرێت[19]، بەڵام پاش ماوەیەك ئەم راپەڕینەش وەکو هەموو راپەڕینە کوردییەکانی تر بە زەبری هێز دامرکایەوە، لەدوای ئەوەش شۆڕشگێڕان لەبەر مەترسی حکوومەتی تورکی پەنایان بردە بەر سووریا ئەمەش لە ساڵی «١٩٣٦»دا بوو، بەڵام لەم کاتەدا و لەم هەڵوێستەدا کە چەندین خێزان هاتوونەتە ناو کوردستانی سووریا، کەچی یارمەتی و هاریکارییەکی

* "غازی حسن" لە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی رۆشنبیری کوردییەوە دەنووسیّ: ((لەساڵی ١٩٣٥دا کۆمەڵەی "یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردی" لە قامیشلی لەلایەن "محمد ملا احمد، عبدالعزیز علي، ملا عقدی، درویش ملا سلیمان، و سامی ملا احمد ناجی" دامەزرێنرا، کە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە زۆربوو، وەك رزگارکردنی خاکی کوردستان و یەکێتی و یەکپارچەیی کوردستان و ... هیتر))، بڕوانە: غازی حسن ، المصدر السابق، ص ٦٨، بەڵام دیارە نووسەر بەهەڵەداچووە، چونکە جگە لەوەی کە محمد ملا احمد- خۆی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ناوبراو خۆی لە ساڵی "١٩٣٥" لەدایك بووە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لەساڵی "١٩٥٢" دامەزراوە، وەك لەسەر بەرگی کۆتایی کتێبەکەی مامۆستای ناوبراو- محمد ملا احمد- واهاتووە، بڕوانە: جمعیە خویبوون والعلاقات، ص الغلاف الاخیر.

(18) صلاح بدرالدین، الاکراد شعبا و قضیة، ص ص ١٦٥-١٦٦.

** ساسۆنی: زنجیرە چیایەکی کوردستانی باکوورە و لە ناوەندی هەڵکەوتووە، لەنێوان ویلایەتی "سێرت، مووش، بەدلیس و دیاربەکر"ە، لەپێشدا سەر بە ویلایەتی سێرت بوو، بەڵام ئەمڕۆ سەر بە ویلایەتی "باتمانە" لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: کونی رەش، سەرهەڵدانا ساسۆنی، و: مسەدەق توڤی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل ل ١٨-٢١.

(19) کونی رەش، سەرهەڵدانا ساسۆنی، ل ٨.



وایان پێشکەش نەکرا کەوا شایانی باسکردن بێت[20]، هەروەکو سەرکردەکانی خۆیبوون و کۆمەڵەکەش رۆڵێکی وایان لە یارمەتیدانی ئەم کۆچکردوانە نەبینی[21]، ئەم کۆچکردنە هەر بەردەوام بوو تاوەکو شوباتی ١٩٣٧ کاتیّ هەندێك لە راپەریوان لەناوچەی سلیڤان بەرەو سووریا دەهاتن کە زۆر لە سەرکردەکانی راپەرینەکەی تیا بوو لە بنەماڵەی عەلی یونس- سەرانی راپەرینەکە-و لەم کاتەدا کەوتنە ناو کەمینێکی جەندرمەی تورك و جاش و خۆفرۆشی کورد لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان لەوانە شەهیدبوون، تیایاندا دەروێش عەلی یونس، و نەسرەددین دەروێش*، و عەبدی عەبدولڕەحمان و کازم یونس و فەزلی محەممەد** لەناو ئەمانەدا بوون[22].

(20) محمد ملا احمد، جمعیة خویبوون و العلاقات، ص ٨٤.

(21) نفس المصدر السابق، الهامش، ص ٨٤.

* کونی رەش لەشوێنێکی تری هەمان کتێب- سەرهەڵدانا ساسۆنی- لەباسی نەسرەددین دەروێشدا دەڵێ: "لەساڵی ١٩٣٦دا لەلایەن لەشکری تورك و بەکرێگیراوانی هاتۆتە شەهیدکردن کاتیّ دەیویست لە سنوور بەرەو سووریا دەرباز ببێت" بڕوانە: سەرهەڵدانا ساسۆنی، ل ٦٢.

** محمد علی یونس و براکەی عەبدولرەحمانی یونسی سەرکردایەتی ئەم راپەڕینەیان دەکرد، بڕوانە: کونی رەش، سەرهەڵدانا ساسۆنی، ل ٥٥.

(22) کونی رەش، سەرهەڵدانا ساسۆنی، ل ١٠٧.

# تەوەری دووەم
# کورد لە ۱۹۳۷-۱۹۳۹

## یەکەم: کوردی رۆژئاوا و شۆڕشی دەرسیم

ئەم شۆڕشە لەساڵی «۱۹۳۷» دا لە کوردستانی باکوور لەناوچە شاخاوییەکانی دەرسیم سەری هەڵدا[1]، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی عەشیرەتی حەسەنان سەید رەزای دەرسیمی بوو کە یەکێتییەکی لە کۆمەڵە عەشیرەتێك پێکهێنابوو[2].

ئەم شۆڕشە بەهۆی سیاسەتی سەرپێ شۆرکردن و ملکەچ پێکردنی خەڵکی دەرسیم و زازاکانەوە بوو، کە تا ئەم وەختەش هەر بەناو لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا بوون[3]، ئەویش بە سیاسەتێکی توند و تیژ و خوێناوییانەی تورکە کەمالییەکان کە ماوەیەکی دووردرێژ بوو نەخشەیان بۆ ئەم کارەیان دەکێشا و دواتریش چەندین یاسای دوژمنکارانە و کرداری دژیان لەبەرامبەر کورد ئەنجامدا[4]، ئەمەو چەند هۆکارێکی تر بوونە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی دەرسیمی **۱۹۳۷**، دوای ئەوەی شۆڕشگێڕان دەستیان بە شۆڕش کرد چەندین ناوچەیان لە دەرسیم و دەوروبەری ئازاد کرد، بەڵام لەپاشان حکوومەتی کەمالی بەدڕندانەترین شێوە لەبەرامبەر کوردەکانی ئەم شوێنە و ماڵ و منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەوە سیاسەتی تۆقێنی لەبەرامبەر بەکارهێنان[5]، تا لەکۆتاییشدا بە درندانەترین شێوە ئەم شۆڕشەی سەرکوت کرد، و سەرکردەکانیشی لەسێدارەدا، لەگەڵ چەندین سەرۆك هۆز و عەشیرەت و کەسی ناودار

(1) بڕوانە: زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ۲۰۱.

(2)کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل ۹٦.

(3) زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ۲۰۱.

(4) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل، شۆڕشی دەرسیم (۱۹۳۷)، گۆڤاری "یەکبوون"، ژ "۱٥"، هەولێر، ئابی ۲۰۰۰، ل ل ٦۱-۷۰.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦۸.



شێخ رەزای سەرکردەی شۆڕشەکە[6]، ئەمجا دوای ئەوەش دەستیکرد بە کوشتن و بڕین و قەسابخانە دانان لەدژی کوردی ئەم شوێنانەی کە شۆڕشەکە گرتبوویەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەوەیە لە سەرەتادا شوێنی شۆڕشگێڕان و بنکەی شۆڕشەکە ناوچەی دەرسیم بوو، بەڵام دواتر و لەکۆتایی گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی لای باشوور، و سەر سنووری سووریا کە ئاگری یاخی بوونیش لەم شوێنەدا هەستی پێ دەکرا[7]، هەروەکو زۆر لەسەرچاوەکانیش باس لەبەشداری کردنی کوردانی سووریا دەکەن لەم شۆڕشەدا لەپاڵ کوردانی کوردستانی تورکیا[8].

هەروەها بەهۆی توندبوون و زیاتر بوونی دژایەتی نێوان سووریا و تورکیا بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئەسکەندەرۆنەوە[9] زۆر لەرۆژنامە عەرەبییەکان کە لەم سەردەمەدا لەسووریا دەردەچوون هانی کوردەکانیان دەدا بۆ بەشداری کردن لەم شۆڕشە بەهۆی ململانێیەکەیان لەسەر خاکی ئەسکەندەرۆنەوە[10].

هەروەکو کۆمەڵێك لە قوتابییانی دواناوەندی لە دیمەشق ناڕەزایی خۆیانیان لەدژی کردارە توندوتیژ و رەگەزپەرستییانەکانی حکوومەتی تورکی کەمالی گەیاندۆتە چەندین کۆنسوڵخانەی وڵاتە گەورە و بێگانەکان[11].

ئیدگار ئۆبلانس لەم بارەیەوە دەنووسێ:-

«شۆڕشێکی کورد لەناوچەی دەرسیم لە تورکیا هەڵگیرسا و کوردی سووریاش لەڕێگەی سنوورەکانەوە هاریکاری شۆڕشەکەیان کرد»[12].

(6) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦۸.

(7) کریس کوچیرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۰۷.

(8) الدکتور حامد محمود عیسی علي، المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط، القاهرة، ۱۹۹۲، ص ۳۷.

(9) بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: فئة من الاساتذة الجامعیین، المصدر السابق، ص ص ۲۹٤-۲۹۸.

(10) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٥.

(11) نفس المصدر السابق، ص ٦٦.

(12) کورتەی زنجیرە رووداوەکان لە شۆڕشی کورددا تا ساڵی ۱۹۷۰، وەرگێڕانی: د. سەرتیپ کاکەیی و مامۆستا مەکی ئەلمۆمین، گۆڤاری "سەنتەری برایەتی"، ژ"٤"، هەولێر، شوباتی

هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە لەم سەردەمەدا فەڕەنسا کە منداتی سووریای دەکرد رایگەیاندبوو مەبەستیانە و لەبەرچاویانە کوردستانێکی سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتی تورکیا دروستبکەن[13]، هەروا باس لەوەش دەکرێ کەوا فەڕەنسییە نیشتەجێ بووەکانی سووریا بەجۆرێکی نهێنی لایەنگیری و پارێزگاری و پشتیوانی راپەڕینی نەتەوەیی کوردیان دەکرد و یارمەتیشیان دەدان[14].

نووری دەرسیمی یەکێ بوو لەسەرکردە و هەڵسوڕێنەرەکانی شۆڕشەکە و رۆڵی گرنگیشی تیایدا گێڕا لەکۆتاییی بەناچاری پەنای هێنایە بەر سووریا[15]، و دەستی بە خەبات و نووسینە کرد لەم بەشەی کوردستان[16] و دواتر لەشاری حەلەب لەگەڵ خێزانەکەی جێنشین دەبێ[17].

1998، ل ٤١؛ همان نویسنده، جنبش کردها، ترجمەء: اسماعیل فتاح قاضي، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧، ص ٣٧، ص ٢٦٧.

(13) ادگار أبالانس، همان مأخذ، ص ٣٧.

(14) همان مأخذ پیشین، ص ٣٧.

(15) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٥.

(16) کتێبە بەناوبانگەکەی کە بەناوی "دەرسیم لەمێژوو" دایە.

(17) ئیسماعیل بادی، د.دێرسمی هەر خورت بوو، گۆڤاری "مەتین"، ژ "٢٣"، دهۆك، ئابی ١٩٩٣، ل ٣٣.



## دووەم: شۆڕشی جەزیرە ((١٩٣٧))

بەهۆی کاریگەری کۆمەڵەی خۆیبوونەوە لەسەر گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستاندا و لەدوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی سووری فەڕەنسی «١٩٣٦»دا، زۆر لەکوردان لە جەزیرە داوایان کرد کە زۆر کاری حکوومییان پێبدەن، هەروا داواشیان کرد سەربەخۆیی بەهەرێمەکە بدرێت لەلایەن دەوڵەتی سووری، ئەم داواکارییانەش زۆر بەتوندوتیژی بوو، ئەویش بەهۆی دانانی هەندێ عەرەب لەکاروباری گرنگی جەزیرەوە بوو و دواتر خەڵکی هەرێمەکە لەساڵی ١٩٣٧دا دەستیان بەشۆڕش کرد[18]، ئەمەش لەم راپەڕینەوە کەوتەوە کەوا دانیشتوانی جەزیرە دژ بە دەسەڵاتی مەرکەزی دیمەشق بەرپایان کرد، داواکاری جەزیرەییە راپەریوەکان بریتی بوو لە داننان بە قەوارەیەکی سەربەخۆ لەلایەن حکوومەتی مەرکەزی سووری بە رەسمی بۆ ناوچەکەیان، بەهەمان شێوەی ئەوەی بەسنجاق و ئەسکەندەرۆنە بەخشرابوو، بێتەناسین و مافی کەمایەتیشیان بۆ دەستەبەر بکرێت، شایانی باسیشە رۆژنامەکانی ئەم سەردەمە، ئەم جووڵانەوەیان بە «شۆڕشی جەزیرە» ناودەبرد[19] *.

هەروا لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا هاتووە کەلەم ساڵەدا- واتە ١٩٣٧- چوار پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سووریا بەشداربوون[20].

(18) د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ٣٥٤.

(19) رێناس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

* رۆژنامەیەکی سووری بەناوی "الانشا" لەژمارە "٧٠٧" و لەرێکەوتی ١٩٣٩/٣/٢٨دا لەژێر ناوی "لاوانی نیشتمانی" رای خۆیان لەبارەی هەڵوێستی سیاسییانەی خۆیان بەرامبەر کێشەی ناوچەکان دەردەبڕن، لەخاڵی دووەمدا باسی ئەم شۆڕشە دەکەن، کەچی بە "ئاژاوەی دروستکراو" ناوی دەبەن، کەتیایدا هاتووە "پێویستە پەیوەندی بەش و ناوچەکانی دەوڵەت بە بنکەوە مسۆگەر بکرێت و ئاژاوەی دروستکراویش لە جەزیرە و لازقییە، و جبل الدروز و هیتر بووەستێنرێت"، بڕوانە: منیر المالکي، من المیسلون الی الجلاء (سیرة سیاسیة)، دمشق، ١٩٩١، ص ١٩١.

(20) د. ولید حمدي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠.

لەساڵی «١٩٣٨»یشدا سەرکردایەتییەکی تازە بە کۆمەڵەی خۆیبوون دادەمەزرێنرێ کە زۆربەی هەرە زۆریان لە کەسانی نیشتەجێی ئەم بەشەی کوردستانن، کەوا بریتین لە «ئەکرەم جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، دکتۆر ئەحمەد نافیز، حەسەن حاجۆ ئاغا، عوسمان صبری، عەبدولڕەحمان عەلی یونس، مەمدوح سەلیم، عارف عەبباس» بەڵام دواتر زۆربە زوویش «عوسمان صبري» لێیان جیابۆوە کاتێ بینی پەیوەندییان بە حیزبی تاشناقی ئەرمەنی هەرماوە[21].

## سێیەم: کارەساتی گوشی عاموودێ

ئەمە یەکێکە لە کارەساتە جەرگبڕەکانی مێژووی کورد کە بەسەر کوردی سووریادا هاتووە، دوای ئەوەی هەندێ تێکگیران و گرژی سەرهەڵدەدەن، دەماری عەرەبگێری رەگەزپەرستی دژ بەکورد و ئەرمەن دەگاتە لوتکە، بانگەشە و پڕوپاگەندە لە دژی برایەتی کورد و ئەرمەن خراپ دەنگی دابۆوە، بەڵام ئەم کارەش بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی زیاتر بەتین بوونی ئەم پەیوەندییە، تاوەکو دوای چەند شەڕ و ناخۆشییەك عەرەبەکان و هەندێ کوردی خۆفرۆشی (جاش) لەدژی ئەم برایەتییەی کورد و ئەرمەن سەنگەری بەرامبەر دەگرن، حاجۆ ئاغا* سەرکردایەتی کوردە نەتەوە پەروەرەکان دەکات، و «شێخ دحام هادی»یش سەرکردایەتی عەرەبەکان[22]، لەئاکامدا هەندێ رووداوی خوێناوی و شەڕ و تێکگیران لەئامودی روودەدا، لەرێککەوتی «٩ی ئابی ١٩٣٩»دا جێی کاروباری ئەرمەنەکان تێکدەدرێ و تالاَن و بڕۆ دەکرێ، لەشکری فەڕەنسیش زۆر بێ بەزەییانە خۆ لەهەراکە هەڵدەقورتێنێ[23] و شارۆچکەی ئامووردێ

---

(21) محمد ملا احمد، جمعية خويبوون و العلاقات، ص ٨٥.

* هەندێ سەرچاوە سەرکردایەتی کورد بە "سەعید ئاغا دەقووری" دادەنێن، بڕوانە: محمد ملا احمد، جمعية خويبوون و العلاقات، ص ٩٦.

(22) رۆهات ئالاَکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

(23)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٣-٣٤.



لەلایەن لەشکرێکییەوە بۆمباران دەکرێ و فڕۆکە و سەربازی پیادەش کارێکی پێدەکەن بابەدەواری شڕی نەکردبێ، سەرلەبەری وێران و کاولدەکەن[24].

فەڕەنسییەکان ئەم کارەیان بۆ زیاتر مانەوەی خۆیان بوو لەم ناوچەیە و درێژەدانیش بوو بەسیاسەتی ئەو رۆژگارەی خۆیان کەوا ئارەزوومەندی هەموو جۆرە شێواوی و پێکدادانێك بوو[25].

هەربەهۆی ئەم کارەساتەوە*، قەدری جەمیل پاشا کە یەکێ لە سەرکردە هەرە دیار و ناسراوەکانی خۆیبوون بوو لەگەڵ خێزانەکەیدا بەهۆی لایەنگیری لە راپەرینەکە دوورخرایەوە بۆ تەدمور[26] **.

---

(24) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(25) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەرە.

* لێرەدا و لەم کارەساتەدا رۆڵ و چالاکی کۆمەڵەی خۆیبوون لەسووریا لە بەرامبەر فەڕەنسا و دژوەستانیان هەستی پێ ناکرێ، کەچی لەم کاتەدا سەرکردەکانی خۆیبوون ئەم هەڵوێستە وەردەگرن، ئەمەش وەکو مامۆستا (محمد ملا احمد) پێی وایە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتنی رێکخستنی خۆیبوون کەوا پشتی بە دۆستایەتی سەرکردەی هۆزەکانەوە دەبەست، نەوەك لایەنگیری جەماوەر، تابتوانرێ بەئاسانی کاریان پێ بکرێت، نەوەك پشت بەستن بە سەرۆك هۆز کە ناتوانرێ کاریان پێ بکرێت تەنیا لەم کاتە نەبێ  کەوا بەرژەوەندی سەرۆك هۆزەکە لەگەڵ بەرژەوەندی رێکخراوەکە هاوبەش و گونجاو بێ ئەنجا کاری بۆ دەکرێت، ئەگینا لەبارێکدا سەرۆك هۆز دژی کارەکە بوو ئەوا ژێردەستە و پیاو و دواکەوتەکانیشی هەروا دەبن، ئەمەش بەواقیعی لەم سەردەمەدا دەردەکەوێت کە هەندێ سەرۆك هۆز لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا بوون، هەندێکی تر لەگەڵ بزووتنەوەی عەرەبی رەگەزپەرستدا بوون بۆیە ئەم بارەش بوو بەهۆی کەم و لاوازی کاریگەری لەسەر ئەم هۆزە ناکۆکانە. بڕوانە: المصدر السابق، ص ص ٩٦-٩٧.

(26) محمد ملا احمد، جمعية خويبوون والعلاقات،ص ٩٦.

** لێرەدا و لەم کارەساتەدا رۆڵ و چالاکی کۆمەڵەی خۆیبوون لەسووریا لە بەرامبەر فەڕەنسا و دژوەستانیان هەستی پێ ناکرێ، کەچی لەم کاتەدا سەرکردەکانی خۆیبوون ئەم هەڵوێستە وەردەگرن،

## تەوەرەی سێیەم
## کورد لە (١٩٣٩-١٩٤٦)

لەساڵی ١٩٣٩دا فەرەنسا سەنجەقی ئەسکەندەرۆنەی زۆرینەی عەرەبی لە سووریا بۆ تورکیا دابڕی، کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی سەربەدەوڵەتی حەلەب بوو، لکا بە تورکیای کەمالی[1].

هەر لەساڵی ١٩٣٩دا لە ناوچەی «حی الاکراد» لەدیمەشق کۆمەڵەیەك بەناوی ((یەکێتی خورتان —وحدة الشباب-)) دروستبوو، کە ژمارەیەکی زۆری لە گەنج و لاوان بەخۆ دەگرتەوە[2]*، ژمارەکەی لەنێوان «٣٠٠-٤٠٠» کەس بوو، ئەم کۆمەڵەیەش کارەکەی بڵاوکردنەوەی زانین و خوێندن و نووسین بوو، بەڵام هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بووە هۆی سەرنەگرتنی کاری ئەم کۆمەڵەیە[3]، دواتر لەگەڵ «یانەی رۆشنبیر» کە یانەیەکی کوردی بوو لەم سەردەمەدا دامەزرابوو تێکەڵاو بوون

ئەمەش وەکو مامۆستا (محمد ملا احمد) پێی وایە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتنی رێکخستنی خۆیبوون کەوا پشتی بە دۆستایەتی سەرکردەی هۆزەکانەوە دەبەست، نەوەك لایەنگیری جەماوەر، تابتوانرێ بەئاسانی کاریان پێ بکرێت، نەوەك پشت بەستن بە سەرۆك هۆز کە ناتوانرێ کاریان پێ بکرێت تەنیا لەم کاتە نەبێ کەوا بەرژەوەندی سەرۆك هۆزەکە لەگەڵ بەرژەوەندی رێکخراوەکە هاوبەش و گونجاو بێ ئەنجا کاری بۆ دەکرێت، ئەگینا لەبارێکدا سەرۆك هۆز دژی کارەکە بوو ئەوا ژێردەستە و پیاو و دواکەوتەکانیشی هەروا دەبن، ئەمەش بەواقیعی لەم سەردەمەدا دەردەکەوێت کە هەندێ سەرۆك هۆز لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بوون، هەندێکی تر لەگەڵ بزووتنەوەی عەرەبی رەگەزپەرستدا بوون بۆیە ئەم بارەش بوو بەهۆی کەم و لاوازی کاریگەری لەسەر ئەم هۆزە ناکۆکانە. بڕوانە: المصدر السابق، ص ص ٩٦-٩٧.

(1) درية عوني، المصدر السابق، ص ص ١٢٩-١٣٠.

(2) دلاور الزنگی، بدايات نشوء الجمعيات، ص ١٨٤.

(3) بڕوانە: ئیسماعیل بادی، جارەکادی هۆزانڤانی میللەت پەروەر تیرێژ، گۆڤاری "مەتین"، ژ"٢٠"، خولی سێ، دهۆك، گوڵانی ١٩٩٣، ل ٤١، ئەویش لە "محمد ملا احمد، صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني الكردی في سوريا، ص ٣٣"ی وەرگرتووە.



و یانەی «کوردستان»یان پێکهێنا، ئەویش بەهۆی یارمەتیدانی «عوسمان سەبری» کە ئەندامی «جڤاتا ئالیکارییا کوردێن بلنگاز» بوو و لاوی نیشتمان پەروەریش «نورەددین زازا»، کۆمەڵێ لاو و گەنجی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و بوو بە یانەیەکی وەرزشیش، ئامانجیان یەکخستنی گەنج و لاوانی کورد بوو لەگەڵ پەرەدان بەهەستی نەتەوایەتی کورد، هەروەك مەبەستیان فێرکردنی کۆمەڵێ قوتابیان و لاوانی کورد بوو بۆ شارەزا کردنیان بەزمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین دەورەیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کردەوە، هەروەك کۆمەڵێ قوتابیشی تیا بوو لەشارەکانی ترەوە هاتبوون و لەشاری دیمەشقدا دەیانخوێند[4].

جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان رۆڵی گرنگیان لەدروستکردنی ئەم یانەیە هەبوو، لەگەڵ «شوکت زلفو و ممدوح سليم وانلی»، ئەندامە دیارەکانیشی «کمال حمزە، عصمت شريف وانلی، محەممەد مەتینی، خالد الكردي «الزعيم»، فؤاد ملاطیەلی، مصطفی آلوسي، شکری وەلات، سليمان ملی، انور ملی، عزت ملی، خیری زازا، رشيد خليل شيخ الشباب کوری شەهید مەیسەلۆن، راشد جلعو، مەدەنی رسول، عزت فلو، محمود میرخان، مصطفی اجليقين، فؤاد قدری، مختار اجليقين، حسن هاشم حاج عثمان، ابراهيم الصفدی، حيدر درويش، صلاح كوس ايوبی، جميل ميقری، ابراهيم رشوانی...[5]» کە ئەمانە لەدواییدا دەرکەوت کە رۆڵی گرنگیان لەم مەیدانەدا بینی و بوون بە کەسانی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر لەم بەشەدا کە هەندێکیان لەلایەنی سیاسی و هەندێکیان هی رۆشنبیری و ...تاد لەدوارۆژ دەرکەوتن.

تیپی تۆپی پێی «کوردستان» لەدوای ئەوەی بەناوی «تیپی کوردستان» هاتە کایەوە، بەشێوەیەکی رێك و پێك بەشداری لەو یارییانەدا کرد کە یانە وەرزشییەکانی دیمەشق رێکیان خستبوو، لەساڵی «١٩٤٠»یشدا پاڵەوانیەتییەکەی بەدەست هێنا، ئەم تیپە زۆر لە دڵ گەرمەکانی دەورووژاند، و جەماوەر لە قامیشلییەوە بۆ هاندانی

(4) دلاور الزنگی، بدايات نشو الجمعيات، ص ١٨٤.

(5) عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ١٥٥.

یاریزانەکان دەهاتن، ئەوەی سەیر بوو دەنگی هەزاران لە سەیرکەرانی دەبیسترا «دەی کوردستان، هێرش بەرە کوردستان، بژی کوردستان»[6] ، رۆژنامەکانیش کە گرنگییان بەم یارییانە دەدا بە خەتی گەورە دەیاننووسی «کوردستانی سەرکەوتوو»، ئەمەش بووە هۆی نارەزایی تورکیا، بۆیەش هەموو توانای خۆی خستەکار بۆ سنووردانان بۆ خۆپیشاندەرانی نەیارانی تورکیا، کەوا کێشەی کورد دەورووژێنن، سوورییەکان و فەرەنسییەکانیش بۆ رازی کردنی دەسەڵاتی ئەنقەرە هەموو کار و چالاکییەکانی ئەم تیپەیان وەستاند[7].

هەر لەم کاتەشدا هەندێ رووداوی نیگەرانکەر لە «جبل الدروز» و هەرێمی لازقیە، و جەزیرەدا روویدا، ئەویش بریتی بوو لە هەندێ بزووتنەوەی جیاخوازی توند لەنێو کەمایەتییەکان[8]، دواتر لە تەموزی ۱۹۳۹دا نوێنەری باڵای فەرەنسی جارێکی تر ئەنجوومەنی کارگێری دامەزراند بەوەی لەژێر فەرمانی خۆی کاربکەن، هەروەکو دەستە تایبەتییەکانیش دووبارە لەژێر فەرمانی خۆی دامەزراندەوە، کاروباری ناوخۆیی هەریەکە لە «جبل الدروز، و لازقییە، و جەزیرە»دا بەرێوە ببەن[9].

## بزووتنەوەی موریدین:

بزوتنەوەیەك* بوو لەناو کوردانی سووریا سەری هەڵدا، لەلایەن ئەفسەرێکی تایبەتی خۆی، کە لە جل و بەرگی سەرکردەیەکی ئایینی کوردی لەژێر ناوی «شێخ ئیبراهیم»دا پۆشی، و توانی ژمارەیەکی زۆر لە موریدان —شوێنکەوتوان- لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و شەرێکی خوێناویشی دژی ئاغاکانی ناوچەکە و خێزان و لایەنگرەکانی راگەیاند، دوای چەند مانگێك گشت «جبل الکورد»ی گرتەوە، کە ژمارەیان زیاتر لە «۲۵۰» هەزار کەس بوو، و خستنیە ناو ئاگری شەری ناوخۆ[10].

ئەم کۆمەڵە ئاینییەی ناوچەی «عەفرین —جبل الاکراد»ی باکووری رۆژئاوای سووریا بەتایبەتی لەناوچەی «بلبل»ی هاوسنووری ویلایەتی غازی عەینتابی تورکی[11].

ئەم کۆمەڵەی «شێخ ئیبراهیم خەلیل»[12] دروستیکرد، تەریقەتێکی سۆفیگەری خاوەن سرووتی (تقوسی) دیاریکراو نەبوو و گرنگی بە حەلەقاتی زیکر و خواپەرستی نەدەدا، بەڵکو تەنیا بانگەوازی پابەندبوون بە تەعالیمی ئایینی ئیسلامی دەکرد و داوای پراکتیزە کردنیشی دەکرد، بە مەبەستی گۆرینی ئەم واقیعە خراپەی کۆمەڵانی کورد لەژێر سایەی رژێمی دەرەبەگایەتی، و دژ وەستان لەرووی هەژاری و چەوساندنەوە و کوێرەوەری[13].

(6) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٨.

(7) نفس المصدر السابق، ص ٦٩.

(8) چورچ کیرك، المصدر السابق، ص ٣٠٠.

(9) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٨.

* بیرورا لەبارەی ئەم بزوتنەوەیە جیاواز و پێچەوانەن، ئەوانیش بریتین لە: -

یەکەم: هەندێ لە مێژوونووسان بەبزوتنەوەیەکی دروستکراوی تورکەکانی دەزانن، کە لەلایەن حکوومەتی ئەنقەرەوە دروستکرابێ، دوای ئەوەی چالاکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە "جبل الاکراد" لە حەلەب لە پێشڤەچوون و زیادبووندا بوو، بروانە: نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٨.

دووەم: بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی دەزانن کە دژ بە چەوساندنەوەی سەرۆك هۆز و گەورە زەویداران و دواتر دژ بە فەرەنسییەکانیش بوو، هەروەکو بە بەشێکی نەپچراوی خەباتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان دادەنێن، بروانە: صلاح بدرالدین، الاکراد شعباً و قضية، ص ۱۷۹-۱۸۰.

(10) نورالدین زازا، المصدر السابق، ص ٦٨.

(11) منذر الموصلي، عرب وأكراد، ص ٤٧٤.

(12) كلمة لابد منها مقال منذر الموصلي في مجلة سوراقيا، جريدة "الديمقراطي"، العدد "٣٠٧"، حزيران ١٩٩٩، ص ٤.

(13) منذر الموصلي، عرب و اكراد، ص ٤٧٤.

ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی «١٩٣٤»*دا هاتۆتە مەیدانی سیاسییەوە[14]، لەلایەن گەنجێکی کورد لە غازی عەینتاب لە تورکیا، لەدژی سیاسەتی عەلمانییەتی حکوومەتی کەمالی، بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەت، بەناوی «کۆمەڵەی موریدین»- واتە شوێنکەوتوانی شێخ- دامەزرا، لە پێشدا خۆی ئەفسەرێکی سوپای تورکی بوو[15]، لەسەرەتا ئەم کۆمەڵەیە دژ بە دەرەبەگ و ئاغا و بەگە هاوپەیمانەکانی حکوومەت وەستا، بەڵام دواتر دژی بانگەوازی عەلمانییەتیش وەستا[16].

دوای ئەوەی ئەم بانگەوازە گەیشتە ناو کوردەکانی عەفرین- جبل الاکراد- کە لەم کاتەدا ناوچەکە تووشی خراپترین زوڵم و چەوساندنەوە و کوێرەوەری ببوو، ئەویش بەوەی ژمارەیەك لە مەلا گەنجە خوێن گەرمەکان چوونە پاڵی و چەندین چالاکیان نواند، دیارترین سەرکردەی کۆمەڵەکەش لەدوای شێخ خۆی، یەکێ بوو بەناوی «جوجا قورتوشاغی» لەناوچەی بلبل کە بنکەکەی «قورتوشاغی» بوو، کەوا لە رادەبەدەر دژ بە ئاغاکانی ناوچەکە بوو، دواتر ئەندامانی کۆمەڵەکە تووشی چەوساندنەوە و کرداری لەناوبردن بوون[17].

ئەم کۆمەڵەیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بڕوای بە «غافل کوژی- الاغتیالات»ی سیاسی هەبوو، وەکو شێواز و هۆکارێك بۆ گەیشتنە ئەنجام و ئامانج، زۆر جار لەم کارانەیان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، دواتر هەر کاتێکیش کوردانی

* لەبارەی ساڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بیرورای جیاواز هەیە وەکو:-

یەکەم: منذر الموصلي دامەزراندنی کۆمەڵەکە بە ساڵانی چلەکان یان زووتر دادەنێ، بڕوانە نفس المصدر السابق، ص ٤٧٤.

دووەم: هەروا "صلاح بدرالدین" لە پەرتووکێکی تریدا مێژووی دروستبوونی بزووتنەوەکە لە نێوان ساڵانی (١٩٣٠-١٩٤٥) دادەنێ، بڕوانە: غرب کردستان، ص ٤٣.

(14) صلاح بدرالدين، الاكراد شعباً و قضية، ص ١٨٠.

(15) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ص ٤٧٤-٤٧٥.

(16) نفس المصدر السابق، ص ٤٧٥.

(17) نفس المصدر السابق، ص ٤٧٥.



تورکیا چالاکییەکی وایان ئەنجام بدابایە، ئەوا یەکسەر دەهاتنە ناو کوردەکانی سووریا، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باشوور کە ژمارەیەك لە بەرپرسانی کارگێری و ئاسایشیان لەناو برد، ئەمجا پاش ماوەیەك لەمانەوەیان دەچوونەوە تورکیا و دووبارە دەستیان بەکارکردن دەکردەوە[18]، بەڵام دوای ئەوە کوردانی هەردوولا- واتە سووریا و تورکیا- بەشدارییان لەکار و چالاکییەکانی یەکتر بەهاوبەشی دەکرد لەهەردوو لای سنوور، هەربۆیەش دەسەڵاتدارانی تورکی و فەرەنسی لە هەوڵی هاوبەشدا بوون، تا سەرۆکەکەیان* گیرا و دواتر حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بە بیانووی بانگەوازکاری بیر و باوەڕی دژ بە رژێمی سیاسی ئێستا، هەروەها رەگەز کوردایەتیشی[19].

لەسووریا چالاکی ئەم کۆمەڵەیە دژ بە گەورە زەویداران و ئاغاکانی ناوچەکە کە چینێکی دەرەبەگیان پێکدەهێنا لەلایەنی سیاسی و کشتوکاڵی دەسترۆ بوون، بوو ئەمانە بە خراپترین شێوە دژ بە جووتیار و جەماوەری هەژار بوون بەتایبەتی و لایەنگیری پیاوانی منداتی فەرەنسی و تاقمی چەکدارانی سووری بەکرێگیراوانیان دەجووڵانەوە[20].

پیاوانی دەرەبەگی ناوچەکە دژایەتییەکی لە رادەبەدەریان دژ بە کۆمەڵەکە دەست پێکرد و زۆر بەتوندی بەرەو روویان وەستان، دەستیان کرد بە چەوساندنەوە و سووتاندنی ماڵەکانیان و راوەدوونانی ئەندامانی کۆمەڵەکە، ئەمەش بەیارمەتیدان و هاوکاری حکوومەتی ماندات کە پیاو و سەربازەکانی خۆی لە خزمەتی ئەوان دانا،

(18) نفس المصدر السابق، ص ٤٧٥.

* مەبەست لە ((شێخ ئیبراهیم خەلیل))ی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە نییە، بەڵکو سەرۆکێکی ترە، کە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە دانراوە، بێ دیاری کردنی ناوەکەی جگە لە ئیبراهیم خەلیل کە دامەزرێنەربوو.

(19) نفس المصدر السابق، ص ص ٤٧٥-٤٧٦.

(20) نفس المصدر السابق، ص ٤٧٦.

لەبەر زیادبوون و گەورە و فراوان بوونی بزووتنەوەکە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، بۆیەش هەڵسا بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکەکان بە مەبەستی بنبڕکردنی ئەم کۆمەڵەیە کە هەڕەشە لە بەرژەوەندی داگیرکارانەیان دەکات[21]، دەسەڵاتدارانی فەڕەنسی لەبری دەست خستنە ناو کێشەکە بۆ وەستاندن و نەهێشتنی ئەم قەسابخانانەی روویان دەدا کەچی پیاوانی «دەرك- پۆلیس»ی سووریایان راسپارد بۆ ئەم کارە لەجیاتی خۆیان، ئەم دەرکانەش بەزوویی لە گۆڕەپانی شەڕەکە بە سەرشۆڕی کشانەوە، چونکە ژمارەشیان وەکو پێویست نەبوو، هەروەك چەکیشیان گونجاو و لەبار نەبوو، بۆیە ئەوانیش بێ بەزەییانە بۆ یەکتر سەربڕین بەجێیان هێشتن[22].

ئەم کارەسات و دژایەتییانە بۆ ساڵانی دواتریش درێژەی کێشا، کەلە ئەنجامدا ژمارەیەك لەسەرکردەکانی کۆمەڵەکە کوژران، لەبەرامبەر کوژرانی ژمارەیەکیش لە ئاغاکان و ئەندامانی بنەماڵەکەیان، تا گەورە و سەرکردەی بنەماڵەکەشی کە «شێخۆ ئاغا» بوو و جێگری ئەنجوومەنی نوێنەرانی سووری بوو، لەسەر پەیژەکانی سەرای حکوومەتی سووری لە دیمەشق بە دەستی ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە کوژرا، دوای موحاکەمەش تاوانبارەکە لەسەرەتای چلەکان خنکێندرا[23].

دوای ئەم رووداوەش حکوومەتی سووری چەندین هەڵمەتی لە دژیان ئەنجامدا، بەهۆی ئەوەوەی کە پەرلەمانی سووری ئەم کات لە کۆمەڵێ دەرەبەگ و نیمچە دەرەبەگی خاوەن زەوییە گەورەکان و دەوڵەمەندەکان لە بازرگانان و خاوەن بیناکان پێکهاتبوون و بەهۆی ئەمەوەش چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بەرەو کزبوون و لاوازبوون چوو[24].

ئەوەی ماوە بیڵێین ئەم شەڕە براکوژییە لەسەرەتای «١٩٣٠»دا سەری هەڵدا بۆ زیاتر لەدوو ساڵی خایاند و بووە هۆی کوژرانی «١٠ هەزار» کەس و کاولکردنی

---

(21) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٧٦.

(22) نورالدين زازا، المصدر السابق، ص ٦٩.

(23) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٤٧٦.

(24) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ص ٤٧٦-٤٧٧.



ناوچەیەکی رەنگین و بەفەڕ[25]. بەڵام سەبارەت بە چارەنووسی شێخ ئیبراهیم ئەوەبوو کاتێ کارەکەی کۆتایی پێهات بە شێوەیەکی لێڵ و نادیار، بەبێ جێ هێشتنی هیچ شوێنەوارێك ون بوو و هەرگیز نەزانراش کە ئایا شێخێکی راستەقینە بوو، یاخود کارەکەی کردبووی بە شێخ[26].

بۆیەش ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەم بزووتنەوە دژایەتی و کورد کوژییە بەکارێکی دروستکراو دەزانین ئەویش بۆ کەمکردن و نەهێشتنی هێز و تینی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئەم پارچەیە و باکووری کوردستانیش، کە وەك ویسترا وا بوو، هەروەك بۆ بەفیڕۆدانی وزە و هێزی ئەم کوردانەش کە لەم ناوچەیە و ناوچەکانی تریش نیشتەجێ بوون، ئەمەش هۆکارێکی وەستاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بوو لە قازانجی هەموولایەکی دوژمن بە کوردان بوو، لەبەرامبەر ئەوەش بەزەرەر و زیانی زۆری کوردانیش کۆتایی هات، هەروەك بوو بەهۆی چاندنی تۆوی رق و کین و دژایەتی لەنێوان خەڵکی ناوچەکە[27].

لە حوزەیرانی ١٩٤١دا راسپێردراوی —مفوض- بەرزی فەڕەنسی جەنەراڵ دانز «حسني الزعيم»ی راسپارد بە مەبەستی مەشغول کردنی هێزەکانی دیگولی و بەریتانی، دوای کشانەوەی هێزەکانیان بۆ لوبنان، ئەویش بەهۆی پاشماوەی هێزەکەی و خۆبەختکەرانی کوردی دیمەشق ئەم کارەی بەجێ هێنا. دیگۆلییەکانیش موحاکەمەیان کرد و لەسوپا دەریان کرد، دواتر لەدوای سەربەخۆیی گەڕاندیانەوە سوپا[28].

دوای ماوەیەك لەم بەروارە جگەرخوێنی شاعیر و مەلا ئەحمەدی زڤنگی موفتی قامیشلی چوونە پاڵ سەرکردەکانی خۆیبوون و دکتۆر ئەحمەد نافیزیش بوو بە سەرۆك، وا بەدیار دەکەوێ کە سەرکردەکانی خۆیبوون لەساڵی ١٩٤٦دا ناوی کۆمەڵەکەیان لە خۆیبوونەوە گۆڕیوە بۆ «پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا»، بەهەمان شێوەی پارتی

---

(25) نورالدين زازا، المصدر السابق، ص ٦٩.

(26) نفس المصدر السابق، ص ٦٩.

(27) نفس المصدر السابق، ص ٦٩.

(28) منذر الموصلي، عرب واكراد، ص ٢٤١.

ديموكراتی كوردستان لە ئێران[29]، هەروەك قەدری بەگیش*، يەكێ لە سەركردەكانی كۆمەڵەی خۆيبوون بەماوەيەكی كەم دەچێتە مەهاباد[30]، بیرخەرەوەيەك لە لايەن خۆی بەناوی «پارتی ديموكراتی كورد لە سووريا» پێشكەش بە (قازی محەممەد) سەرۆكی كۆماری مەهابادی كوردی دەكات كە بەناوی «زنار سلوپی»یەوە —نازناوی خۆی- واژۆی دەكات لە رێكەوتی (٢١ی ئەيلوولی ١٩٤٦)[31]، هەروا بیرخەرەوەيەكیش لە بەرواری «٢٢ ئەيلوول» هەر بەناوی «پارتی ديموكراتی كوردی» كە نوێنەری كوردی سوريا و توركيايە دەدا بە كۆنسوڵی گشتی يەكێتی سۆڤيەت لە تەورێز[32].

## رۆڵی كورد لە دەركردنی فەرەنسییەكان:

لە كۆتايی ئايار ١٩٤٥دا سووريا لە بارودۆخێكی خراپی سياسيدا دەژيا، لەسەر ئەوەش فەرەنسییەكان پەيمانی سەربەخۆییان هەر لە ساڵی ١٩٤١ بە سووريا دابوو، كەچی وڵاتيان بەزوويی بەجێ نەهێشت[33]، خەباتگێڕانی گەلانی سووریاش لە سەرەتا بەنهێنی كاريان دەكرد و دواتر بە ئاشكرا، پەنايان بردە بەر چالاكتر كردنی خەباتەكەيان، بۆيەش لەم كاتەدا فەرەنسییەكان دەستيان لێ دانە چەك بۆ ملكەچ كردن و نەهێشتنی چالاكییەكانيان. لەم نێوانەشدا شاری دیمەشقيان بۆمباران كرد، هەروەك هەمان كرداريشيان لەبەرامبەر قاميشلی ئەنجامدا، كە بووە هۆی دارِمان و لەناوچوونی هەندێ خانووبەرە لە ئەنجامی

(29) زنارسلوپی، المصدر السابق، ص ٢٣٩.

* مەبەست "قەدری جەميل پاشای دياربەكری" يە.

(30) محمد ملا احمد، جمعیه خویبوون و العلاقات، ص ٨٧.

(31) بۆ دەقی ئەم بیرخەرەوەیە بروانە: زنار سلوپی، المصدر السابق، ص ص ٢٣٩-٢٤٠.

(32) بۆ دەقی ئەم بیرخەرەوەيەش بڕوانە: نفس المصدر السابق، ص ص ٢٤٢- ٢٤٤.

(33) نورالدين زازا، المصدر السابق، ص ٩٨.



كەوتنيان بەبەر تۆپ و چەكی گرانی فەرەنسییەكان كە بەشێوەيەكی پچڕ پچڕ بەسەرياندا دەباراندن[34].

هەروا لە شەڕێكیشدا لەناوچەی «حينونة»ی سەر بە ناوچەی دێريك لەنێوان دەسەڵاتدارانی فەرەنسی و خەڵكی ناوچەكە روويدا، يەكێ لەناودارانی ناوچەكە كە باوكی هونەرمەندی كوردی سووری سلو كورو (١٩٢٢-١٩٩٨) بوو، شەهيد دەبێ و دواتريش فەرەنسییەكان گوندی ناوبراو دەسووتێنن[35].

(34) نفس المصدر السابق، ص ٩٨.

(35) الفنان الكردی Silo Koro، جريدة "طريق الشعب"، العدد (٢٧٤)، شباط ١٩٩٨، ص ٦.

# بەشی چوارەم

## لایەنی رۆشنبیری کورد لە سوریا لە (١٩٢٠-١٩٤٦)

**تەوەری یەکەم:** بزووتنەوەی رۆشنبیری کورد لە سالأنی (١٩٢٠-١٩٣٢)

**تەوەری دووەم:** بزاڤی رۆشنبیری کوردی سوریا (١٩٣٢-١٩٤٦)

**تەوەری سێیەم:** سەردەستەی نووسەران و وێژەوانانی بووژانەوەی رۆشنبیری کوردی لە سوریا.

# تەوەری یەکەم
# بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی
# لە سالانی (١٩٢٠-١٩٣٢)

هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم رۆشنبیرە کوردەکان گەیشتنە ئەم راستییەی کە راپەڕین و شۆڕشی چەکداری بەبێ شۆڕشی رۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی شتێکی تەواو و راست نییە، هەر بۆیەش بۆ ئەم مەبەستە هانایان بردە بەر رۆشنبیرکردن و بڵاوکردنەوەی هەست و بیری نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی. سەبارەت بە رۆشنبیری کوردی لەدوای رێککەوتننامەی سایکس- بیکۆی ١٩١٦، کە سووریا و لوبنان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا، لەم نێوانەشدا رۆژنامەگەری کوردی و عەرەبی بەشێوەیەکی سەربەست کەوتنە جموجوڵ کە رەخنە و بێزاری و نارەزایی لەدژی فەڕەنسا بنوێنن[1]. ئەوەی دەبێ وەك راستییەکیش سەیری بکرێ ئەوەیە کە شانازی و سەربەرزی ئەم خەباتە رۆشنبیرییە بەشێوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان کەوا دەستی باڵایان لە بووژاندنەوەی کەلچەری کوردی لەشامدا بووە[2]. بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی لەم پارچەیەدا لە سەرەتا بەشێك بوو لە بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردستانی باکوور و لە دواییشدا بوو بە بنکە بۆ ئەم مەبەستە، ئەویش دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە داینەمۆی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی باکوورەوە کۆچیان کرد بۆ ئەم بەشەی کوردستان بەهۆی زوڵم و زۆرداری حکوومەتی تورکیای کەمالی لەدژی رۆشنبیر و سەرکردە و پێشڕەوانی نەتەوەی کورد کە ناچار بوون سەنگەری خەبات بگوازنەوە بۆ ناوچەی جەزیرە و شام.

بۆ بەردەوام بوون و درێژەدان بە خەباتی کوردایەتی و رۆشنبیری، هەروەکو چەندین ناوداری کوردیش سەریان هەڵدا لەم بوارەدا خزمەتی زۆریان بە ئەدەب و مێژوو و رۆشنبیری کوردیان کردووە، کە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی توانا لێیان بدوێین.

(1) عبدالجبار محمد جباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل ١٥.

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.



لەسەرەتا ئەوەی پێویستە بگوترێ یەکەم چاپخانەی کوردی بۆ چاپکردن دامەزرابێت بۆ خزمەتی رۆشنبیری کوردی لە ساڵی ١٩١٥دا لەلایەن (حسین حزنی موکریانی) لەشاری حەلەب دامەزراوە[3] و هەر لەم کاتەشدا چەندین کتێبی چاپکردووە و هەندێ لە لێکۆڵەرانیش لەم باوەڕەدان کە گۆڤاریشی دەرکردبێت بەناوی «کوردستان»[4] *. هەر لەم ماوەیە و هەر لە چاپخانەکەی (حسێن حزنی) لە بازاڕچەی (سویقە) لە حەلەب چەند بەرهەمێکی پێ چاپکردووە وەکو ((مەم و زینی ئەحمەد- خانی)) لەساڵی ١٩١٥. کتێبێکیشی بەناوی ((مێژووی مێرگەی دڵان)) لەساڵی ١٩١٦دا[5].

هەروا رۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی «تۆمابوا» دەنووسێ: ((کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی بووە هۆی گۆڕانێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی نزم و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە بووە هۆی دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی تازە و جیابوونەوەیان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هەڵوەشاو، ئەمە کارێکی کەمی نەکردۆتە سەر ئەدەبی کوردی))[6]، بێگومان ئەگەر ئەم رایە سەبارەت بە ئەدەبی کوردی بێت، ئەوا لەبارەی بەشی رۆژئاوای کوردستانیش هەر راستە، چونکە لەم کاتەدا بەشێکی تەواوکەری

(3) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(4) بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەگەری کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٢٢.

* هەندێ سەرچاوە جگە لە رۆژنامەی "کوردستان" ناوی چەندین رۆژنامەی تریش دێنن کە لەم سەردەمەدا (حسێن حزنی) دەری کردبێ، وەك "چیا کرمانج، دیاربەکر، سۆران، ئارارات، بۆتان"، بەڵام بەنهێنی بوون. بڕوانە: مەغدید حاجی، کاروانە پڕسەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان، گۆڤاری کاروان، ژ"٣٢"، هەولێر، مایسی ١٩٨٥، ل ١٢.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.

(6) ژیانی کوردەواری، وەرگێڕ: حەمە سەعید حەمە کەریم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠، ل ل ٢٦١-٢٦٢.

هەردوو بەشی خواروو و ژووروو بووە، لەم ماوەیەدا چەندین قوتابخانە و شوێنگەی ڕۆشنبیری و سیاسی دانراوە.

«د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ» دەنووسێ «ڕۆژنامەگەری کوردی پارچەیەکە لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد»[7] و د.مارف خەزنەداریش لەم ڕووەوە دەنووسێ: «پێشگەوتنی ئەدەبی کوردی بەستراوە بە سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد»[8].

میر جەلادەت بەدرخان لە ساڵانی (١٩١٩-١٩٣٢)دا توانی ئەلف و بێیەکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دابنێ[9]، کە لەساڵی «١٩١٩»دا دەستی بە هەوڵەکەی کرد، و دواتر لەساڵی «١٩٣٢»دا تەواوی کرد، دوای ئەوە بیری لە یەکگرتنی زمانی کوردی کردەوە هەر بۆیەش دەیوت: «لە یەکێتی زماندا هەنگاوی یەکەم یەکخستنی پیتەکانە، چونکە گەر یەکێتی لە پیتدا نەبێت لە زمانیشدا نابێت»[10] . ئەم ئەلف و بێیە دواتر بووە بنچینەکی نووسینی کوردی*، هەروەها جەلادەت بەدرخان جگە لە گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣)، هەر لە دیمەشق و لە ساڵی «١٩٣٢»دا دوو پەرتووکیشی پێی و لە سەری دەرکرد، کە هی یەکەم «ڕێزمانا ئەلفا بێ یا کوردی» بە زمانی کوردی و عەرەبی و فەرەنسی و فارسی دەرکرد، دووەمیش فێربوونێ بوو بۆ ئەم ڕێنووسە لاتینییە بەناوی «ڕوپەلنەن ئەلفا بێ، ژبۆ فێربوونا زمان و نڤیسینا کوردی»[11] .

---

(7) Ebdul qadir BEDREDIN, PANORAMEK, L.8.

(8) Ĵêderê berê , L.8.

(9) Ĵêderê berê , L.8.

(10) ئیسماعیل ئیبراهیم بادی، جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری "دەنگێ مە"، ژ "٤"، دهۆك، ١٩٨٩، ل ٦١.

* جگە لە کوردی عیراق و ئێران تا لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتیش لە ڕۆژنامەی "ڕێ یا تازە" و چەند کتێبێکیشی پێ چاپکراوە تاوەکو ساڵی "١٩٤٥" بەکارهات و دوایی گۆڕا بۆ پیتی ڕووسی کریلیتی، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(11) هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.



هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوونی کوردی لە ساڵی (١٩٢٧)دا کارێکی گەورەی کردە سەر کێشەی کورد و بەرەو پێشڤەبردنی ئەم کێشەیە و زیاتر ناساندنی بە گەلان و وڵاتانی بێگانەدا.

خۆیبوون کاتێ دروستبوو چالاکییەکانی دوو لایەنی بە خۆیەوە گرت کە بریتیبوون لە چالاکی و خەباتی چەکداری کە خۆی لە شۆڕشی ئارارات «ئاگری داغ»دا بینییەوە[12] و لایەنی دووەمیش خەباتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی بوو[13]، هەروەکو کاری دبلۆماسییەتیشی کرد، کە ڕێکخراوێکی گشتگیری بوو.

**گەلالە نامەی ١٩٢٨:**

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ماندانی فەرەنسیدا کورد خەباتی دەکرد لەپێناوی مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری، لە کۆنترین بەڵگەنامەدا بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە هەندێ لە ڕۆشنبیر و سەرۆك هۆزی کورد گەلالە نامەیەك پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی دەکەن، بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەرانی سووری لە ١٩٢٨/٦/٢٣ کە واژۆکەران داوایان کردووە بەدابینکردنی هۆیەکانی بەدیهێنانی ڕزگارییان، ئەم بەڵگەنامەیەش ئەم داواکارییانەی بەخۆوە گرتووە[14]:

١. بەکارهێنانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکان.
٢. خوێندنی زمانی کوردی لەم قوتابخانانەی دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان.
٣. گۆڕینی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان بەفەرمانبەرانی کورد[15].

---

(12) بڕوانە: زنار سلوپی، المصدر السابق، ص١٣٤ و ما بعدها.

(13) بڕوانە: د.فەرهاد پیرباڵ، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون "١٩٢٧"، گۆڤاری "سەنتەری برایەتی"، ژ "٧"، هەولێر، ئابی ١٩٩٨، ل ٩٦ و دواتر.

(14) صلاح بدرالدین، غرب کردستان، ص ٤٢؛ د.سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ١٥.

(15) صلاح بدرالدین، غرب کردستان، ص ٤٢-٤٣؛ د.سعد ناجی جواد، المصدر السابق، ص ١٥.

هەروەکو ئەم گەلاڵەنامەیە پێشنیاری دامەزراندنی هێزێکی سەربازی کوردی کردووە کە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە بەڕێوە ببرێت بۆ پارێزگاری سنوور و پێشکەش کردنی ئاسانکاری بۆ کشتیارە کوردەکانی جەزیرە و ناوچەکانی تر بۆ وەبەرهێنانی (استثمار) زەوییە کشتوکاڵییەکان[16].

هەروەکو لە ساڵی ١٩٢٩دا مفەوەزی فەڕەنسی ناچاربوو بەبیر حکوومەتی سووری بهێنێتەوە کە پابەندبێت بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لەناوچە کوردییەکان[17]،

هەروەکو کورد لەلایەن خۆیانەوە سوودیان بینی بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە گوندەکانیان لەسەر حیسابی تایبەتی خۆیان، چونکە لە قوتابخانە حکوومییەکان جگە لە زمانی عەرەبی ناخوێندرێت[18]، ئیمام لەم قوتابخانانەدا قورئان و ئایین و کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی، بەواتایەکی تر داستانە ئازاییەکان و سۆفیگەرییەکان دەخوێندرێت[19] و لە هەندێ ناوچەی گەورەی وەکو دیمەشق و بەیروت وانەی ئێواران بۆ کرێکار و پیشگەران هەیە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بەزمانی کوردی[20].

هەروەها دوای ئەوەی فەڕەنسییەکان ڕۆشنبیرە کوردییەکانی سەر سنووری سووری- تورکیان گواستەوە بۆ ناو سووریا و شاری دیمەشق کە بوو بەهۆی هەڵچوونی هەستی نەتەوەیی لاوانی کورد، بۆیەش لەم کاتەدا یانەیەکی ڕۆشنبیری بەناوی «یانەی هەنانۆ» لەلایەن «بهاءالدین وانلی»یەوە دامەزرێنرا، کە زۆر لە گەنجانی کورد چوونە یانەکەوە[21].

(16) صلاح بدرالدين، غرب كردستان، ص ٤٣؛ د.سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص ١٥.

(17) لوسيان رامبو، الكرد و الحق، ت:عزيز عبدالاحد نباتي، اربيل، ١٩٩٨، ص ١٤٣.

(18) نفس المصدرالسابق، ص ١٤٣.

(19) نفس المصدر السابق، ص ١٤٣.

(20) نفس المصدر السابق، ص ١٤٣.

(21) غازى حسن، حول الثقافة الكردية في مائة عام، ص ٦٨.



## تەوەری دووەم

## بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی ســووریا (١٩٣٢-١٩٤٦)

بزاڤی ڕۆشنبیریی- وەك ئاماژەشی بۆ کرا- لە گشت سەردەم و کاتێکدا بەشێك بووە لە بزاڤی نەتەوەیی هەر میللەتێك و لقێکی دانەبڕاوی بزاڤەکەشە، بۆیە لەناو کوردیش هەر لەم سەردەمە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستی بە نەشونما کردووە، ئەوا شان بەشانی ئەویش بزاڤی ڕۆشنبیری تەواوکەری ئەم بزووتنەوەیە بووە. هەندێ لە ڕۆژهەلاتناسان گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن، ئەوەتا کوردناسی فەڕەنسی «ڤاسیلی نیکیتین» ڕای وایە کە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لەناو کوردانی سووریا ئەوا دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٠[1] هاتۆتە کایەوە، لەم کاتەدا کە بۆیان ئاشکرا بوو و سەلما کە دەست بردن بۆ کاری سیاسی لەو وڵاتانەی لەژێر چاودێری فەڕەنسادان وەختی نەهاتووە و گرنگییەکی واشی پەیدا نەکردبوو. بەڵکو گرنگیدان بەلایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیار کردنەوەی نەتەوەکەیان کارێکی لەپێشترە[2]. هەروەکو دەکرێ هەوڵ و تەقەلاش بدەن بۆ پتەوکردن و بەهێز کردنی هەستی نەتەوەیی کۆمەڵی کورد لەڕێگەی زیندووکردنەوەی زمان و پەرەپێدان و فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ڕۆڵەکان و نوێ کردنەوە و ژیان بەبەر کردنی ئەدەبی کوردی[3].

### گۆڤاری هاوار:

هەر لەم کاتەی شۆڕشی ئاگری (١٩٢٧-١٩٣٠) سەری هەڵدا چالاکییەکانی کورد لە سووریاش بەرەو زیادبوون چوو، بۆیەش فەڕەنسا کوردەکانی سەر سنووری سووری تورکی گواستەوە بۆ ناوەوەی سووریا بەتایبەتی دیمەشق بە مەبەستی ڕەزامەندی دەوڵەتی تورکیای کەمالی، و خستنیە ژێر چاودێریشەوە[4]، ئەم دوورخراوانە لە شام

(1) کۆتایی هاتنی شۆڕشی "ئاگری".

(2) کورد و کوردستان، و: خالیدی حسامی (هێدی)، ل ٨٠٦.

(3) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.

(4) دلاوەر زەنگی، بەشداران و ئابۆنەکانی گۆڤاری "هاوار"، گۆڕینی لە کرمانجی سەروو و پیتی لاتینی: عمران کەکۆ (ئالە٢)، ڕۆژنامەی میدیا، ژ"٣٤"، ١٩٩٨/٧/١٥، ل ٤.

(دیمەشق) دەستیان کردە پێنووس و لە دەوری میری ڕووناکبیرانی کورد «جەلادەت بەدرخان» کۆبوونەوە و پشتگیری هێڤی و تێڕوانینەکانی ئەویان کرد[5]، بۆیە هەڵسا بە دەرکردنی گۆڤاری «هاوار» کە بەتاقی تەنیا لەلایەن خۆی ڕێکدەخرا و دەنووسرا و دوای ڕاست کردنەوەش چاپ و بڵاو دەکرایەوە[6].

ژمارەکانی گۆڤاری هاوار کارێکی دانسقەیە بۆ ئەوانەی گرنگی بە کوردستان دەدەن کە دەوڵەمەندترین بەڵگەنامەی وێژەیی و زمانەوانی و مێژوویی بە هەردوو زمانی کوردی و فەڕەنسی دەگرێتە خۆی[7]. هەروەها هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ قوتابخانە وێژەییە کوردییە تازە داهاتووەکان دەڕوا، و هەواڵ و باسەکانیان بڵاو دەکاتەوە، بەرهەمەکانیشیان لەسەر لاپەرەکانی گۆڤارەکە پشت گوێ ناخا و بڵاو دەکاتەوە[8].

لە ڕێکەوتی ٢٦/١٠/١٩٣٢دا میر جەلادەت بەدرخان توانی ڕەزامەندی حکوومەتی سووری وەربگرێت لەسەر دەرکردنی گۆڤاری «هاوار»[9] . لە ڕۆژی «١٥/٥/١٩٣٢»دا ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە لەشاری دیمەشق دەرچوو[10]. کە گەل و میللەتی کورد هەر لە سەرەتادا پشتگیری و هاوکارییان دەکرد[11].

گۆڤاری هاوار ژمارەکانی دەگەیشتنە چەندین شوێن وەکو عیراق، بەیروت، قامیشلۆ، ئەوەی تر لە شام دەمایەوە[12]. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی وێژەیی بووە لە «١٥» ڕۆژ جارێك دەردەچوو[13]، لە ژمارەی یەکەمیدا بەم شێوەیە بانگی کوردان دەکات:

«هاوار دەنگێ زانینێیە، زانین خوناسینە، خوەناسین ژ هەرە رێ یا فەلات و خوەشیێ ڤەدکە، هەرکەس خوەناس دکە دکارە خوە بدە ناس کردن، هاوارامە بەر هەرتشتێ هەیینا زمانێ مەدێ بدە ناسکرن... »[14] ، هەروەکو هەر لەژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەوە ئەوا بەشێك بۆ فێربوونی ئەلف و بێی لاتینی کورد تەرخانکراوە و دواتریش بە زنجیرە بەردەوام بووە[15]. بابەتەکانی تری گۆڤارەکە لە زۆربەی ژمارەکانی بۆ جۆشدانی هەستی نیشتمان پەروەرانەی کورد و باسکردنی مێژووی کورد و کوردستان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی و نووسینی منداڵان و باس کردنی کوردایەتی و ....بووە[16]. ئەم گۆڤارە- وەك ئاماژەشی بۆ کرا- بەهەردوو زمانی کوردی و فەڕەنسی دەردەچوو، و ژمارەی لاپەرەکانیشی لە دەوروبەری ((٢٠)) لاپەڕەدا بووە، کە بەشی فەڕەنسییەکەی لەنێوان (٢-٤) لاپەڕە بووە[17].

لەبارەی قوتابخانە و کردنەوەی قوتابخانەوە گۆڤاری «هاوار» لە ژمارە «١٧»یدا و لەژێر سەردێری «دەرسخانە»دا دەنووسێ:-

«لە بەیروت «٢٠٠» کوردی ئۆمەری و ماردینی هەیە، دکتۆر بەدرخان* هەرچی مناڵی ئەوانە هەیە گەیاندوویەتییە خوێندنی دوای گەیشتنیان بە «٥» ساڵی، دکتۆر بەدرخان داوای لە حکوومەت کردووە کە قوتابخانەی بۆ چاك بکەن، و کردی، ئەمڕۆ لە بەیروت بەشێوەی ڕەسمی و دانانی حکوومەت دەرسخانەی کوردی هەیە کە زیاتر

---

(5) هەمان سەرچاوەی لاپەڕەی پێشوو، ل ٤.

(6) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.

(7) روجیە لسکوورینیە بواسو، الصحافة الکوردیة، ترجمة: هجار ابراهیم، مجلة "گولان العربي"، العدد "٢٣"، اربیل، ١٩٩٨، ص ٧٩.

(8) نفس المصدر السابق، ص ٧٩.

(9) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ص ٥٧.

(10) نفس المصدر السابق، ص ٥٧.

(11) Firat cewerî, Hevpeyvinek bi osman sebrire, kov ARA ((HẾVÎ)), HeĴmar ((7)), Parîs, Payiz, 1990, L.25.

(12) Firat cewerîw, Ĵêderêberê, L.25.

(13) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

(14) Ebdul qadir BEDREDIN, Ĵêderê berê, L.10

د. بدرخان سندی، میللینی یا گۆڤارا "هاوار"، گۆڤاری "رۆشنبیری نوێ"، ژ "١٣٣"، بەغدا، ١٩٩٤، ل ٢٦.

(15) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(16) بۆ زیاتر زانیاری. بڕوانە: د.بدرخان سندی، مللینی یا گۆڤارا "هاوار"، ل ٢٦-٢٩؛ عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

(17) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ص ١٢٤-١٢٥.

* مەبەست دکتۆر کامەران بەدرخانە.

له سی قوتابی تێدا دەخوێنن، مامۆستای وان «مصطفى احمد بوطي»[18] یە، دواتر بەم شێوەیە بەراورد لەگەڵ کوردانی سووریا دەکات: «لە عەندیوەرێ تا جەرابلس بەم شێوەیە چەند قوتابییمان هەیە، دەبا دەرسخانەی وەك دەرسخانەی بەیروتێ بکەنەوە، ئەم میللەتە بەختڕەش و هەژارە لە نەزانی رزگارکەن و پێیان بخوێنن و پێیان بگەیەنن، ئەگەر دەشیانەوێ روخسەت وەربگرن، بێگومان ئەمرۆ لاو هاتە بەر ئەم کارە ئەوا سبەش دەرسخانە دەکەنەوە»[19].

هەروەها لەم گۆڤارەدا چەندین جار بانگەوازی یەکخستنی زمانی کوردی تیا کراوە، بەجۆرێ کە زمانێکی یەکگرتوو (ستاندارد) دابمەزرێ و شێوە زارەکان یەك بخرێن و زمانی کوردیش لە وشەی بێگانە پاك بکرێتەوە و بەرەو پێشەوەش ببرێ[20].

ئەم گۆڤارە هەر لەم کاتەی دەرکەوت گەلێ پڕۆژەی گرنگ و بەرچاوی لەگەڵدا بوو، وەکو «دانانی پەرتووکخانەی هاوار» کە دواتر چاپ و بڵاوکراوەکانی ئەم پەرتووکخانەیە گەیشتە «٢٠» کتێب کە لەژێر رێکخستنی میر جەلادەت بەدرخانەوە بوو[21].

کتێبی یەکەمی کتێبخانەی هاوار لەساڵی ١٩٣٢دا «رێزمانی ئەلف و بێی کوردی» بوو- وەك باسکرا- کە لە «٣١» پیت پێکهاتبوو و هەر پیتەو دەنگێکی دەنواند[22]. کتێبی دووەمی بڵاوکراوەی «کتێبخانەی هاوار» بریتییە لە کتێبێك بە زمانی تورکی بە ناوی «کورد مسئلەسی بیر اجنبی نقطە نظرندن، ممتاز مستشرق

(18) ساڵی یەکەم، دیمەشق، دووشەممە ٦ ئایار ١٩٣٣، ل ٥.

(19) دەرسخانە، گۆڤاری "هاوار"، ژ. "١٧"، ل ٥.

(20) بۆ نموونە بڕوانە: لاجی حەنی، لە بۆیەکەتیا زمانێ کوردی، هاوار، ژ"٢٣"، ساڵی دووەم، سێ شەممە، ٢٥ی تمووزی ١٩٣٣، ل ٧-٨؛ لاوێکی کورد، یەکەتیا زمانی کوردی، هاوار، ژ"٢"، ساڵی دووەم، دووشەممە، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٣، ل ٢؛ و هیتر.

(21) Ebdul qadir BEDREDIN, jêderê berê, L10

(22) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ص ١١٤.



موسیو باسیل نیکتینك دیکسیونر دیپلوماتیکیرە کورد مسئلەسی حقنرە، ناشراولنان مقالە سنك ترجمەسی»، ناشری: حاجی ئاغا، شام، ١٩٣٤، قەوارەکەی ٤٠ لاپەڕەیە[23].

جەلادەت بەدرخان دواتر هەر خۆی نامیلکەیەك دەنووسێ لەژێر ناوی «مکتوب ترکیا رئیس جمهوری غازی مصطفی کمال پاشا حضرتلرینە» کە ژمارە «٦»ی بڵاوکراوەکانی «هاوار»ی لەسەرە، لە بەرواری «٨ی ك١ ١٩٣٣»دا بڵاویکردۆتەوە کە وەڵامێکە بۆ رەتدانەوەکەی مستەفا کەمال بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون[24].

گۆڤاری هاوار لەماوەی ژیانیدا (١٩٣٢- ١٩٤٣) بەگشتی «٥٧» ژمارەی لێ دەرکراوە و بڵاوکراوەتەوە[25]. لەرێڕەوی ژیانیدا بۆ ماوەی شەش ساڵ وەستاوە، ئەویش لەساڵی (١٩٣٥- ١٩٤١) کە لە دوای ئەمە دووبارە دەستی بە دەرچوون کردووەتەوە[26]. بەشە کوردییەکەی گۆڤارەکە هەر لە ژمارە یەکەوە تاوەکو ژمارە «٢٣» بەهەر دوو ئەلف و بێی (کوردی عەرەبی و کوردی لاتینی) دەردەچوو، بەڵام لە ژمارە «٢٤»یەوە بەشە کوردییەکەی تەنها بووبە ئەلف و بێی لاتینی[27]، ئەم گۆڤارە هەر لەگەڵ یەکەم ژمارەیدا ئەم نیشتمان پەروەرانەی کەلە تورکیاوە هەڵاتبوون بۆ سووریا لەدەوری میر و گۆڤارەکەی لە دیمەشق کۆکردەوە کە پێکهاتبوون لەپیاوانی ئایینی، ئاغاکان، رۆشنبیران...هتد، هەروەك بەشداریشیان لە دەوڵەمەند کردنی گۆڤارەکە بەنووسینە جۆراوجۆرەکانیان کرد[28].

(23) د. فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(24) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

(25) رەمزی قەزاز، بزووتنەوەی سیاسی رۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، سلێمانی، ١٩٧١، ل ٥٢.

(26) روجیە لسکودرینیە بواسو، المصدر السابق، ص ٧٩.

(27) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ص ١٢٤- ١٢٥

(28) نفس المصدر السابق، ص ١٢٥.

ئەم نووسەرانەی نووسینیان لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە زۆر بوون و لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش بوون، لەم نووسەرانەی لەسووریا بوون (قەدریجان، عوسمان سەبری، جگەرخوێن، مستەفا ئەحمەد بوطی، دکتۆر نورەدین زازا (یوسف)، حەسەن هشیار (مەلا حەسەن کورد)، لاوی فندی، ئەحمەد نامی، رەشید کورد، قەدری جەمیل پاشا، جەمیل حاجۆ...و هی تربوون. هەروا لە کوردستانی عیراقیشدا (بێکەس و گۆران و تۆفیق وەهبی و هەڤندی سوری و ئەسیری...هتد)، لە بەیروتیشدا لاوکی کورد دوا ژمارەی گۆڤاری هاوار، کە ژمارە «٥٧» بوو لە ڕێکەوتی ١٥ی ئابی ١٩٤٣ دەرچوو، و دواتر چیتر دەرنەچوو[29].

## یانەی لاوانی کورد لە ئامووده:

## Nadi Ciwan Kurd Amude

لەناوەڕاستی سییەکاندا یەکەمین یانەی کوردی کرایەوە، بەناوی «یانەی جەوانی کورد». ئەم یانەیە بەسەرپەرشتی محەمەد عەلی شووەیش و بەڕێوەبردنی جگەرخوێنی شاعیربوو، ئەندامانی ئەم یانەیە شیعری کوردییان فێری قوتابیان دەکرد و کۆمەڵە مامۆستایەکیش وانەی کوردی بەپیتی لاتینییان بە قوتابیان دەوتەوە، هەروەکو مێژوو و جوگرافیاشیان فێر دەکردن[30]. لەکاتی ریزبوون (اصطفاف) قوتابییەکان سروودی کوردییان دەوتەوە و ئاڵای کوردیان لە ئاسمانی قوتابخانەدا بەرز دەکردەوە، ئەمانە یەك جل و بەرگیان دەپۆشی و پێیان دەوترا «کەششافە» کە لە بۆنە نەتەوەییەکاندا لەشەقامەکان دەڕۆیشتن و هۆنراوە جۆشدەرەکانی جگەرخوێنیان دەوتەوە[31].

(29) نفس المصدر السابق، ص ١٢٦.

(30) دلاور الزلكي، نشؤ الجمعيات، ص ١٨٥.

(31) نفس المصدر السابق، ص ١٨٥.



دواتر زۆر لە ماڵی تێکۆشەران لە ئامووده بوو بە یانە و شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و قوتابخانە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی و پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و زیندوو کردنەوەی بۆنە نیشتمانییەکانی وەکو نەورۆز و ڕێکخستنی مێزگردی (ندوە) سیاسی و ئامۆژگاری ڕووناکبیری، هەروەها ئەم یانەیە لیست و وەسڵی تایبەتی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی پێشکەش کراوەکان[32].

هەروەها لەو سەردەمەدا ماڵی مەلایان قوتابخانەی ئایینی بوو، کە پیاوانی ئایینی تیا دەردەچوون، هەستی نەتەوەییش لای مامۆستایان کە لە پیاوانی ئایینی و نیشتمانی و ڕۆشنبیران بوون لەیەك کات کاریگەری زۆری لەسەر قوتابیان هەبوو، زۆربەی ئەم قوتابییانەش کە لەم قوتابخانانەدا دەردەچوون بەشدارییان لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی و ڕەوتی سیاسی کورد کرد، لە شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و گرنگی دەران بە زمان و ڕێزمانی کوردی، جگەرخوێن، مەلا نووری، ئەحمەد نامی، مەلا طاهر بوطی، مەلا ئەمین ئەحمەد بوطی (بەنگی)...تاد[33]، لەگەڵ زۆر ڕۆشنبیر و تێکۆشەری ئامووده، وەك «مێژوونووس حەسەن هشیار، و زمانەوان رەشید کورد...تاد». ئەمانە چالاکی بزاڤی نەتەوەییان لە شاری ئاموودەی پاڵەوان (شاری شەهیدان) دروستکرد، بەتایبەتی لەنێوان نەوەی نوێ، کە ئەم نەوە نوێیەش بەشیعرە جۆش بەخشەکانی جگەرخوێن و ئەحمەد نامی و هی تر گەورەبوون[34]. بۆیەش ئامووده بە شاری خەباتگێڕ و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی کورد دادەنرێت، کە شوێنی تایبەتی لە دڵی نیشتمانپەروەراندا هەیە، هەروەکو لاپەرەیەکی پڕشنگداریشی لە خەبات دژی ماندانی فەڕەنسی لە سووریا نەخشاندووە[35].

(32) نفس المصدر السابق، ص ١٨٥.

(33) دلاور الزنكي، نفس المصدر السابق، ص ١٨٥.

(34) نفس المصدر السابق، ص ص ١٨٥- ١٨٦.

(35) نفس المصدر السابق، ص ١٨٦.

لەساڵی ١٩٣٨دا جەلادەت بەدرخان دەورەیەك کتێبی دەرس و خوێندنی زۆر باش و سەرکەوتووی بۆ قوتابخانە چاپ کرد و بڵاوی کردەوە[36]، ئەویش بەم شێوەیە بوو:

کتێبی ژمارە «٩»* ئەلف و بێتێکەی کوردی.

هی ژمارە «١٠» کتێبی خوێندنەوەی کوردی.

هی ژمارە «١١» ئەلف و بێی من.

هی ژمارە «١٢» دەرسی ئایینی[37].

بەم شێوەیەش کۆمەڵێ وانە ئامادەکرا کە دەکرا ببێتە بەردی بناغەی خوێندن بەزمانی کوردی، ئەم هەنگاوانە گشتیان بەکەڵك وەرگرتن لە ئەلف و بێی لاتینییەوە بوو، دواتر هەستی خوێندنەوە لەناو خوێندەواراندا زیادی کرد.[38]

**رۆنـاهی ((RONAHI)):**

گۆڤارێکی مانگانەبوو، بەرپرسیاری گۆڤارەکە میرجەلادەت عالی بەدرخان بوو[39]، ژمارەی یەکەمی لە « ١ی نیسانی ١٩٤٢» دەرچووە[40]و لەشام (دیمەشق) دەردەچوو، ژمارەکانی «١-١٢»ی لەچاپخانەی «سەباتێ»، و ژمارەکانی «١٣-٢٨» لە چاپخانەی «تەرەقیی»دا چاپکراوە[41]. دوا ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە «٢٨»ە و لە

(36) واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١٠.

* دەبێ مەبەست لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی "هاوار" بێت.

(37) واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١١.

(38) هەمان سەرچاوە، ل ٨١١.

(39) عبدالسلام علی میرزا، جەلادەت عالی بەدرخان و گۆڤارا "روناهی"، گۆڤاری "کاروان"، ژ "٥٧"، هەولێر، تەمموزی ١٩٨٧، ل ٧٥.

(40) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل ٢٣٦.

(41) عبدالسلام علي میرزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.



ئاداری ١٩٤٥دا دەرچووە[42]، رۆناهی بە کرمانجی ژۆری و بە ئەلف و بێی لاتینی دەردەچوو[43]. بەشی زۆری ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بۆ هەواڵەکانی شەڕ تەرخان کراوە، رۆناهی زیاتر گرنگی بە رووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە دەدا[44]، و زیاتر لە دژی فاشیزم و نازیزم وتارەکانی دەنووسی[45].

ئەم گۆڤارە ژمارە (١-٥) ناوەڕۆکەکەی تەنها بریتی بووە لەهەواڵەکانی شەڕ، بەڵام لە ژمارە شەشەوە ئەم هەواڵانە بەرەو کەمبوون دەچوو و لە بەرامبەر ئەوەش زیاتر گرنگی بە چیرۆك و گۆرانی و شیعر و لێکۆڵینەوەی کوردی دەدا، هەر لە ژمارە «١٢»ەوە ژمارەی لاپەڕەکانی زیادبووە لە «١٦»ەوە بۆ «٢٤» لاپەڕە، هەمووشی بە زمانی کوردی بووە[46].

دوای وەستانی گۆڤاری «هاوار» لە «١٥ ئابی ١٩٤٣» کە دوا ژمارەی ژمارە «٥٧» بوو، ئەوا میر جەلادەت هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی بۆ دەرکردنی گۆڤاری «رۆناهی» تەرخانکرد[47]، زۆربەی ئەوانەی بەشدارییان لە گۆڤاری «هاوار»دا کردبوو بەنووسینەکانیان، هەروا بەشداریشیان لە گۆڤاری «رۆناهی»ش کرد، بەڵکو ژمارەیان زیاتریش بوو، لەوانە کەسانی ناودار و نوێنەری بزووتنەوە کوردییەکان، وەك ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی شۆڕشی «ئاگری» و «عەبدولڕەحمان ئاغا عەلی یونس» ژێری

(42) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل ل ٢٣٦-٢٣٧.

هەندێ سەرچاوە دەڵێن تا ١٩٤٦ بەردەوام بووە، بڕوانە: عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

(43) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل ٢٣٦.

(44) Firat CEWERÎ و Jêderê berê و L. 25.

(45) عبدالسلام علي میرزا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

(46) سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ص ١٢٩.

(47) نفس المصدر السابق، ص ص ١٢٩-١٣٠.

بڕیار- مفکر- و سەرۆکی ڕاپەڕینی ساسۆن لەگەڵ چەندین ناوی ناوداری تر وەك (مەلا ئەنوەر، جەمیل تاجدۆ، حسێن ئەمین پریخان، ئیسماعیل سەرحدی، دلاوەر چارپینە، سلێمان فەرحۆ، بەشار سکمان، خەلیل کینجو، قادر فەرمان، حسێن مەتین و هیتر[48]......، دواتر حکوومەتی سووری لەساڵی **١٩٤٣**دا میر جەلادەت بەدرخانی خستە ژێردەستی خۆی و ئیقامەی جەبری لە دیمەشق لەسەر سەپاند، کەم کەمە دەستی بە تەسك کردنەوەی بواری هەردوو گۆڤارەکە کرد، تاوەکو بەناچاری گۆڤاری «هاوار»ی وەستاند. تەنیا «ڕۆناهی» مایەوە تاوەکو ئەویشی لە ئاداری **١٩٤٥**دا وەستاند[49]، هەروەکو لەسەر ئەم کردارەی حکوومەتی سووریش چەندین هۆکاری تری وەکو خراپی باری ئابووری میر جەلادەت و کەم بوونی خوێنەری گۆڤارەکە، ململانێی بەردەوامی نێوان جووتیار و دەرەبەگ و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و هیتر... ئەم گۆڤارەشی وەستاند[50]. ئەوەی دەشبێ بیڵێین ئەوەیە کە ئەم گۆڤارەش سەرکەوتنێکی چاکی لەسووریا و عیراق بەخۆوە بینی[51].

(48) نفس المصدر السابق، ص ص١٣٠-١٣١.

(49) نفس المصدر السابق، ص ١٣٩.

(50) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سلمان عثمان (کونی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، ل ل ١٤٠-١٤١.

(51) روجیە لسکوورنیە بواسو، المصدر السابق، ص ٧٩.



## تەوەری سێیەم
## سەردەستەی نووسەران و وێژەوانانی
## بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە سوریا

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا مەبەستمانە دەری خەین، ئەم نووسەر و شاعیر و وێژەوانانەیە کە بوونەتە هۆی بووژانەوەی ئەدەبی کوردی ئەم سەردەمەی باسەکەی ئێمە، لەم کاتەشدا بەتایبەتی لەسییەکانەوە تا ناوەڕاستی چلەکان ئەم بەشەی کودستان بۆتە پایتەختی ئەدەب و ڕۆشنبیری و داهێنان، کە نەك هەر لە ناوخۆی بەڵکو کاریگەری زۆریشی لەسەر پارچەکانی تری کوردستاندا هەبووە و بۆتە هۆی بەرەو پێشڤەبردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بەتایبەتی لە باکووری کوردستان، هەروەکو قۆناغی نوێی ئەدەبی (ئازاد)یشی تیا سەری هەڵداوە، بەتایبەتی شیعر کە جێی بڕوای زۆر لە کوردناس و ڕۆشنبیرانیش بووە[1]. بۆیەش لێرەدا کەسە هەرە کارامە و دیارەکان دەخەینەڕوو.

### ١- میر جەلادەت بەدرخان:

لە **٢٦**ی نیسانی **١٨٩٣** لە ئەستەنبۆڵ لەدایك بووە و لەباوەشی بنەماڵەکەیان هەر لە ئەستەنبۆل پەروەردە بووە[2]. کۆمەڵەی «تەعالی کورد» لەساڵی **١٩١٩**دا لەگەڵ براکەی دکتۆر کامەران بەدرخان و ئەفسەری ئەندازیار ئەکرەم جەمیل پاشا ناردنی بۆ ئامادەکردنی هێزێکی چەکدار لە کوردستان، بەڵام پەیمانی سیڤەر بووە هۆی جێ بەجێ نەبوونی ئەم کارە[3]. لەم کارە مەیجەر نۆئیلیش لەگەڵیاندا هاوکار بووە[4].

(1) واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١١.

(3) عزالدین علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٥.

(4) کونی رەش، جمعیة خۆیبوون (١٩٢٧)، ص ٥٨.

(5) نفس المصدر لسابق، ص ٥٧-٥٨.

لەساڵی ١٩٢٣دا کاتێ هەڵاتە سووریا لای مستەفا بەگی شاهینی میری عەشیرەتی بەرازان لە (کۆپانی- عیف الحرب) و جەرابلووسدا میوان بوو لە گوندی مەقتەلا وەك هاووڵاتییەکی سووری ناونووس کرا، لەدواییدا لەگەڵ براکەیدا چوونە ئەڵمانیا[5]، لەزۆربەی کۆمەڵە کوردییەکانی کە تا ئەم سەردەمە دامەزران بەشداری کردووە، و هی کۆتاییشیان کۆمەڵەی خۆیبوون «١٩٢٧» بوو[6]. هەر لە ساڵی ١٩١٩دا بیری لە ئامادەکردنی ئەلف و بێیەکی لاتینی کردۆتەوە بۆ زمانی کوردی[7]. لەساڵی ١٩٢٥دا لە ئەڵمانیاوە هاتۆتەوە کوردستان بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەش گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی[8]، لە شۆڕشی ئاگریدا دەوری چالاکی بینی[9]، دواتر لە دیمەشق هەردوو گۆڤاری «هاوار و ڕۆناهی» دەرکرد، کە دەبێتە داینەمۆی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی و ئەم بەشەش دەبێتە پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان، هەروەکو ئەلف و بێ لاتینییەکە تەواو دەکات و هەردوو گۆڤاری ناوبراویشی پێ دەردەکات کە تا ئەمڕۆش لە هەردوو بەشی کوردستانی باکوور و کوردستانی ڕۆژئاوادا بەکاردەهێنرێت تاوەکو لە ڕێکەوتی ١٥/ تەمموزی ١٩٥١دا بۆ یەکجاری لە گوندی هیجانە لە دیمەشق چاولێك دەنێت[10].

**لە بەرهـــەمــەکانی:**

١- ڕێزمانا ئەلفا بێ یا کوردی، شام، ١٩٣٢- لەژێر ناوی هەرەکول ئازیزان.
٢- ڕوپەڵنەن ئەلفابێ، شام، ١٩٣٢- بۆ فێربوونی زمان و نووسینی کوردی.

---

(6) نفس المصدر لسابق، ص ٥٨.

(6) نفس المصدر السابق، ص ٥٨.

(7) کونی رەش، الامیر جلادت بدرخان، ص ٥٤.

(8 ) شڤان دەروێش، ب بیرئانینا وەغەرکرنا میرێ پەیڤان جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری "سەرهلدان"، ژ "٦"، دهۆك، تیرمەه، ١٩٩٣، ل ٥١.

(9) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

(10) عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٦.



٣- ڕێزمانا کوردی، پاریس، ١٩٤٣، بە فەڕەنسی.
٤- ڕێزمانا کوردی، پاریس، ١٩٧٠، لەگەڵ ڕۆژیە لیسکۆ بە فەڕەنسی.
٥- مەکتوب ژ مستەفا پاشا، شام، ١٩٣٢، بەزمانی تورکی.
٦- فەرهەنگا کوردی- فەڕەنسی. دەستنووس[11].
٧- ل سەر دۆزا کوردان، شام، ١٩٤٣، بە فەڕەنسی.
٨- دیوانێکی دەستنووسیشی هەیە[12]، لەگەڵ چەندین بەرهەمی تر.

### ٢- دکتۆر کامەران بەدرخان:

پرۆفیسۆر دکتۆر کامەران ئەمین عالی بەدرخان، لەڕێکەوتی ١٨٩٥/٨/٢١ لەشاری ئەستەنبۆڵ لەدایك بووە[13]، باوکی یەکێ لە کوڕانی میر بەدرخان پاشای میری جەزیرەی بۆتانە[14].

لەساڵی ١٩١٩دا لەگەڵ جەلادەت بەدرخانی برای و ئەکرەم جەمیل پاشا و مەیجەر نۆئیل گەشتێکی بەکوردستان کردووە بۆ زانینی داخوازییەکانی گەلی کورد پێش بەستنی پەیماننامەی سیڤەری ١٩٢٠، دواتر دێتە سووریا[15]. لەساڵی ١٩٢٥دا لە ئەڵمانیاوە دێتەوە کوردستان بەمەبەستی بەشداری کردن لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەهەمان ساڵ، و دواتر بەشداری تێدا کردووە، لەساڵی ١٩٢٧دا لەگەڵ

---

(11) ئیسماعیل ئیبراهیم بادی، سوارچاکی مەیدانا پێنڤیس جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری "دەنگێ مە"، دهۆك، ژ "٤"، ١٩٨٩، ل ٦٢.

(12) شڤان دەروێش، هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

(13) صديق عثمان، الذكرى ال"١٩" لرحيل الدكتور كامران بدرخان، مجلة "گولان العربي"، العدد "١٧"، اربيل، ٢٥ت١ ١٩٩٧، ص ٤٣؛ پێزانی ئالیخانی، پرۆفیسۆرێ کورد د. کامیران بەدرخان، گۆڤاری "کاروان"، ژ "١٤"، هەولێر، ت٢ ١٩٨٣، ل ٢٦.

(14) صديق عثمان، المصدر السابق، ص ٤٣.

(15) پێزانی ئالیخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

جەلادەتی برای بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون دەکات[16]، هەروەها لەشۆڕشی «ئاگری داغ»یشدا بەشداری کردووە، و دوای شکانی شۆڕشەکەش جارێکی تر دێتەوە سووریا[17].

لە گوڵانی ١٩٤٣دا لەبەیروت ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بە ناوی «ڕۆژانوو» دەردەکات، کە «٧٣» ژمارەی لێ بڵاو دەکاتەوە، و دوا ژمارەی لە ڕێکەوتی ٢٧ی نیسانی ١٩٤٦دا بووە[18]، هەروەکو پاشکۆیەکیشی بەزمانی فەڕەنسی بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دەردەکات بەناوی «Le jour nauveau»، دواتر ڕۆژنامەی (ستێر)یشی لەماوەی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) وەکو پاشکۆیەك بۆ ڕۆژانوو دەردەکات، کە تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو[19].

کامەران بەدرخان جگە لەمەش لەهەردوو گۆڤاری «هاوار و ڕۆناهی" براکەیدا بەشداری کردووە[20].

لەساڵی ١٩٤٣دا قوتابخانەیەکی کوردی لە بەیروت بۆ کوردەکانی ئەوێ دەکاتەوە[21].

دواتر لەدوای ١٩٤٧دا ڕوودەکاتە پاریس و لەوێدا «مەڵبەندی توێژینەوەی کوردی" دادەمەزرێنێ[22]. هەر لەوێ دەمێنێتەوە تا لەڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٩٧٨/١٢/٦دا کۆچی دوایی دەکات[23].

(16) حەسەن کووخی، ڕووناکبیر و تێکۆشەرێ کامیران بەدرخان، گۆڤاری "سەرهلدان"، ژ "١١"، دهۆك، ك١، ١٩٩٣، ل ٣٣.

(17) صديق عثمان، المصدر السابق، ص ٤٤.

(18) کونی ڕەش، کومەلە دبستان کۆڤار و ڕۆژنامەیێن کو بەدرخانیان دامەزراندنە و بەشداری دواندە کردنە، گۆڤاری "دهۆك"، ژ "٤"، تەباخا ١٩٩٨، ل ١٨.

(19) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە؛ نفس المؤلف، جمعية خويبون (١٩٢٧)، ص ٥٧.

(20) پێزانی ئالیخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(21) کونی ڕەش، جمعية خويبوون ١٩٢٧، ص ٥٧.

(22) نفس المصدر السابق، ص ١٥٠.



دکتۆر کامەران بەدرخان سەرەڕای ئەوەی کەسێکی زمانەوان و سیاسەتمەدار بووە هەروەها دەستی شیعریشی هەبووە و گەلێ دیوانیشی لەچاپ داوە، وەکو «دلێن کورێن من» کە کۆمەڵە هەڵبەستێکە بۆ قوتابیانی قوتابخانە[24]. هەروەها دەیان بەرهەمی بەدوای خۆی بەجێهێشتووە، لەوانە:-

١. ئەلف و بێ یامن، دیمەشق «١٩٣٨» «دگەل وێنەیان».
٢. دلێ کورێن من، هەڵبەست، شام، ١٩٣٢.
٣. ئەلفبایا کوردی، ١٩٣٩.
٤. ئەلفبایا کوردی، ١٩٦٨.
٥. ئازارێن کوردستانێ، هەڵبەست، پاریس، ١٩٧٦.
٦. ڕێزمانا زمانی کوردی، ١٩٥٦.

لەگەڵ دەیان بەرهەمی تری وەکو گۆڕینی قورئانی پیرۆز بۆ کوردی و وەرگێڕانی فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د.خ) و چەندین کتێبی تریش بە کوردی و فەرەنسی و تورکی و ئەڵمانی و هیتر[25].

### ٣- جگەر خوێن:

جگەر خوێن ناوی شێخ موسا کوڕی حەسەن کوڕی محەممەدی کوڕی مەحموودی کوری عەلییە، لەساڵی ١٩٠٣دا لە گوندی حەسار لە کوردستانی تورکیا لەدایك بووە، تاوەکو تەمەنی دەگاتە «١٣» ساڵ ژیانی لەوێ بەسەر دەبات، باوکی لەساڵی «١٩١٤»دا دێتە ئاموودێ و لەوێ کۆچی دوایی دەکات[26]. دواتر خۆشی دێتە ئەم شوێنە و سەرەتا دەبێتە شوان پاش ئەوە دەچێتە بەر خوێندن و بۆتە فەقێ، لەکۆتاییدا

(23) پێزانی ئالیخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

(24) تۆمابوا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٧.

(25) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی بەرهەمەکانی بڕوانە: حەسەن کووخی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٧

(26) شەعبان مزیری، جگەرخوێن: هۆزانڤانێ گەل، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ "١٣١"، بەغدا، ١٩٩٣، ل ٦١.

ئیجازەی مەلایەتی لە کوردستانی ئێران بەدەست دێنێ و دەگەڕێتەوە گوندی «تل شیری» و دەبێتە ئیمام و خەتیب، پاش ماوەیەك دەست لە مەلایەتی هەڵدەگرێ و بە کاروباری کشتوکاڵییەوە خەریك دەبێ، تاوەکو لەڕۆژی ۱۹۸٤/۱۱/۲دا لەشاری ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی دەکات و لەبەرواری ۱۱/٥ی هەمان ساڵیشدا لەشاری قامیشلی دەنێژرێ[27]. جگەرخوێن شاعیرێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی کوردبووە، کە لەگەڵ هەموو کارەساتە تراژیدیا ئاساکانی گەلی کورد لەم سەردەمەدا ژیاوە، ئەمەشی لا بۆتە هەوێنی چەندین نووسین و شیعر و بەرهەمی تری بەپێز کە نووکی قەڵەمەکەی بۆ خستۆتە کار و تائێستاش بە نەمری ماوەتەوە[28]، هەروەکو بەشداری چاکیشی لەگۆڤاری «هاوار»دا کردووە، و چەندین نووسینی تیا بڵاوکردۆتەوە[29]. بەیەکێ لەشاعیرە نوێ کەرەوەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت، دەستی باڵاشی لەجۆشدانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەریدا هەبووە و پێشیانەوە ناسراوە[30].

### ٤- قەدریجان:

ناوی تەواوی (عبدالقادر عەزیز جانە)، لەساڵی ۱۹۱٦دا لە گوندی دێرك لەنزیك شاری ماردین لەکوردستانی تورکیا لەدایك بووە[31]، لەقوتابخانەی میری خوێندوویەتی تاوەکو خانەی مامۆستایانی لەئەزمیر تەواو کردووە، دواتر بۆتە

(27) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە؟.

(28) مصدق توڤی، دەنگدانا شۆڕشا شێخ سەعیدی دهۆزانا کوردی دا، گۆڤاری "مەتین"، ژ "۹۰"، دهۆك، تیرمەها ۱۹۹۹، ل ۳۲.

(29) هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۳۰-۲۳٦.

(30) روشن بدرخان، صفحات من الادب الكردي، بيروت، ۱۹٥٤، ص ٦۳.

(31) شەعبان مزیری، "قەدریجان" ئوکارێ داهێنانا هۆزانێ، گۆڤاری "رۆشنبیری نوێ"، ژ "۱٤۳"، بەغدا، ۱۹۹۹، ل ۷٤؛ روشن بدرخان، المصدر السابق، ص ٥۸.



مامۆستا لە ئەسکەندریە* و ئەنتاکییە[32]، لەگەڵ دۆستێکی کە «رەشید کورد»ە لەساڵی ۱۹۲٦دا دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران تورکیا جێ دەهێڵێ و دەچێتە سووریا و لەباژێری «ئاموودە و قامیشلی» بۆتە مامۆستا و دواتریش بۆتە سەرپەرشتیار لە وەزارەتی پەروەردەی سووری، تاوەکو لەڕۆژی «۹ی تەباخی ۱۹۷۲»دا کۆچی دوایی دەکا و لەگۆڕستانی شێخ خالیدی نەقشبەندی لەشام دەنێژرێ[33]. لەشیعرەکانی قەدریجاندا جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری رەنگی داوەتەوە و گیانی هیوا لە دەروونی خوێنەرانی زیندوو دەکاتەوە، شیعرەکانی شێوازێکی گیانی هاوچەرخ و نوێی تێدا بەدی دەکرێت[34]، ناوبراو لەتەمەنی سی ساڵیدا دەستی بە هۆنراوە نووسین کردووە و لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم لە دیمەشق و بەیروت، لە «هاوار و رۆناهی و رۆژانوو»دا بەشداری کردووە و شیعری بڵاوکردۆتەوە[35]، لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی لەلایەن میر جەلادەت و کامەران بەدرخاندا، قەدریجان قەڵەم بەدەستێکی چالاك و زیرەك بوو، هەروەکو ئەندامێکی کۆمەڵەی خۆیبوونیش بوو[36].

*دیارە دەبێ مەبەست لە "ئەسکەندەرۆنە" بێت.

(32) شەعبان مزیری، "قەدریجان"، سەرچاوەی پێشوو، ل ۷٤.

(33) هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەرە.

(34) روشن بدرخان، المصدر السابق، ص ٥۸.

(35) ریباز محەممەد حەسەن، قەدری جان و بزاڤا هۆزانا نوێ یا کوردی، گۆڤاری "مەتین"، ژ "۹۷"، دهۆك، شوبات ۲۰۰۰، ل ۳٦.

(36) رێباز محەممەد حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳٦.

**لەبەرهەمەکـــانی ئەم رۆشنبیرە:**

١- داستانێکی شیعری کوردی.

٢- ئەلف و بای کوردی.

٣- دیوانێکی شیعر، ١٩٧٥.

٤- شڤانیٚ کورد[37].

**٥- عوسمان سەبری:**

عوسمان سەبری لە ١٩٠٥/١/٥ لەگوندی نارنجەی سەر بە قەزای کاختەی کوردستانی باکوور لەدایك بووە، لە قوتابخانەی روشدیەی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی خوێندوویەتی، و لەساڵی ١٩٢٢دا دەرچووە[38]. لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا لەساڵی «١٩٢٥»دا بەشداری کردووە و دوای شکستی شۆڕشەکەش دەسەڵاتدارانی کەمالی بۆماوەی ساڵێك حوکمی دەکەن[39]، لەساڵی ١٩٢٧یشدا بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبووندا دەکات[40]، دواتر دێتە ناوچەی کۆپانی (عين العرب) و لەلایەن دەسەڵاتدارانی سووری لەساڵی ١٩٣١دا دوور دەخرێتەوە بۆ فەڵەستین، دواتر دەگەڕێتەوە، لەچەندین رێکخراو و یانەی کوردیدا بەشداری دەکا و

(37) هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

(38) نذير جزماتى، الدكتور اسماعيل بيشكچى الابن البار للشعب التركى بتسلم جائزة عثمان صبري، جريدة "ميديا"، العدد "٧٧"، ٢٣/١٠/٢٠٠٠، ص ٨.

(39) عثمان صبري مدرسة وطنية و نضالية، جريدة "طريق الشعب"، العدد "٢٩٥"، ت٢ ١٩٩٩، ص ٦.

(40) نفس المصدر السابق، صفحة ٦، هەندیٚ سەرچاوە پەیوەندییەکەی بە خۆیبوون دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی "١٩٢٩-١٩٣٠"، بڕوانە: محمود لەوەندی، في رحيله الاخير عثمان صبري ١٩٠٥-١٩٩٣، تقديم و ترجمە: كاروان كادانى، مجلة "گولان العربي"، العدد "٤١"، ت٢ ١٩٩٩، ص ١٢٢.



چەندین جاریش زیندانی دەکریٚ[41]، هەروا لەگەڵ جەلادەت بەدرخاندا هاوکاری لە دەرکردنی گۆڤاری هاواردا دەکات[42]. دواتر لەساڵی ١٩٥٧دا یەکێك دەبیٚ لە دامەزرێنەرانی «پارتی دیموکراتی کورد لەسووریا» لەگەڵ، عبدالحميد درويش و شێخ محەممەد عیسی و حمزە نویران[43]. تاوەکو لەرێکەوتی ١١/١٠/١٩٩٣دا کۆچی دوایی دەکات.

عوسمان سەبری لەژیانیدا «١٨» جار گیراوە و ماوەی بەندبوونەکەی جیاواز بووە[44].

**لـەبەرهەمەکـــــــــــانی:-**

١- گوتنێن خاڤ نەپژین بیٚ تاڤ، پێشەکی حەمرەش حەمۆ، ئەڵمانیا «٥١١» لاپەرە.

٢- با هۆز و چەند وتاری تر، ١٩٥٦.

٣- چارهنگ، سووریا، «١٩٨٤».

٤- کۆمەڵە وتار و هۆنراوەیەك.

٥- دوو ئەلف و بێی کوردی[45].

(41) اوصمان صبري مدرسة وطنية و نضالية، المصدر السابق، ص ٦؛ نذير جزماتي، المصدر السابق، ص ٨.

(42) نذير جذماتي، المصدر السابق، ص ٨.

(43) مشاعل على طريق اوصمان صبري، جريدة "صوت الاراد"، العدد "٢٨٨"، ت١ ١٩٩٨، ص ٥.

(44) مشاعل على طريق اوصمان صبري، المصدر السابق، ص ٥.

(45) محمود لەوەندی، المصدر السابق، ص ١٢٢؛ مشاعل على طريق اوصمان صبري، المصدر السابق، ص ٥؛ نذير جزماتي، المصدر السابق، ص ٨.

**دكتۆر مەمدوح سەلیم بەگی وانلی (ئەسكەندەر بەگ):**

لە پێشەنگە قوتابییە كوردەكانی ئەستەنبۆڵ بووە، لەساڵی **١٩١٣**دا بەشداری دامەزراندنی كۆمەڵەی قوتابیانی كورد (هێڤی) لە ئەستەنبۆڵ كردووە و بەشداریشی بە نووسین لە زۆر گۆڤاری ئەم كات وەك «سەربەستی و هەتاوی كورد» كردووە[46]، لەساڵی **١٩١٨**دا لە ئەستەنبۆڵ لەگەڵ كوڕانی بابانی و حەمزە مۆكسی و هیتر.. گۆڤاری (ژین)یان لە ئەستەنبۆڵ دەركردووە و سەرنووسەریشی بووە، دواتر دوورخراوەتەوە بۆ ئەسكەندەریە و ئەنتاكییە و بەیروت، لە بەیروت ئەندامێكی كارای دامەزرێنەری كۆمەڵەی خۆیبوون بووە لەساڵی «**١٩٢٧**»، لەدوای شۆڕشی ئاگریش لە دیمەشق نیشتەجێ بووە[47]، ماوەیەك مامۆستایەتی كردووە و بەڕێوەبەری رۆشنبیری (مدیر المعارف)ی هەر دوو پارێزگای حەسەكە و دەرعا بووە، لەكۆتایش لە دیمەشق جێنشین بووە، تاوەكو لەساڵی **١٩٧٦**دا كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی خانەدانان (النبلاء) لە (حی الاكراد) لە دیمەشق نێژراوە[48]، زمانی كوردی و عەرەبی و یۆنانی و فارسی زانیوە و لە قوتابخانەكانی ئەستەنبۆڵ مۆڵەتی زمانی فەڕەنسی دراوەتێ، لەجێی وتەبێژی رەسمی گەلی كورد بووە لە كۆمەڵی (محافل) دوەلییەكان و لەژێر ناوی «ئەسكەندەر بەگ»[49] ، هەروەكو بەشداری كردووە لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو جەماوەری كورد، خۆشی یەكێ بووە لە (مرجع)ەكانی زمان و ئەدەب و رۆشنبیری[50].

---

(46) كونی رەش، جمعية خويبوون، ص ٦٠؛ عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٩.

(47) كونی رەش، جمعية خويبوون، ص ٦١.

(48) نفس المصدر السابق ص ٦١؛ عزالدين علي ملا، المصدر السابق،ص ٩٠.

(49) كونی رەش، جمعية خويبوون، ص ٦١.

(50) عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٩.



**قەدری جەمیل پاشای دیاربەكری (زنار سلوپی):**

لەساڵی **١٨٩٢**دا لە ئامەد (دیاربەكر) لەدایك بووە، كە خۆی لە بنەماڵەی ناوداری شارەكە جەمیل پاشای دیاربەكرییە[51]، كە لە دەشتی سلوپییەوە بۆ ئەم شوێنە هاتبوون[52]. كوڕانی ئەم بنەماڵەیە رۆڵی سەرەكیین لە هەموو بزووتنەوە رزگاری و سەربەخۆییەكانی كورد هەبووە، هەروەك لە زۆر رێكخراو و كۆمەڵە و رووداوی سیاسی بەشدارییان كردووە[53]، سەرەتا خوێندنی لە ئەستەنبۆڵ خوێندووە، دواتر لە ئەڵمانیا مۆڵەتی لە یاسا وەرگرتووە، لەساڵی **١٩١٢**دا گەڕاوەتەوە ئەستەنبۆڵ[54]، لەساڵی **١٩١٣**دا لەگەڵ قوتابیانی كورد بەشداری لە دامەزراندنی كۆمەڵەی (هێڤی) كردووە و لەساڵی «**١٩٢٩**» لەگەڵ خێزانەكەی چوونەتە سووریا و لە حەسەكە و دەریاسیە نیشتەجێ بوون و لەساڵی **١٩٤٣**دا قوتابخانەیەكی كوردی لەگوندی «تەعلەكە» كردۆتەوە[55]، هەر لە ساڵی **١٩٣٠**دا دەسەڵاتدارانی فەڕەنسی دووریان خستۆتەوە بۆ دیمەشق، لە ساڵی **١٩٤٦** بەسەرۆكی كۆماری كوردستان شەهید قازی محەممەد گەیشتووە[56]، لەساڵی **١٩٧٣**دا كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی خانەدانان لە «حی الاكراد» لە دیمەشق نێژراوە[57]، كتێبی «لەپێناوی كوردستاندا-في سبيل كردستان-» بەرهەمێكی هەرە دیار و ناوازەیە كە باس لە سەردەمێكی پڕ رووداو و كارەساتی مێژووی هاوچەرخی كورد دەكات[58].

---

(51) كونی رەش، جمعية خويبوون، ص ٦١.

(52) عزالدين علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٨.

(53) نفس المصدر السابق، ص ٨٨؛ كونی رەش، جمعية خويبون، ص ٦١.

(54) نفس المصدر السابق، ص ٨٨-٨٩.

(55) كونی رەش، جمعية خويبوون، ص ٦١.

(56) نفس المصدر السابق، ص ٦١.

(57) نفس المصدر السابق، ص ٦١؛ عزالدی علي ملا، المصدر السابق، ص ٨٩.

(58) بڕوانە: زنار سلوپی، في سبيل كردستان.

**رەشیدێ کورد:**

رەشیدێ کورد کوڕی محەممەدی رەشۆیە، لەساڵی ١٩١٠دا لە قەزای دێرکی سەر بە کوردستانی باکوور لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دێریك و قونیا تەواو کردووە[59]. لەدوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران «١٩٢٥»، ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ قەدری جان دێتە ناو کوردی سووریا[60]و لە ئامووددێ جێنشین دەبێ[61]، دوای ئەوەی توانی لە زیندان هەڵێ کە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو[62]، لێرەشدا لە خەبات بەردەوام بوو لەگەڵ رۆشنبیرانی کوردیش بەشداری لە دامەزراندنی خۆیبوون کرد لە جەزیرە[63]، لەساڵی ١٩٤٩دا چۆتە ناو حیزبی شیوعی سووری و دواتر چەندین جار لە بەندیخانەی (قامیشلی، تەدمور، مزە) دا گیراوە، لەساڵی ١٩٦٧دا چۆتە رۆمانیا بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی «مۆم بوونی جگەر- تشمع الکبد»[64] و دواتر لە رێکەوتی ٢٠ ك٢ ١٩٦٨دا کۆچی دوایی کردووە[65].

لە بەرهەمەکانی «رێزمانی زمانی کوردی» کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٦دا لە دیمەشق و لە چاپخانەی «کەرەم» چاپکراوە، کە گرنگییەکی زۆری پێ داوە و یەکێکیشە لە کتێبە نایابەکانی رێزمانی کوردی، هەروەکو هەندێ لە هۆنراوەکانیشی

---

(59) پێشهات مزوری، رەشیدێ کورد ١٩١٠-١٩٦٨، گۆڤاری "پەیڤ"، ژ "٥"، دهۆك، ١٩٩٧، ل ٤٣-٤٤.

(60) شەعبان مزیری، "قەدری جان" ئوکاری داهێنانا هۆزانێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

(61) پێشهات مزوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤، ثلاثون سنة علی رحیل رشید کرد، جریدة "طریق الشعب"، العدد "٢٧٤"، شباط ١٩٩٨، ص ٦.

(62) ثلاثون عاماً، المصدر السابق، ص ٦.

(63) نفس المصدر السابق، ص ٦.

(64) نفس المصدر السابق، ص ٦.

(65) پێشهات مزوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤، ثلاثون عاماً، المصدر السابق، ص ٦.



لە دیوانێك بەناوی (کهروان) لەساڵی ١٩٩١دا لە سوید چاپکراوە، و لەلایەن کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی[66].

**رەوشـــــەن بەدرخـــــــان:**

رەوشەن بەدرخان کچی محەممەد ساڵح بەردخانە[67]، لە ١١ی تەمموزی ١٩٠٩دا لەشاری قەیسەری لە کوردستانی تورکیا لەدایك بووە[68]، لەساڵی ١٩١٢ لەسەر هەڵوێستی نەتەوەیی بنەماڵەکەیان و دڕندەیی رژێمەکەی ئەو سەردەم کۆچیان کردووە بۆ سووریا[69]، باوکی لە ساڵی ١٩١٥دا کۆچی دوایی دەکات[70].

لەساڵی «١٩٢٤-١٩٢٥» خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا و هەر لە ساڵی ١٩٢٥دا دەستی بەکاری مامۆستایەتی کردووە لەشاری «کەرك» لە ئەردەن، لەساڵی ١٩٢٧دا دەگەڕێتەوە شام و دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی میری وانەی عەرەبی[71]، لەساڵی ١٩٣٤دا بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی «یەکێتی ئافرەتانی سووری»[72] لەساڵی ١٩٣٥دا شووی بە میر جەلادەت بەدرخان کردووە و دوو منالی لێ بووە کە (سینەم و جەمشید)ن[73]، لەساڵی ١٩٤٤دا لە کۆنگرەی قاهیرەی یەکێتی

---

(66) ثلاثون عاماً، المصدر السابق، ص ٦.

(67) مالمیسانژ، بدرخاني و جزیرة بوتان، ص ١٨١؛ ناجی طه بەرواری، رەوشەن بەدرخان ستێرەکا گەشە، گۆڤاری "مەتین"، ژ "٩"، دهۆك، حوزەیران ١٩٩٢، ل ٢١.

(68) د. بدرخان سندی، رەوشەن بەدرخان خاوەن پێنووسێکی پێشەنگی ئافرەتانە، رۆژنامەی "هاوکاری"، ژ "١٤٧٣"، رێکەوتی ١٩٩٢/٦/٨، ل ٣.

(69) ناجی طه بەرواری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(70) مالمیسانژ، المصدر السابق، ص ١٨١.

(71) و. کوفزی نفس المصدر السابق، ص ١٨١.

(72) ناجی طه بەرواری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(73) مالمیسانژ، المصدر السابق، ص ١٨١.

ئافرەتان بەشداری کردووە، داواکارییەکانی وەك ئافرەتێکی کورد پێشکەش بە کۆنگرەکە کردووە، و دواتر لەبەر هەڵوێستی خراپی یەکێتی ئافرەتان لەبەرامبەر کورد بەجێی هیشتووە، لە گۆڤاری هاواردا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە[74]. لەساڵی ١٩٧٢دا تاوەکو رۆژی مردنی شاری دیمەشقی بەجێ هێشت و چووە شاری بانیاس[75] و لەوێ لە رۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد[76].

لەبەرهەمەکانی، چەند لاپەڕەیەك لە ئەدەبی کوردی، یادداشتەکانی ئافرەتێك، یادداشتەکانی مامۆستایەك، خۆشەویستی و ئازارەکانم، کە ئەم سێیەی دوایی لەزمانی تورکی کردۆتە عەرەبی[77]، هەروەك لەم دواییەدا توانی «یادداشتەکانی محەممەد سالح بەدرخانی» باوکی بکاتە عەرەبی و لە دیمەشق چاپی بکات. لەساڵی ١٩٥٣شدا لە یادەوەری جەلادەت بەدرخان نامیلکەیەکی بڵاوکردۆتەوە[78].

(74) د. بەدرخان سندی، رەوشەن بەدرخان، ل ٣.

(75) مالمیسانژ، المصدر السابق، ص ١٨٣.

(76) د. بەدرخان سندی، رەوشەن بەدرخان، ل ٣؛ ناجی طه بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

(77) د. بەدرخان سندی، رەوشەن بەدرخان، ل ٣.

(78) مالمیسانژ، المصدر السابق، ص ١٨٨.



## ئەنجـــام

لەم لێکۆڵینەوەی لێرەدا ئەنجامان داوە، چەندین هەقیقەت و راستی و خاڵی نادیار و نەزانراومان بۆ دەردەخات. کە لێرەدا وەکو دەرئەنجام ئاماژەیان بۆ دەکەین، دەیان نووسین:

١- بەشێکی خاکی کوردستانی گەورە خراوەتە پاڵ دەوڵەتی سووری و بەشێکی گەلی کوردیش لەسەر خاکەکەی دا دەژین، هەروەك زۆر جار بە « رۆژئاوای کوردستان یا کوردستانی سووریا» ناودەبرێت. ئەم خاکەش خاکێکی رەسەنی کوردییە، دوورە لەو راوبۆچوونانەش کە نەیارانی گەلی کورد بانگەشەی بۆ دەکەن، وەکو ئەوەی کوردانی ئەم بەشە بە کۆچکەرانی کوردستانی باکوور (تورکیا) دادەنێن، یا بە کەمینەیەکی نەتەوەیی غەوارە «دخیل»یان دادەنێن، یاخود نکۆڵی لەم بەشە دانەپچڕاو و تەواوکەرەی خاکی کوردستانی گەورە دەکەن، بەڵکو خاکەکە خاکی باب و باپیرانی خۆیانە و بەهیچ شێوەیەکیش غەوارە و کۆچکەر-کەمینەیەکی کەمیان نەبێ کە کۆچیان کردۆتە خاکێکی کوردییەوە لەبەر زوڵم و زۆری حکوومەتی کەمالی نین، تەنیا ناوبردنی ناوی ناوچە و شار و گوند و شوێنەکان بەسە بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی ناوچەکە و کوردایەتییەکەی و دانە دواوەی ئەم بانگەشە و هەڵبەستراوانەش کە دەیکەن.

٢- کورد جگە لەوانەی لەناوچەی جەزیرەدا دەژین، کە بەتەواوی پارێزگارییان لە زمان و کەلەپوور و رەگەزی نەتەوەیی خۆیان کردووە، هەروەها ئەم کوردانەش کە لە دەرەوەی کوردستانەکەشدا دەژین بەهەمان شێوە پارێزگارییان لە زمان و رەگەز و کولتووری خۆیان کردووە، بەڵام ئەگەر ئەوانە نەبن کەوا ماوەیەکی دوور و درێژە لە نێو عەرەب و شوێنە عەرەبییە دابراوەکان لە شوێنی کوردنشین دەژین، بەم شێوەیە نەبن، ئەوانەش لایەنی کەم هەستی نەتەوەیی خۆیان لەدەست نەداوە.

٣- سنووری نێوان سووریا و تورکیا راستە هەر لە ساڵی «١٩٢١»دا بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام ئەم بڕیارە تاوەکو دوای سییەکانی سەدەی بیستیش هەر بەناو و

لەسەر پەڕەی کاغەز بووە، ئەگینا کوردەکانی هەردوولای (باکوور و رۆژئاوا) بەئارەزووی خۆیان ئەملا و ئەولایان دەکرد، بێ ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیش لەنێوانیاندا بووبێ، هەروەك کوردانی هەردوولا دانیان بەم سنوورە دروستکراو و دیار کراوەوە نەناوە و کوردانی رۆژئاواش خۆیان بە بەشێك لە کوردستانی باکوور و تەواوکەری زانیوە و خەباتیشیان هەر لەم چوارچێوەیە و درێژە پێدەری پارچەی باکوور بووە.

٤- هۆکاری لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بە سووریاوە لەلایەن فەڕەنسا تەنیا بە مەبەستی فراوانکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بووە و هیچی تر، کاتێ کە لەگەڵ تورکیا رێکدەکەوێت بۆ داپچڕانی ئەم بەشەی خاکی کوردستان لە بەشی باکوور و دەیخاتە سەر خاکی سووریای عەرەبی، بەجۆرێ کە ئەم دەوڵەتە ژێردەست و بێهێز و نابوودە تازە خۆی بەناو سەربەخۆیی وەرگرتبوو ئەگینا دەشیزانی کە لە هیچ لایەکەوە پەیوەندی و خاڵی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی سووریای داگیرکەری خۆیدا نییە.

٥- هەڵوێستی کورد لەم سەردەمە و لەم پارچەیەدا بە چەندین جۆری جیاجیا و دوور لە یەکتری بووە کە لێرە دەیاننووسین:-

أ. زۆربەی هەرە زۆری کوردی سووریا- بەگشتی- هەوڵ و تێکۆشان و خەباتیان لە پێناوی رزگار بوون لە داگیرکەر و فەرمانڕەوای نامۆ و غەوارە و راوبۆچوونیشیان لەگەڵ بنیاتنانی کوردستانێکی سەربەخۆ و سەربەستدا بووە کە دابمەزرێ و ئەم بەشەخاکە داپچراوەش بگرێتەوە.

ب. هەندێ لە تێکۆشەڕان و خەباتکەران شان بەشانی عەرەب تێکۆشاون بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیفلیج و بێ دەسەڵاتی تازە دانپێنراوی سووری، و زۆر جاریش رۆڵی چاکتر و گرنگتریان لە عەرەبە هاوخەباتەکانیان بینیوە، بێ ئەوەی ئاگایان لە خەباتی نەتەوەیی خۆیان بێت، یا ئاوڕێك لەم لایەنە بدەنەوە، ئەمەش بەهەر پاڵنەرێك یا بەرژەوەندییەك بێت، کە بە زۆری کوردە جێنشینەکانی ناوچەی عەرەبی و دابڕاوەکانی بەشە کوردستانەکەی



دەگرێتەوە، هەروەك ئەم جۆرە کەسانە لە کوردستانەکەش هەبوون- بەڵام کەمتر- کە لەوانەشە هەستی کوردایەتییان کاریگەری نەبووبێ لەسەریان، یان یەکەم جار بیریان وابووە کە لە دەسەڵاتی فەڕەنسییەکان رزگار بن ئەمجا حیساب بۆ ئەم لایەنە بکەن، یان بەشێکیان رزگاری نەتەوەکەیان لە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی سووریا لە دەستی فەڕەنسییەکاندا بینیبێت.

ج. هەروەك بەشێکی زۆر کەمیان لەم شوێنە لەبەر بەرژەوەندی و بەخشینە لەخشتەبەرییەکانی فەڕەنسییەکان هاریکارییان کردوون و یارمەتییان داون- ئەگینا فەڕەنسییەکان وەك سەرچاوەکان باسدەکەن بەزۆری پشتیان بە ئاشووری و مەسیحی و ئەرمەن و چەرکەسییەکان دەبەست- گەرچی ئەمە لەسەر ماف و هەقی نەتەوەیی میللەتەکەشیان بووبێ.

٦- کوردستانی رۆژئاوا لەدوای کپکردنی بنکەی خەباتی رۆشنبیری کورد لە کوردستانی باکوور لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم و بە حوکمی راوەدوونانی رۆشنبیران و سەرکردە کوردەکانی لەلایەن حوکمی کەمالی و دواتر کۆچکردنی ئەمانە بۆ بەشە کوردستانی رۆژئاوا بۆتە بنکەی رۆشنبیری بۆ کوردی باکوور و رۆژئاواش، ئەم بنکەیەش لەسی و چلەکان تا ١٩٤٦- لە چڵەپۆپەی پێشکەوتنندا بووە، کە دواتر وردە وردە دەست بەنەهێشتنی ئەم چالاکییە رۆشنبیرییە کراوە و بەرەو بێهێزی و لاوازی و دواتر نەمانیش چووە، بەهۆی فشاری دەسەڵاتداری فەڕەنسی و لەناو بردنی ئەم خەباتەش لەلایەن حکوومەتی سووری.

٧- دەستپێکردنی بزاڤی رۆشنبیری لەم بەشە و لەم سەردەمە بۆتە هۆی چەندین داهێنان و جوانکاری نوێگەری لە ئەدەب و وێژەی کوردی، وەکو داهێنانی پیتی لاتینی بۆ یەکەمجار و بەکارهێنانی لەبری پیتی عەرەبی و سەرهەڵدانی رێچکەی نوێی شیعری کوردی -ئازاد- لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی وەکو جگەرخوێن و قەدریجان و هیتر.. و داهێنانی چەندین شاکار لە ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و رەخنە و هیتر...

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: بروانامەکان:**

**أ- بەزمانی کوردی**

١.عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩-١٩٧٠)، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کراوە، هەولێر، ١٩٩٩.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٢.احمد عبدالباقي احمد، الدور السياسي للقوميات في تركيا «الاكراد» دراسة حالة، اطروحة ماجستير غير منشورة مقدمة الى معهد الدراسات الثقافية و الاشتراكية، جامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٩.

٣.سلام حسن طه خوشناو، جزيرة ابن عمر في القرنين السادس و السابع الهجريين الثاني عشر و الثالث عشر الميلاديين دراسة سياسية حضارية، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٩.

٤.عارف محمد خلف البياتي، السياسة الخارجية السورية حيال الوطن العربي للفترة (١٩٧٠-١٩٨٨)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى معهد الدراسات القومية و الاشتراكية، جامعة الموصل، ١٩٨٨.

٥.عطية دخيل عباس الطائي، العراق و مشاريع الوحدة العربية من (١٩٣٢-١٩٥٤)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى المعهد العالي للدراسات القومية والاشتراكية بالجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٨.

٦.كريم طلال مسير الركابي، العراق والاحداث السياسية في سورية (١٩٣٩-١٩٤٦)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى جامعة بغداد، ١٩٨٨.

٧.محمد رشيد عبود الراوي، التطورات السياسية في سوريا (١٩٤٩-١٩٥٤)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى جامعة بغداد، ١٩٨٥.





دووەم: کتێبە چاپکراوەکان:

أ- بەزمانی کوردی (بە پیتی عەرەبی و لاتینی)

**بە رێنووسی عەرەبی:**

٨.ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس بیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، چاپی دووەم، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٨.

٩.ئە.م. مینتشا شڤیلی، کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز: د. عیزەددین مستەفا رەسوول، چاپخانەی فەرهەنگ، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٠. ئەمین فەیز بەگ، ئەنجوومەنی ئەدیبان، تۆژینەوەی لێژنەی وێژە و کەلەپوور، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣.

١١. ئەندرێس کۆنگ و ئوولۆڤ. گ تاندبەری، چەوساوەکانی زەوی «کوردستان»، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەحمەد شاکەلی، چاپخانەی ئارارات، سوێد، ١٩٨٨.

١٢. بلەچ شێرگۆ، کێشەی کورد مێژینە و ئێستا، وەرگێڕ لە عەرەبییەوە: محەممەد حەمە باقی، چاپی سێ یەم، هەولێر، ١٩٩١.

١٣. تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، وەرگێڕ: حەمەسەعید حەمەکەریم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠.

١٤. حسێن جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی دارالحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨٦.

١٥. حسێن جاف، هۆزەکانی کورد، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحرية للطباعة ، بەغدا، ١٩٩٢.

١٦. حوسێنی مەدەنی، کوردستان ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٧. رەمزی قەزاز، بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کوردی لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٧١.

١٨. ڕۆهات ئالآكۆم، خۆيبوون و شۆڕشى ئاگرى، وەرگێڕانى: شوكور مستەفا، دەزگاى چاپ و بلآوكردنەوەى ئاراس، چاپى يەكەم، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٩. ژێرارد چالياند و مستەفا نازدار و كەندال و هيتر، گەلێكى پەژموردە و نيشتمانى پەرت «كورد و كوردستان»، وەرگێڕانى: م.گۆمەيى و أ. حەوێزى، ستۆكهۆڵم، سويد، ١٩٩٨.

٢٠. سالح قەفتان، مێژووى كورد لەكۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەى «سلمان الاعظمي»، بەغدا، ١٩٦٩.

٢١. عبدالجبار محمد جەبارى، مێژووى ڕۆژنامەگەرى كوردى، چاپخانەى ژين، سلێمانى، ١٩٧٠.

٢٢. عەبدولڕەحمان قاسملو، كوردستان و كورد لێكۆڵينەوەيەكى سياسى و ئابوورى، وەرگێڕ: عەبدوڵڵا حەسن زادە، بنكەى پێشەوا، ١٩٧٣.

٢٣. عەبدوڵڵا غەفوور، ڕاگوێزانى كورد لە مێژوودا، لەبلآوكراوەكانى ئاپيك، سويد، ١٩٩١.

٢٤. عەلائەدين سەجادى، مێژووى ڕاپەڕينى كورد، چاپى دووەم، ئينتشاراتى محەممەدى، چاپخانەى سەقز، ئێران ١٩٩٦.

٢٥. عەلى سەيدۆ گەورانى، لە «عەممان»ەوە بۆ ئامێدى، وەرگێڕ: تاليب بەرزنجى، چاپى يەكەم، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٠.

٢٦. كريس كوچيرا، مێژووى كورد لە سەدەى ١٩-٢٠دا، وەرگێڕانى: محەممەد ڕەيانى، چاپخانەى كاروان، تاران، ١٣٦٩.

٢٧. كەريم زەند، جوگرافى كوردستان، چاپى يەكەم، چاپخانەى خاك، سلێمانى، ٢٠٠١.

٢٨. د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەيشتنى ڕاستى و شوێنى لە ڕۆژنامەنووسى كورديدا، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ١٩٧٨.



٢٩. كورد لە ئينسكلۆپيدياى ئيسلامدا، و: حەمە كەريم عارف، چاپخانەى وەزارەتى ڕۆشنبيرى، هەولێر، ١٩٩٨.

٣٠. كونى ڕەش، سەرهەڵدانا ساسۆنێ، و: مسەدەق توفى، چاپى يەكەم، دەزگاى موكريانى- هەولێر، چاپخانەى خەبات، دهۆك، ٢٠٠١.

٣١. محەممەد ئەمين زەكى، كورد و كوردستان، جلد (١-٣)، چاپخانەى دار السلام، بەغدا، ١٩٣١.

٣٢. مەكتەبى ديراسات و تۆژينەوەى سەر بە پارتى ديموكراتى كوردستان، عيراق/ كوردستان كورتە باسێكى مێژوويى و جوگرافى و ئابوورى، دراسەى ژ «٣٣»، چاپى يەكەم، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

٣٣. مينۆرسكى، كورد تێبينى و ورد بوونەوە، وەرگێڕانى: حەمە سەعيد حەمە كەريم، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەددين، هەولێر، ١٩٨٤.

٣٤. هەژار، چێشتى مجێور، ئامادە و سەرپەرشتى چاپ: خانى شەرەفكەندى، چاپى يەكەم، پاريس، ١٩٩٧.

٣٥. د.وليد حەمدى، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامەكانى بەريتانيادا، وەرگێڕانى لە عەرەبييەوە: محەممەد نورى تۆفيق، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، چاپخانەى تيشك، سلێمانى، ١٩٩٩.

٣٦. واسيلى نيكێتين، كورد و كوردستان، وەرگێڕانى خاليدى حسامى (هێدى)، هەولێر، ١٩٩٨.

**بە ڕێنووسى لاتينى:-**

36- Ebdul qadîr BEDREDÎN, PANORAMEK Lİ ser Revacuna rojnamegeriya kurdil parce (Rojava) suri, weşanên KAWA, capa Duê hevler, 2000.

ب- بەزمانی عەرەبی


٣٧-احمد بن يحيى بن جابر المعروف ب«البلاذري»»، كتاب فتوح البلدان، نشره ووضع ملاحقه و فهارسه: د. صلاح الدين المنجد، القاهرة، ١٩٥٧.

٣٨-د. احمد عثمان ابوبكر، اكراد الملي و ابراهيم پاشا، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

٣٩-اديب فرحات، سوريا و لبنان (مطول)، الطبعة الرابعة، مطبعة مكتبة صادر، بيروت، ١٩٢٩.

٤٠-اديب معوض، الاكراد في لبنان و سوريا، المطبعة الاميريكية، بيروت، ١٩٤٥.

٤١-آزاد ديركي، المدن الكردية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٨.

٤٢-اندرو راثميل، الحرب الخفية في الشرق الاوسط، (الصراع السري على سورية (١٩٤١-١٩٦١))، ترجمة: عبدالكريم محفوض، الطبعة الاولى، دمشق، ١٩٩٧.

٤٣-انطوان مراد، سوريا- من سلسلة قصة و تاريخ الحظارات العربية بين الامس و اليوم-، EDIO CREPS، بيروت، ١٩٩٩.

٤٤-جاسم محمد حسن العدول و آخرون، تاريخ الوطن العربي المعاصر، مديرية دار الكتب، جامعة الموصل، ١٩٨٦.

٤٥-جواد ملا، كردستان و الكرد وطن مقسم و أمةُ بلا دولة، تقديم: د. جمال نبز، الطبعة الثانية، من منشورات المؤتمر الوطني الكردستاني، لندن، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠.

٤٦-جورج انطونيوس، يقظة العرب، ترجمة: د. ناصرالدين الاسد و د. احسان عباس، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٦.

٤٧-الدكتور حامد محمود عيسى علي، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة المدبولي، القاهرة، ١٩٩٢.





٤٨-داڤيد ماكدويل، الاكراد، ترجمة: ايفيت فايز، تقرير مقدم من قبل جماعة حقوق الاقليات، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية، القاهرة، ١٩٩٨.

٤٩-درية عوني، عرب و اكراد خصام ام وئام، دار الهلال، (لاس. م).

٥٠-د. ذوقان قرقوط، تطور الحركة الوطنية في سورية ١٩٢٠-١٩٣٢، الطبعة الاولى.

٥١-روشن بدرخان، صفحات من الادب الكردى، (لا.م)، بيروت، ١٩٥٩.

٥٢-زنار سلوپى (قدري جميل باشا)، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر. علي، رابطة كاوا للثقافة الكردية و دار الكاتب، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٧.

٥٣-زينوفون، حملة العشرة آلاف «الحملة على فارس»، ترجمها عن الانكليزية: يعقوب افرام منصور، مكتبة بسام، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٥.

٥٤-س. ج. أدموندز، كرد و ترك و عرب، ترجمة، جرجيس فتح الله، مطبعة التايمس، بغداد، ١٩٧٠.

٥٥-د. سعد ناجى جواد، الاقلية الكردية في سوريا، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي- للتداول المحدود، بغداد، ١٩٨٨.

٥٦-سلمان عثمان (كونى رەش)، الامير جلادت بدرخان «حياته و فكره»، تقديم: الاميرة روشن بدرخان، مطبعة الكاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢.

٥٧-المقدم شيخ عبدالوحيد، الاكراد و بلادهم تاريخ الشعب الكردى منذ اقدم العصور الى العصر الحاضر، تقديم: مارشال محمد ايوب خان، ترجمة: عبدالسميع سراج الدين، لاهور، الباكستان، ١٩٧٠.

٥٨-صلاح بدرالدين، الاكراد شعباً و قضية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.

٥٩-صلاح بدرالدين، غرب كردستان دراسة تاريخية سياسية و ثقائفية موجزة، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الاولى، برلين، ١٩٩٨.

٦٠-صلاح عصام ابو شقرا، الاكراد شعب المعاناة نافذة على واقعهم في لبنان و العالم، تقديم: د.عصام نعمان، دار الهادي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٩.
٦١-صلاح هروري، إمارة بوتان في عهد الامير بدرخان (١٨٢١-١٨٤٧) دراسة تاريخية سياسية، مؤسسة موكريانى، اربيل، الطبعة الاولى، مطبعة خەبات، دهوك، ٢٠٠٠.
٦٢-ظافر القاسمي، وثائق جديدة عن الثورة السورية الكبرى (١٩٢٥-١٩٢٧)، دار الكتاب الجديد، بيروت، ١٩٦٥.
٦٣-د. عبدالرحمن الشهبندر، مذكرات الدكتور عبدالرحمن الشهبندر، دار الارشاد، الطبعة الاولى، مطبعة العصري، بيروت، ١٩٦٥.
٦٤-د. عبدالرحمن حميدة، جغرافية سورية البشرية، معهد البحوث و الدراسات العربية، مطبعة الجبلاوي، القاهرة، ١٩٧١.
٦٥-عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الطبعة الاولى، مطبعة اللواء، بغداد، ١٩٧٣.
٦٦-عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، مطبعة شركة المعرفة، بغداد، ١٩٨٨.
٦٧-عبدالعزيز شحادة المنصور، المسألة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٠.
٦٨-عبدالوهاب الكيالي، تاريخ فلسطين الحديث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٧٣.
٦٩-عزالدين علي ملا، حي الاكراد في مدينة دمشق بين عامي ١٢٥٠-١٩٧٩م دراسة تاريخية اجتماعية اقتصادية، الطبعة الاولى، دار آسو، بيروت، ١٩٩٨.
٧٠-فئة من الاساتذة الجامعيين، دراسات في المجتمع العربي، الطبعة الثانية، مطبعة طربين، مديرية الكتب الجامعية، دمشق، ١٩٦٩.



٧١-فلاديمير لوتسكي، الحرب الوطنية التحررية السورية ١٩٢٥-١٩٢٧، ترجمة: د.محمد دياب، راجعه و قدم له: د.مسعود ضاهر، الطبعة الاولى، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٧.
٧٢-د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٤.
٧٣-كونێ رەش، جمعية خويبوون ١٩٢٧ و وقائع ثورة آرارات ١٩٣٠، تقديم و مراجعة: د. عبدالفتاح البوتاني، الطبعة الاولى، مؤسسة موكريانى للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٠.
٧٤-لوسيان رامبو، الكرد والحق، ترجمة: عزيز عبدالاحد نباتي، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.
٧٥-مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان و محاضر اجتماعات العائلة البدرخانية، ترجمة: شكور مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.
٧٦-محمد احسان، كوردستان و دوامة الحرب، الطبعة الثانية، دار ئاراس، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
٧٧-محمد شيرزاد، نضال الاكراد، مطبعة التقدم، القاهرة، ١٩٤٦.
٧٨-محمد طلب هلال، دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية.. الاجتماعية القومية، الطبعة الاولى، رابطة كاوا للثقافة الكردية، مطبعة الاتحاد، برلين، ٢٠٠١.
٧٩-د. محمد عبدالرحمن برج، دراسة في التاريخ الحديث المعاصر، مكتبة الانجلو المصرية، المطبعة الفنية الحديثة، القاهرة، ١٩٧٤.
٨٠-محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكردية الارمنية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٠.
٨١-محمد ملا احمد، صفحات من تاريخ التحرر الوطني في سورية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الاولى، مطبعة اوفست هەولير، اربيل، ٢٠٠١.

٨٢-د. محي الدين السفرجلاني، تاريخ الثورة السورية، دار اليقظة العربية، دمشق، ١٩٦١.
٨٣-م.س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧-١٩٢٣)، ترجمة: د.عبدي حاجي، دار الرازي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١.
٨٤-ملا ع. كوردي، كردستان والاكراد، رابطة كاوا للثقافة الكردية و دار الكاتب، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠.
٨٥-منذر الموصلي، الحياة السياسية و الحزبية في كردستان رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الاولى، رياض الريس للكتب و النشر، لندن، ١٩٩١.
٨٦-منذر الموصلي، عرب و اكراد رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الثانية، دمشق، ١٩٩١.
٨٧-منير المالكي، من ميسلون الى الجلاء (سيرة سياية)، مطابع وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩١
٨٨-مير بصري، اعلام الكرد، رياض الريس، لندن، ١٩٩١.
٨٩-نورالدين زازا، حياتى الكوردية او صرخة الشعب الكردي، ترجمة: روني محمد دملي، دار ئاراس، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
٩٠-هادي رشيد الجاوشلي، دول العالم، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٦.

ج- بەزمانی فارسی

٩١-ادگار أبالانس، جنبش كردها، ترجمهٔ: اسماعيل فتاح قاضي، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧.
٩٢-حسن ارفع، كردها و يك بررسی تاريخی و سياسی، ترجمهٔ: از متن انگليسی، انتشارات سيديان، مهاباد، سال نيست..
٩٣-درك كنان و ديويد آدامسن، كرد و كردستان، ترجمهٔ: جواد هاتفي، مؤسسهٔ مطبوعات عطائی، تهران، سال نيست..



٩٤-فوبليكوف و كرده دبيران، تاريخ معاصر كشورهای عربی ١٩١٧-١٩٧٠، مترجم: م.ح. شهري، چاپ نخست، انتشارات آواه، ١٣٦٠.
٩٥-دكتر ناصر صبح خير- زهرا فراد، سوريه، چاپ اول، چاپخانهٔ رستماخی، ١٣٦٣.

ء — بەزمانی ئینگلیزی

96- GERARD CHALEAND, THE KURDISH TRAGEDY, Translated by Philip Black, ZED Books, LTD, London, 1994.

سێیەم: ئینسکلۆپیدیاکان

أ- بەزمانی عەرەبی

٩٧-احمد الشنتاوي و ابراهيم زكي خورشيد و عبدالحميد يونس، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث عشر، (لام.س).
٩٨-المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة الثانية عشرة، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٨٢.
٩٩-حسن الفكهاني المحامي، موسوعة المعارف الحديثة للدول العربية، الجزء الثالث، الدار العربية للموسوعات، (لام.س).
١٠٠- خالد عبد عبدالمنعم العاني، موسوعة العراق الحديث باللغتين العربية و الانگليزيه، المجلد الثاني، طبع دار العربية للموسوعات، بغداد، ١٩٧٧.
١٠١- عبدالوهاب الكيالي و كامل زهري و آخرون، الموسوعة السياسية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٤.
١٠٢- محمد شفيق غربال، الموسوعة العربية الميسرة، دار نهضة لبنان، بيروت، ١٩٨٠.
١٠٣- محمد فريد وجدي، دائرة المعارف القرن العشرين (الرابع عشر- العشرين)، الجزء الخامس، طبعة دار الفكر، بيروت، (لا.س).

ب- به زمانی فارسی

١٠٤- بابك حقايق و بابك رياحي پور، دايرة المعارف بزرگ، چاپ نخست، انتشارات زرين، جو اول، تهران، ١٣٧٧.

١٠٥- محمود طلوعي، فرهنگ جامع سياسي، نشر علم، چاپ دوم، چاپخانه حيدري، تهران، ١٣٧٧.

ج- بەزمانی ئینگلیزی

١٠٦- The new Encyclopaedia Britannica, volume “28”, fifteen Edition, printed in U.S.A, 1986.



## سێیەم: گۆڤار و رۆژنامەکان

***گۆڤارەکان**

أ- بەزمانی کوردی

١٠٧- ئازاد مستەفا، کورد و دوژمنەکانی، گۆڤاری «پەیڤی نوێ»، ژ"٢"، خولی دووەم، لەندەن، بەهاری ١٩٩٢.

١٠٨- ئالان، دەڤەرا عەڤرین «چیایێ کورمانجا، گۆڤاری «مەتین»، ژ «١٥»، خولی سێ، دهۆك، ك١ ١٩٩٢.

١٠٩- ئیدگار ئۆبلانس، کورتەی زنجیرە رووداوەکان لە شۆڕشی کورددا تاساڵی ١٩٧٠، و: د. سەرتیپ کاکەیی و مەکی ئەلموئمین، گۆڤاری «سەنتەری برایەتی»، ژ «٤»، هەولێر، شوبات ١٩٩٨.

١١٠- ئیسماعیل ئیبراهیم بادی، جارەکادی هۆزانڤانی میللەت پەروەر تیرێژ، گۆڤاری «مەتین»، ژ «٢٠»، خولی سێ، گولآن ١٩٩٣.

١١١- ئیسماعیل ئیبراهیم بادی، د.دێرسمی هەر خورت بوو، گۆڤاری «مەتین»، ژ «٢٣»، دهۆك، ئابی ١٩٩٣.

١١٢- ئیسماعیل ئیبراهیم بادی، سوارچاکێ مەیدانا پێنڤیس جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری «دەنگێ مە»، ژ «٤»، دهۆك، ١٩٨٩.

١١٣- ئی فیلیپ و کرستینە. ئا. کوردەکان پێگەی ئێستایان و باکگراوندی مێژوویی، و. لە ئینگلیزییەوە: سەرتیپ عەلی، گۆڤاری «ژیار»، ژ «٥»، ساڵی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٠.

١١٤- د. بەدرخان سندی، مللینی یا گۆڤارا «هاوار»، گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ»، ژ «١٣٣»، بەغدا، ١٩٩٤.

١١٥- پێ رەش و د.رۆبێرت، ململانێ ی هەرێمایەتی لەسەر ئاوی کوردستان و کاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد، وەرگێرانی: هەژار کامەلا، گۆڤاری «سەرخۆبوون» ژ «٥و٦»، هەولێر، ٢٠٠٠.

١١٦- پێزانی ئالیخانی، پرۆفیسۆرێ کورد د. کامیران بەدرخان، گۆڤاری کاروان، ژ «١٤»، هەولێر، ت٢ ١٩٨٣.

١١٧- پێشهات مزیری، رەشیدێ کورد ١٩١٠-١٩٦٨، گۆڤاری «پەیڤ»، ژ «٥»، دهۆك، ١٩٩٧.

١١٨- حەبیب محەممەد کەریم، ژیانی رامیاری و پارتایەتی لە کوردستان، گۆڤاری «کادر»، ژ «٢٧»، چاپخانەی خەبات، نیسانی ١٩٩٢.

١١٩- حەسەن گوومی، رووناکبیر و تێکۆشەرِ کامیران بەدرخان، گۆڤاری «سەرهلدان»، ژ «١١»، ك١ ١٩٩٣.

١٢٠- دلاوەرێ زەنگی، قەدری جان هۆزانڤان و نووسەر (١٩١١- ١٩٧٢)، گۆڤاری «سەرخۆبوون»، ژ"٥و٦"، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٢١- دەرسخانە، گۆڤاری «هاوار»، ژ «١٧»، سالێ یەکەم، دیمەشق، دووشەمە ٦ ئادار ١٩٣٣.

١٢٢- ریباز محەممەد حەسەن، قەدریجان و بزاڤا هۆزانێ نوێ یا کوردی، گۆڤاری «مەتین»، ژ «٩٧»، دهۆك، شوبات ٢٠٠٠.

١٢٣- رێناس، دامەزراندنی دەوڵەتی سووری و کێشەی کورد لە سووریا، و. لە فەرەنسییەوە: خانی شەرەفکەندی، گۆڤاری «هیوا»، ژ"٧"، پاریس، پاییزی ١٩٩٠.

١٢٤- شڤان دەروێش، ب بیرئانینا وەغەرکرنا میرێ پەیڤان جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری «سەرهلدان»، ژ «٦»، دهۆك، تیرمەها ١٩٩٣.

١٢٥- شەعبان مزیری، جگەرخوێن هۆزانڤانێ گەل، گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ» ، ژ"١٣١"، بەغدا، ١٩٩٨.

١٢٦- شەعبان مزیری، «قەدریجان» ئوکارێ داهینانا هۆزانێ ، گۆڤاری «رۆشنبیرێ نوێ»، ژ «١٤٣»، بەغدا، ١٩٩٩.



١٢٧- شەنگۆ دملی، هەڤپەیڤین بەرێز ئیسماعیل عومەر، گۆڤاری «سەرخۆبوون»، ژ «٢و٣»، هەولێر، پاییزی ١٩٩٩، و زستانی ٢٠٠٠.

١٢٨- عبدالسلام عەلی میرزا، جەلادەت عالی بەدرخان و گۆڤارا «رۆناهی»، گۆڤاری «کاروان»، ژ «٥٧»، هەولێر، تەمووزی ١٩٨٧.

ـــ عبدالغنی عەلی یحیی، ئالە قەمیشێ، گۆڤاری «دەنگێ مە»، ژ"٤"، دهۆك، ١٩٨٩.

١٢٩- عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، شۆرشی دەرسیم «١٩٣٧»، گۆڤاری «یەکبوون»، ژ"١٥"، هەولێر، ئابی ٢٠٠٠.

١٣٠- د. فەرهاد پیربال، بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون «١٩٢٧»، گۆڤاری «سەنتەری برایەتی»، ژ «٧»، تەباخا ١٩٩٨.

١٣١- کاکل محەممەد بەهرام، ئایا دروزەکان کوردن؟ گۆڤاری «هەرێم»، ژ"٢٣٥"، هەولێر، ١٠/١١/١٩٩٩.

١٣٢- کونێ رەش، کۆمەلە دبستان کۆڤار و رۆژنامەیێن کو بەدرخانیان دامەزراندنە و بەشداری دواندە کردنە، گۆڤاری «دهۆك»، ژ «٤»، تەباخا ١٩٩٨.

١٣٣- لاجی حەنی، لەبۆ یەکەتیا زمانێ کوردی، گۆڤاری «هاوار»، ژ"٢٣"، سالێ دووەم، سێ شەمە ٢٥ی تەموزی ١٩٣٣.

١٣٤- لاوێکی کورد، یەکەتیا زمانێ کوردی، گۆڤاری «هاوار»، ژ"٢١"، سالێ دووەم، دووشەمە ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٣.

١٣٥- مصدق توڤی، دەنگدانا شۆرشا شێخ سەعیدی د هۆزانا کوردی دا، گۆڤاری «مەتین»، ژ «٩٠»، دهۆك، تیرمەها ١٩٩٩.

١٣٦- مەغدید حاجی، کاروانە پرِ سەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان، گۆڤاری «کاروان»، ژ"٣٢"، هەولێر، مایسی ١٩٨٥.

١٣٧- ناجى طه بەروارى، رەوشەن بەدرخان ستێرەكا گەشە، گۆڤارى «مەتين»، ژ ٩، دهۆك، حوزەيرانى ١٩٩٢.

**بەرێنووس لاتينى**

١٣٨- گۆڤارى «هيوا»، ژ"٧"، پاريس، پاييزى ١٩٩٠ firat cewerî, Hevpeyvinek bi osman sebri re,

١٣٩- Zinar mistefa, Dr. Ahmad Nafiz welat parêzak heĴabu, گۆڤارى مەتين، ژمارە «٥٨»، دهۆك ١٩٩٦.

**بەزمانى عەرەبى:**

١٤٠- أ.باكاسى، تاريخ الاكراد في شمال سورية، مجلة «الحوار»، العدد «١٥» ربيع ١٩٩٧.

١٤١- باڤێ رێبەر، نظرة على جبل الكرد، مجلة «مەتين»، العدد"٢٩"، دهۆك، ١٩٩٤.

١٤٢- د. بدرخان السندي، قراءة كردية في الثورة السورية، مجلة «كاروان»، العدد"٢٩" اربيل، ١٩٨٥.

١٤٣- احمد فرمان الكيكى و دلالي بريي، الامير جلادت بدرخان، ترجمة عن الفرنسية بتصرف: هجار ابراهيم، مجلة «گولان العربي»، العدد «٢٢»، ايلول ١٩٩٨.

١٤٤- جلال زنگا بادي، لمحة عماقدمه «الكوردي الصغير» ليرخ..!، مجلة « گولان العربي»، العدد «٣١»، اربيل، ك١ ١٩٩٨.

١٤٥- دلاور الزنگى، بدايات نشوء الجمعيات و الحركات الثقافية الكردية في سوريا (صفحات مجهولة)، مجلة «بيرى نوێ- الفكر الجديد»، العدد «١٩»، اربيل، ١٩٩٩.



١٤٦- ر. ل. تسابولوف، دراسة وثائقية علمية حول الاكراد، ترجمة عن الروسية: مزگين ميقري، مجلة «الاتحاد»، العدد"٣١"، برلين، تموز ١٩٩٩.

١٤٧- روجيه لسكو و رينيه بواسو، الصحافة الكوردية، ترجمة و تقديم: هجار ابراهيم، مجلة « گولان العربي»، العدد «٢٣»، اربيل، ١٩٩٨.

١٤٨- شبركوى هاوراى، كوردستان سوريا عز الماضي و ذل الحاظر، مجلة «ئالآى ئيسلام»، العدد «٢»، (لا.م)، ١٩٩١.

١٤٩- صديق عثمان، الذكرى ال"١٩" لرحيل الدكتور كامران بدرخان، مجلة « گولان العربي»، العدد «١٧»، اربيل، ٢٥ت١ ١٩٩٧.

١٥٠- ع. الجزيري، على هامش الحوار الكوردى- العربي العلاقات الكوردية العربية بين التآلف و التحالف تأريخياً، مجلة « گولان العربي»، العدد «٢٤»، آيار ١٩٩٨.

١٥١- عصمت شريف وانلي، الاكراد في سوريا و لبنان، مجلة «دراسات كردية»، العدد٤ «٨»، السنة التاسعة، پاريس، ١٩٩٣.

١٥٢- م. علي العلي، بين دارا و ديوار، مجلة «الكويت»، العدد «١٧٨»، الكويت، آب ١٩٩٨.

١٥٣- غازي حسن، حول الثقافة الكوردية في مائة عام، ترجمة: عبدالحميد زيبارى، القسم الاول، مجلة « گولان العربي»، العدد"٤٧"، اربيل، نيسان ٢٠٠٠.

١٥٤- محمد ملا احمد، فرنسا و الاكراد في سوريا، مجلة «هڤگرتن- الاتحاد»، العدد «٣٤-٣٥»، برلين، نيسان- تموز ٢٠٠٠.

١٥٥- محمود لەوەندى، في رحيله الاخير عثمان صبري ١٩٠٥-١٩٩٣، تقديم و ترجمة: كاروان كادانى، مجلة « گولان العربي»، العدد «٤١»، ت٢ ١٩٩٩.

١٥٦- مەهرداد ازادي، القبائل الكوردية و اماكن تواجدها و التحالف القبلي في كوردستان، ترجمة: معصوم انور مايي، مجلة «گولان العربي»، العدد «٤٣»، اربيل، ك١ ١٩٩٩.

١٥٧- نوری بطرس، لمحة تاريخية عن اكراد الجزيرة ل"عبدالحميد درويش"، مجلة « گولان العربي»، العدد «٥٤»، اربيل، ت١ ٢٠٠٠.

ــ نوشين بيجرماني، معركة بياندور، مجلة «الحوار»، العدد «١٥»، ربيع ١٩٩٧.

١٥٨- هجار ابراهيم، اهواء الترجمة القبائل الكوردية في سوريا «نموذجا»، مجلة «متين»، العدد «١٠٦»، دهوك، ك١ ٢٠٠٠.

١٥٩- هيئة التحرير، الحقيقة الكردية في سوريا بين التجاهل و التعامل، مجلة «الاتحاد»، العدد «٣٠»، برلين، نيسان ١٩٩٩.

## رۆژنامەکان

### أ- بەزمانی کوردی:

١٦٠- د. بەدرخان سندی، رەوشەن بەدرخان خاوەن پێنووسێکی پێشەنگی ئافرەتانە، رۆژنامەی «هاوکاری»، ژ"١٤٧٣"، بەغدا، بەرواری ٨/٦/١٩٩٢.

١٦١- دلاوەر زەنگی، بەشداران و ئابۆنەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڕینی لە کرمانجی سەروو و پیتی لاتینی: عمران کەکۆ، (١لە٢)، رۆژنامەی «میدیا»، ژ"٣٤"، هەولێر، ١٥/٧/١٩٩٨.

١٦٢- غەفور مەخمووری، (کوردستانی بن دەستی سووریا، بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانی گەورەیە)، رۆژنامەی «میدیا»، ژ"٢٤"، هەولێر، شەممە ١٥/١١/١٩٩٧.

### رۆژنامەکان بەزمانی عەرەبی

١٦٣- آثار الجفاف ازمة تستدعي حلول عاجلة، جريدة «الحياة الجديدة jîna Nu» «الجريدة المنطقية لمنظمة الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا»، العدد «٧»، حزيران ٢٠٠٠.

١٦٤- آخر كلام من الاحداث القرن نصف الآخر، جريدة «طريق الشعب»، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد «٢٦٢»، آذار ٢٠٠٠.



١٦٥- الفنان silo koro وداعاً، جريدة «طريق الشعب»، العدد «٢٧٤»، شباط ١٩٩٨.

ــ عثمان صبري مدرسة وطنية و نضاليه، جريدة «طريق الشعب»، العدد «٢٩٥»، ت٢ ١٩٩٩.

ــ ثلاثون سنة على رحيل رشيد كرد، جريدة «طريق الشعب»، العدد «٢٧٤»، شباط ١٩٩٨.

١٦٦- الجلاء و جزاء الكرد، جريدة «الوحدة YEKITI» الجريدة المركزية لحزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا «يكيتي»، العدد «٨٣»، نيسان ٢٠٠٠.

١٦٧- حي الاكراد مركز اشعاع وطني و قومي، جريدة الحياة JÎN»، نشرة منطقية دمشق للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا البارتي»، العدد «٣٠»، ت١، ١٩٩٩.

١٦٨- ديوجينوس قرەخاني، قراءة في الحوار، جريدة «خەبات»، العدد «٧١٢»، اربيل، الاربعاء٢/٢/١٩٩٤.

١٦٩- ذكرى الجلاء، جريدة «الحياة Jîn»، العدد «٣٥-٣٦»، نيسان- آيار ٢٠٠٠.

١٧٠- رسالة سري كانيية، جريدة «طريق الشعب»، العدد «٢٩٠»، حزيران ١٩٩٩.

١٧١- شەپۆل فاخر مێرگەسۆری، جولة سريعة في مجلة «الحوار» العددان «٧-٨» السنة الثانية، جريدة «الاتحاد»، العدد «١٨٩»، اربيل، ٢٢ حزيران ١٩٩٦.

١٧٢- "صوت الاكراد"، جريدة لسان حال اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردي في سوريا «البارتي»، العدد «٢٧٢»، حزيران ١٩٩٧.

١٧٣- في الذكرى الرابعة والخمسين لجلاء المحتل على ارض الوطن، جريدة «الديمقراطي»، العدد «٣١٧»، نيسان ٢٠٠٠.

١٧٤- في ذكرى معاهدة لوزان، جريدة «الديمقراطي»، العدد «٣٣٧»، تموز ١٩٩٨.

١٧٥- عادل اليزيدي، تاريخ سورية و الدور الوطني الكردي، جريدة «الشرق الاوسط»، العدد «٦٩٠٤»، لندن، الخميس ٢٣-١٠-١٩٩٧.

١٧٦- ع. الملا، غرب كردستان، جريدة «ميديا»، العدد «٧٧»، السنة الرابعة، اربيل، الاثنين ٢٣-١٠-٢٠٠٠.

١٧٧- كلمة لابد منها حول مقال منذر الموصلي في مجلة سوراقيا، جريدة «الديمقراطي»، العدد «٣٧٥»، حزيران ١٩٩٩.

١٧٨- مشاغل على طريق اوصمان صبري، جريدة «صوت الاكراد»، العدد «٢٨٨»، حزيران ١٩٩٨.

١٧٩- معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة «طريق الشعب»، العدد «٢٧٨»، حزيران ١٩٩٨.

١٨٠- من مظاهر التفرقة القومية تعريب الاسماء، جريدة «الديمقراطي»، العدد «٣٧٢»، شباط ٢٠٠٠.

١٨١- ناصر الرباط، صورة البطل صلاح الدين الايوبي في الخطاب العربي المعاصر، جريدة «الديمقراطي»، العدد «٣١٥»، شباط ٢٠٠٠.

١٨٢- نذير جزماتي، الدكتور اسماعيل بيشكجي، الابن البار للشعب التركي يتسلم جائزة عثمان صبري، جريدة «ميديا»، العدد «٧٧»، ٢٠٠٠/١٠/٢٣.

١٨٣- هل تعلم، جريدة «الحياة Jîn»، العدد «٣٢-٣٣»، شباط ٢٠٠٠.

١٨٤- هل تعلم، جريدة «الحياة Jîn»، العدد «٣٤»، اذار ٢٠٠٠.